


## بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان
## لە پەنێلێکی «کۆربەر فاوەندەیشن»ی ئەڵمانیدا

هێمن هەورامی:

# دەوڵەتی کوردستان پرۆسەیەکە دەستی پێکردووە و دەمانەوێت بە شێوەیەکی ئاشتییانە ئەم دەوڵەتە دابمەزرێت

**کۆربەر فاوەندەیشن یەکێکە لە دامەزراوەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە لە ئەڵمانیا و ساڵانە کۆڕبەندی سیاسەتی دەرەوە لە بەرلین گرێدەدات، بۆ ئەمساڵ یەکێك لە پەنێڵەکانی ناونیشانی (بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان)ـی وەرگرتبوو. لەم پەنێڵەدا هێمن هەورامی ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بانگهێشت کرابوو، کە زیاتر لە ٣٠٠ پرۆفیسۆر و ئەکادیمی و توێژەر لەسەر ئاستی زانکۆ جیاوازەکان ئامادە بوون، هێمن هەورامی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەستی پێکردووە و ئێستا لە قۆناخی بونیادنانی پایە گرنگەکانی ئەو دەوڵەتەداین و پەرلەمانی کوردستانیش یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستانی پەسەند کردووە و بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم کۆمسیۆنە ریفراندۆم ئەنجام بدات، بەرەنجامی ئەم ریفراندۆمە دەکەینە بنەما بۆ ئەوەی لەگەڵ عێراق و دەوڵەتانی دراوسێی و جیهان دانوستاندن بکەین بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاشتییانە دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێت، لەبەر گرنگی ئەم پەنێڵە گوڵان بە پێویستی زانی قسەکانی هەورامی بڵاو بکاتەوە.**

### ● لە نێوان عێراقی بوون و کوردبووندا

لە سەرەتای پەنێڵەکە ئەو پرسیارە رووبەڕووی هێمن هەورامی کرایەوە، بەوەی ئایا لە کەیەوە هەست بە کوردبوونی خۆت دەکەیت؟ لەوەڵامدا هەورامی گوتی: «ئەگەر زۆر بە راشکاوی بدوێم ئەوا هەرگیز هەستم نەکردووە عێراقیم، لە بەر ئەوەی عێراق دەوڵەتێکی دەستکردە و ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی ساڵانی بیستەکان ئەوا دەوڵەتێك نەبووە بە ناوی عێراق، بەڵکو سێ ویلایەتی سەر بە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەبوون. هەروەها ئێمە تەنیا ئێش و ئازارمان لە عێراقدا بینیوە، هەمیشە دووچاری نەهامەتی و خراپەکاری بووینەتەوە لەسەر دەستی حکومەتەکانی عێراق. هەرگیز هەستمان نەکردووە هاووڵاتی ئەم وڵاتەین و ئەوەی بینیومانە کاولکاری ٤٥٠٠ گوندی کوردستان و گۆڕی بەکۆمەڵ و بۆردوومانی کیمیایی و شاڵاوی ئەنفال بووە کە ١٨٢ هەزار کەسی تێدا بە زیندوویی خرانە چاڵەوە و تەنیا توانیومانە ٥ هەزار روفاتیان بدۆزینەوە. هەروەها کورد زمان و کەلتوور و ناسنامەی جیاوازی خۆی هەیە. ئێمە پرسمان پێنەکراوە، کاتێك کراوینەتە بەشێك لە عێراق، ئێستاش دەمانەوێت خۆمان وڵاتی خۆمان بەڕێوەببەین. هەروەها دەمەوێت باسی ئێستاش بکەم و ئاماژە بەوە بکەم تەنیا ستەم و ناڕەوایەتییەکانی رابردوو نین کە وایان لێکردووین هەست بە عێراقی بوون نەکەین، بەڵکو لە رۆژگاری هاچەرخیشدا دووچاری ستەم بووینەتەوە. سەددام حوسێن کە حوکمڕانیی عێراقی کرد و هەموو تاوانێکی دژ بە کورد ئەنجام دا، بەڵام پەنای بۆ بڕینی بودجەی کوردستان نەبرد، بەڵام حکومەتی ئێستای عێراق ئەم کارەی کردووە. وێنای ئەوە بکەین کە تەنانەت لە عێراقی نوێدا کە هیوای ئەوەمان دەخواست ببێتە عێراقێکی فیدراڵی و فرەیی و عەلمانی، کەچی ئێستاش کورد وەك شەریك قبووڵ ناکەن، لەبەر ئەوە ئێمەش پاشکۆیەتی قبووڵ ناکەین. کەواتە ئێمە نامانەوێت ببینە بەشێك لەو بارودۆخە پڕ لە پشێوییەی عێراقی تێکەوتووە. ئێمە لە کوردستانی عێراقدا دەستمان داوەتە پرۆسەیەك کە بریتیە مومارەسەرکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس.

### ● پێوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا

سەبارەت بە تێڕوانینی هەرێمی کوردستان بۆ پێوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا و هەڵویستی هەرێم لەسەر پرسی کورد لە تورکیا، لە بەشێکی دیکەی پەنێڵەکەدا هەورامی ئاماژەی بەوە کرد، هەمیشە تێڕوانینی کوردستان لە ئاست تورکیادا لەسەر بنەمای دوو گۆڕاو بووە، پێوەندی تورکیا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و سیاسەتی تورکیا لە ئاست کێشەی کوردی وڵاتەکەی. لە دوای دامەزراندنی تورکیای مۆدێرنەوە، کێشەی کورد بە تواندنەوە و نکۆڵی لێکردن و تێنەگەیشتنەوە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. کاتێك لە ساڵی ١٩٥٦ پەخشی کوردی لە ئەنقەرە کرایەوە، حکومەتی تورکیا نامەیەکی بە باڵیۆزی وڵاتەکەی لە میسردا بۆ جەمال عەبدولناسر نارد و میسری بەوە تۆمەتبار کرد کە دەستوەردەداتە ئاسایشی نەتەوەیی تورکیاوە، بەڵام عەبدولناسر بە باڵیۆزی تورکیا راگەیاند ئایا کورد لە تورکیا هەن، وەڵامی باڵیۆز نەخێر بوو، جەمال عەبدولناسریش پێی وت: کەواتە چۆن ئێمە دەستێوەردان لە ئاسایشی ناوخۆیی ئێوە دەکەین؟

لە ئێستادا دەبێت دان بەوەدا بنێین کە ساتەوەختی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هاتووە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆن لە ئارادا نەماوە. کوردستانیش بە سەر چوار دەوڵەتدا دابەش کراوە کە هەر یەکەیان هەل و مەرجی تایبەتی خۆی هەیە. لە روانگەی هەولێرەوە باوەڕمان وایە

**باشترین هەنگاو لە تورکیا ئەوەیە ئۆجەلان ئازاد بکرێت و خۆی سەرکردایەتی گفتوگۆی سیاسی بکات لە تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و لێخۆشبوونی گشتی بۆ ئەوانەی شاخ دەربکرێت و رێگە بدرێت کورد بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن و پەرەپێدان ئابووری هەبێت لە ناوچەکانیاندا و ئیدارەیەکی نامەرکەزی هەبێت لەو شوێنانەی زۆرینەی کوردن**

**یەکێک لە هەڵە گەورەکانی ئێمە لە سەروەختی گفتوگۆکانماندا لە بارەی دەستووری عێراقەوە ئەوە بوو رازی بووین بە دەستەواژەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، چونکە ئەو ناوچانە لە رووی مێژوویی و جوگرافییەوە بەشێکن لە کوردستان، بەتایبەتی کەرکووک کە سەرکردەی رۆحیی کورد، مەلا مستەفا بارزانی بە دڵی کوردستانی ناو بردووە**

**ئێمە بە دۆستە تورکەکانمان وتووە کە با کورد لە تورکیادا هەمان ئەو مافانەی هەبێت کە تورکمانی کوردستانی لە هەرێمی کوردستان هەیانە**

**ئێستا کوردستان بۆتە ناوچەیەکی ئارام بۆ پێکهاتەکانی دیکەش هەر بۆ نموونە لە کۆی ٣٥٠ هەزار مەسیحی عێراق ٣٣٠ هەزاریان لە کوردستاندان، چونکە ئێرە تاکە شوێنە بتوانن تێیدا بژین. هەروەها ئێمە مافی ئەوەمان دەستەبەرکردووە نەتەوەکانی دیکە بە زمانی خۆیان بخوێنن**

گۆڕانکاری لە تورکیادا روویداوە و ئەمەش پێشوازی لێدەکەین و پشتیوانیمان لەم پرۆسەیە کردووە و هەرگیز باوەڕمان بەوە نەبووە بتوانرێت بە رێی توندوتیژییەوە هیچ شتێك لە تورکیا بەدەست بێت. تورکیاش لە رێی ئۆپەراسیۆنی سەربازی، یان نکۆڵیکردن، یان تواندنەوەوە نەیتوانیوە کێشەی کورد لە وڵاتەکەیدا چارەسەر بکات. تێڕوانینی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ـەوە تاوەکو ٢٠٠٣ و ماوەیەك دواتریش تێڕوانینێکی ئەمنییانە بوو، واتە تورکیا هەرێمی کوردستانی بە سەرچاوەی ناسەقامگیری دەزانی و بە ئاگرخۆشکەری دابەشبوونی تورکیای لە قەڵەم دەدا. بەو پێیە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بە سەرچاوەی هەڕەشە دەزانی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی، بەڵام کوردستانی عێراق سەلماندی کە هەڕەشە نییە بۆ سەقامگیری ناوچەیی و بۆ سەر ئاسایشی ناوچەیی. دەکرێت هەرێمی کوردستان رەسیدێك بێت بۆ تورکیا بۆ هاوسەنگی ناوچەیی ئەم وڵاتە، نەك هەڕەشە بێت بۆ سەر سەقامگیری ناوچەیی تورکیا. هەروەها هەرێمی کوردستان سەلماندی تەنانەت لە رووی ئابووریشەوە دەتوانێت ببێتە شەریکی تورکیا، چونکە لە کۆی ١٢ ملیاری قەبارەی بازرگانی نێوان عێراق و تورکیا، ٩ ملیاریان لەگەڵ هەرێمی کوردستانە و لە کۆی ٣ هەزار کۆمپانیای بیانی لە کوردستاندا ١٣٠٠ کۆمپانیایان تورکین. لە بیرمانە لە تورکیا بە سەرۆك بارزانی و سەرۆك تاڵەبانی دەوترا سەرۆك خێڵ، بەڵام ئێستا ئیعتیرافیان بە کوردستان کردووە و قونسولگەری تورکیا لە هەولێر کراوەتەوە و پێوەندییەکی ئابووری باشتریان بنیادناوە. لە شەڕی داعشدا ئێمە چاوەڕوانی زیاتر لە تورکیا دەکەین. لەبەر ئەوەی هەردوولا پێویستمان بە یەکترە، تورکیا دەروازەی ستراتیژیە بۆ ئێمە بەرەو جیهان بۆ بۆرییەکانی ئێمە. تورکیاش ناتوانێت گرنگیی کوردستان بۆ هاوسەنگی ناوچەیی فەرامۆش بکات. هەروەها هەرێمی کوردستان بۆتە پەرژینێك بۆ ئاسایشی باشووری تورکیا لە بەرامبەر ئەو ناکۆکییە لە نێوان شیعە و سوننەدا هەیە لە عێراقدا. ئێمە باوەڕمان وایە لە ناوخۆی تورکیاشدا بەدیلی پرۆسەی ئاشتی لە ئارادا نییە. راستە پرۆسەی ئاشتی کۆتایی هاتووە، بەڵام دەبێت ئیرادە و توانا و باوەڕمان بە پرۆسەی ئاشتی هەبێت، چونکە بەدیلەکە درێژەکێشانی خوێنڕێژیە کە دەرکەوت ئەوەش شکستی بە دوادا دێت. لە راستیدا ئێمە زۆر نیگەرانین لە هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوان تورکیا و پەکەکە، لەبەر ئەوەی ئەمە ناسەقامگیری زیاتری لێدەکەوێتەوە لە ناوچەکە و هەروەها لە تورکیاشدا.

تورکیا بەهێزتر دەبێت ئەگەر بتوانێت چارەسەرێکی دیموکراتی و ئاشتییانە بۆ کێشەی کوردی وڵاتەکەی بدۆزێتەوە. ئێمە قسەمان لەگەڵ سیاسییەکانی کورددا کردووە و پەیاممان ناردووە بۆ پەکەکە کە پێویستە ئەو ساتەوەختە بقۆزنەوە. لەبەر ئەوەی هەر هەڵێکی سیاسی و هەر بەشداریەکی دیموکراسی لە پەرلەمان و حکومەتدا دەرئەنجامی ئیجابی لێدەکەوێتەوە. ئێمە هیوامان خواست هەدەپە کە ٨٠ کورسی بەدەستهێنا لە پەرلەماندا بچێتە نێو حکومەتەوە بۆ ئەوەی لە ناو حکومەتەوە برەو بە پرۆسەی ئاشتی بدەن و مەرجەکانی خۆیان بەسەر ئاك پارتی-دا بسەپێنن. لە روانگەی هەولێرەوە هەوڵمانداوە هەمیشە ئەوە بە هەردوولا- بە حکومەتی تورکیا و پەکەکە و هەدەپە- رابگەیەنین کە ئامادەین ببینە بەشێك لە چارەسەری ئاشتییانە، بەڵام نابینە بەشێك لە چارەسەری ئەمنی و سەربازی بۆ هیچ لایەکتان. لەبەر ئەوەی باوەڕمان وایە ئەمە بێ ئەنجامە. باوەڕمان وابوو ئۆجەلان ئەدرێسێکی زۆر باشە بۆ ئەوەی رووی تێبکرێت و گفتوگۆی لەگەڵدا بکرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد. بەڵام هەندێ لە کەسانی سەرسەختی ناو پەکەکە و حکومەتی تورکیا ئەوەیان لەبەرچاو نەگرت کە ئۆجەلان بتوانێت رۆڵێکی باشتر ببینێت. کەواتە باشترین لایەن مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت ئۆجەلان و هەدەپەیە، بەڵام هەندێ کەسانی سەرسەختی قەندیل رێگەیان بەمە نەدا. هەروەها دەبێت گۆڕانکاری لە عەقڵییەتیشدا بێتەئاراوە، نابێت کورد وەك کارتێك بۆ بردنەوەی دەنگ لە هەڵبژاردنەکان، یان بۆ ئەوەی رکابەرەکان دەنگ لە دەست بدەن بەکار بهێندرێت. چونکە ئەمە سەرناکێشێت بۆ چارەسەرێکی درێژخایەن بۆ پرۆسەی ئاشتی لە تورکیادا. ئێمە پێوەندی زۆر باشمان لەگەڵ هەدەپە هەیە و سەردانی بارەگا سەرەکییەکەیانمان کرد لە ئەنقەرە و ئەزموونی خۆمانمان بۆ خستنەڕوو، پێویستە ئەوان پتر ئارامگری و زیاتری عەمەلی و پراگماتی بن و دەست لە گەمەی سەد و سفر، یان سیاسەتی هەموو شتێك، یان هیچ هەڵگرن. هەروەها باوەڕمان وایە چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا تەنیا بە پرسیارێتی ئاك پارتی نییە، بەڵکو سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی تورکیا دەبێت شان بدەنە بەر ئەم بەرپرسیارێتیە.

**● داعش دەرهاویشتەی کێشەکەیە نەك ریشەی کێشەکە**

بەشێکی دیکەی پەنێڵەکە باسکردنی مەترسی و سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش بوو، وەك هەڕەشەیەك بۆ کۆی مرۆڤایەتی، لەسەر ئەم پرسەش، بەرپرسی

پێوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەمجۆرە بۆ ئامادەبووان بۆچوونی هەرێمی کوردستانی خستەڕوو: «داعش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نیشانەی نەخۆشییەکەیە، نەك خودی نەخۆشییەکە، دەرئەنجامی دەوڵەتی شکستخواردوو و سوپای شکستخواردووی عێراق و سووریایە، چونکە بوونە سوپای تائیفەگەری، بەتایبەتی لە عێراقدا بووە سوپای شیعە لەسەر دەستی مالیکی و بە سەرکردایەتی مالیکی، هەروەها دەرهاویشتەی نەبوونی ناسنامەیە نەتەوەیی لەم دوو وڵاتەدا. لەبەر ئەوە بۆ چارەسەرکردنی دەبێت قووڵ رۆبچینە ناو پرسەکە و هۆکارە ریشەییەکانی چارەسەر بکەین. چونکە داعش گوزارشتە لە توندوتیژی و تیرۆر و پرۆسەی بە رادیکالیزەبوون. پێش داعش ئەلقاعیدە هەبوو، پێش ئەلقاعیدە رادیکاڵیەتی سوننە و شیعە هەبوو، هەواڵە ناخۆشەکە ئەوەیە دوای داعشیش جۆری جیاواز و رەنگی جیاوازی رادیکاڵییەت سەرهەڵدەدەنەوە. داعش لە کوردستاندا هەڕەشەیەکی ناوچەیی نییە، بەڵکو هەڕەشەیەکی جیهانیشە. کەواتە ئەگەر کۆدەنگییەك لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دروست بێت بۆ تێکشکاندنی داعش، ئەوا زۆر یارمەتیدەرە بۆ ئێمە. بە دڵنیاییەوە کوردستان هێزی زەمینی ئەوروپا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، ئەگەر ئەوانیش دەیانەوێت ئەم هێزە زەمینییەی ئەوان سەرکەوتوو بێت، ئەوا بەلای کەمەوە زەروورە چەکی پێویست بنێرن بۆ پێشمەرگە کە لەسەر زەمین شەڕ دەکەن، وەك چەکی میلانی دژە تانك. پێشمەرگەیەك کە بە چەکی میلان سێ تانکی داعشی تێکشکاندبوو، هاوسەرکەشی دووگیان بوو، دوای هەفتەیەك کە مناڵەکەیان لە دایك بوو، لە خۆشی چەکەکە ناوی میلان ـــی بۆ منداڵەکەی هەڵبژارد.

**● ئەگەر کوردستان دەوڵەت بووایە ئەوا لە دۆخێکی باشتردا دەبوو**

لایەنێکی دیکە کە پەنێڵکە شێوازێکی بەراوردکاری پێدابوو سەبارەت بە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و رۆڵی هەرێمی کوردستان لەم شەڕەدا. بۆیە ئەو پرسیارە هاتەئاراوە: ئەگەر کوردستان دەوڵەت بووایە تاچەند دەیتوانی رۆڵێکی باشتر بگێڕێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا هەورامی گوتی: «ئەگەر کوردستان دەوڵەت بووایە ئەوا بێگومان کاری زیاتری پێدەکرا. چونکە بەهۆی ئەوەی دەوڵەت نین، ئەوا زۆر دەوڵەت ئامادە نین چەکمان پێبدەن و هەموو شتێك دەبێت لە بەغداوە بێت، ئێمەش دەزانین دۆخی بەغدا چەند پشێوە. کوردستان و پێشمەرگە شکستی زۆریان بەسەر داعشدا هێناوە. شکست لە رووی فیزیکی و دارایی و هەڵمەتی راگەیاندنیشەوە. داعش نەیتوانی لە ئاست کوردستاندا براوە بێت، بەوەی بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەوان نوێنەری راستەقینەی سوننەن، لەبەر ئەوە شەڕی راگەیاندنیان لە دژی کوردستان دۆڕاندووە. لە رووی جوگرافییەوە ئێمە توانیومانە ٢٧ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە لە دەستی داعش رزگار بکەین و پارێزگاری لێبکەین و ئیدارەشی بکەین. کەواتە لە روانگەی ئێمەوە دەکرێت داعش تێکبشکێندرێت، ئەگەر هاتوو کاراکتەرە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان گەیشتنە کۆدەنگییەك کە ئەولەوییەتی یەکەم تێکشکاندنی داعش بێت، بەڵام بە داخەوە لە ئێستادا جیاوازی هەیە لەم رووەوە و لەسەر ئاستی ناوچەییش هەندێ وڵات داعش وەك کارتێك بۆ لاوازکردنی رکابەرکانیان لە رووی جیوپۆلەتیکییەوە بەکار دەهێنن، کە دەبێت ئەم تێڕوانینە بگۆڕێت. هەروەها ئێمە سوپاسی حکومەت و گەڵ و هێزە چەکدارەکانی ئەڵمانیا دەکەین بۆ ئەو هاوکارییانەی پێشکەشیان کردووە بە ئێمە. ئەڵمانی یەکێك بوو لە باشترین هاوپەیمانەکانی کوردستان لە شەڕی دژی داعشدا، بەڵام بواری ئەوە هەیە زیاتر هاوکاریمان بکەن و پشتیوانیمان بکەن. ئێمە داوادەکەین چەکی باشترمان هەبێت لە داعش، بەڵام تا ئێستا پێشمەرگە چەکی پێویستی بەدەست نەگەیشتووە. بۆ نموونە، لە کۆی ١٣٠٠ پێشمەرگەی شەهید و ٧ هەزار بریندار لە سەدا ٧٣یان بەهۆی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو و بۆمبی چێنراوەوە بووە. ئێمە هێزی زەمینی ئێوەین و بۆ ئەوەی ئەم هێزەشتان سەرکەوتوو بێت، ئەوا پێویستە دەست لە سیاسەتی عێراقی یەکگرتوو هەڵگرن، عێراق بە ناو و لەسەر نەخشە یەکگرتووە، بەڵام لە رووی واقیعەوە دابەش بووە. نکۆڵیکردن لەم واقیعەش یارمەتیدەر نابێت بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی درێژخایەن لە دژی تیرۆریزم. دەبێت ئێوە هاوکار و پشتیوانی کوردستان بکەن. کەواتە کوردستان باشترین ئەدرێسە بۆ تێکشکاندنی داعش لە ناوچەکەدا و حیساباتی ستراتیژی ئێمە ئەوەیە کوردستان ببێتە دەوڵەتی سەربەخۆ، چونکە بەغدا خاوەن دەوڵەتێکی شکستخواردووە، کوردستانیش نایەوێت ببێتە بەشێك لەو دەوڵەتە شکستخواردووە.

**● لە رووی وەرگرتنی پەنابەر و ئاوارەوە باری سەر شانی کوردستان لە ئەوروپا قورسترە**

سەبارەت بەو رەوشە نەخوازراوەی ئەوروپا بەدەست پەنابەرانەوە رووبەڕووی بۆتەوە، بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان باسی لە هەندێك لایەنی دیکە کرد کە بوونەتە بارقورسی بە سەر هەرێمی کوردستانەوە و لەمبارەوە گوتی: «لە ئێستادا ئەوروپا

**تەنیا دوو ملیۆن پەنابەر روویان کردۆتە هەموو ئەوروپا، لە کاتێکدا کوردستان سەرەرای شەڕی داعش و بڕینی بودجە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە دوو ملیۆن پەنابەر و ئاوارەی ناوخۆیی داڵدە داوەو ئاسایش و ئارامی بۆ دەستەبەر کردوون**

**پێویستە دەست لە سیاسەتی عێراقی یەکگرتوو هەڵگرن، عێراق بە ناو و لەسەر نەخشە یەکگرتووە، بەڵام لە رووی واقیعەوە دابەش بووە. نکۆڵیکردن لەم واقیعەش یارمەتیدەر نابێت بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی درێژخایەن لە دژی تیرۆریزم**

**لە رووی جوگرافییەوە ئێمە توانیومانە ٢٧ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە لە دەستی داعش رزگار بکەین و پارێزگاری لێبکەین و ئیدارەشی بکەین. کەواتە لە روانگەی ئێمەوە دەکرێت داعش تێکبشکێندرێت، ئەگەر هاتوو کاراکتەرە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان گەیشتنە کۆدەنگییەک کە ئەولەوییەتی یەکەم تێکشکاندنی داعش بێت**

**ئەگەر کوردستان دەوڵەت بووایە ئەوا بێگومان کاری زیاتری پێدەکرا. چونکە بەهۆی ئەوەی دەوڵەت نین، ئەوا زۆر دەوڵەت ئامادە نین چەکمان پێبدەن و هەموو شتێک دەبێت لە بەغداوە بێت، ئێمەش دەزانین دۆخی بەغدا چەند پشێوە**

**پێشمەرگەیەک کە بە چەکی میلان سێ تانکی داعشی تێکشکاندبوو، هاوسەرکەشی دووگیان بوو، دوای هەفتەیەک کە مناڵەکەیان لە دایک بوو، لە خۆشی چەکەکە ناوی میلان —ی بۆ منداڵەکەی هەڵبژارد**

**کوردستان هێزی زەمینی ئەوروپا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، ئەگەر ئەوانیش دەیانەوێت ئەم هێزە زەمینییەی ئەوان سەرکەوتوو بێت، ئەوا بەلای کەمەوە زەرووره چەکی پێویست بنێرن بۆ پێشمەرگە کە لەسەر زەمین شەڕ دەکەن**

رووبەڕووی شەپۆلێکی پەنابەردان بۆتەوە کە دووچاری حاڵەتێکی هیستریای کردوون، بەڵام ئەگەر لە ژمارەکان بڕوانین، ئەوا تەنیا دوو ملیۆن پەنابەر روویان کردۆتە هەموو ئەوروپا، لە کاتێکدا کوردستان سەرەرای شەڕی داعش و بڕینی بودجە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە دوو ملیۆن پەنابەر و ئاوارەی ناوخۆیی داڵدە داوەو ئاسایش و ئارامی بۆ دەستەبەر کردوون، ئەمە لە کاتێکدا حکومەتی عێراق هەموو مانگێك مووچەی تەواو بۆ مووچەخۆرانی ژێر دەسەڵاتی داعش لە موسڵ دەنێرێت، و مووچەی فەرمانبەرانی کوردستانی بڕیوە کە پارێزگاری لە دوو ملیۆن ئاوارەی ناوخۆیی و پەنابەر دەکات.

## ● دەمانەوێت دەوڵەتی کوردستان بە ئاشتییانە رابگەیەنرێت

پەنێڵەکە ناونیشانەکەی «بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان» بوو، بۆیە ئەو پرسیارەش رووبەڕووی هێمن هەورامی کرایەوە: ئایا کەی و چۆن ئەم دەوڵەتە رادەگەیەندرێت؟ سەبارەت بەم پرسیارەش راشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە پرسی دەوڵەتی کوردستان پرۆسەیەکە و دەستی پێکردووە، کوردستان سەلماندوویەتی کە سەرچاوەی سەقامگیرییە، نەك ناسەقامیگری لە ناوچەکەدا، گوتیشی: «ئێمە دەمانەوێت سەربەخۆییەکە بە ئاشتییانە و بە دیالۆگ و بە راپرسی ئەنجام بدرێت و بە سەرپەرشتی چاودێرانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بێت، نامانەوێت لە رێی توندوتیژی و بە سەپاندنی دۆخێکی سەربازی بێت. دەمانەوێت مومارەسەی مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆمان بکەین، ئەمەش تەنیا لە کوردستانی عێراقدا روو بدات. ئێمە ئەجێندای فراوانخوازیمان نییە. گۆڤاری ئیکۆنۆمیست، کە ژمارەیەکی تایبەتی بۆ کوردستان تەرخان کرد بۆ ساڵی ٢٠١٣ و نیوەی ساڵی ٢٠١٤، لە دەرئەنجامدا گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە لەسەر ریزبەندی ئاشتی جیهان لە کۆی ١٦٣ دەوڵەت، کوردستان لە ریزبەندی ١١٥یەمین وڵاتدا بوو، بەڵام عێراق لە ریزبەندی ١٦٠ـەمیندا بوو. لە رووی سەقامگیری و ئاسایشەوە لە کۆی ١٨٣ وڵات کوردستانی عێراق لە ریزبەندی ٨٣ـەمین بوو، لە کاتێکدا بەشە عەرەبیەکەی عێراق لە ریزبەندی ١٨١ـەکەمین وڵات بوو. تەنانەت لە رووی پەرەپێدانی مرۆیی و ژینگەی سیاسیشەوە لە پێش کرواتیا و هیندستان و بەرازیل-ەوە بوو. کەواتە کوردستان دەوڵەتێکی کارایە، راستە کەم و کوڕی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیومانە بەها و بەرژەوەندی هاوبەش دەستەبەر بکەین. کەواتە دەوڵەتی کوردستان مایەی سەقامگیری زیاترە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەرەپێدانی بەها دیموکراتییەکان لەم ناوچەیەدا. ئێمەش لە کوردستان پرۆسەی دەوڵەتمان دەست پێکردووە، کە پێویستی بە بنیادنانی دامەزراوەکان و ئابووری سەربەخۆ و درووستکردنی سوپا هەیە، بەڵام لە ئێستادا ئەولەوییەتی ئێمە تێکشکاندنی داعشە. بۆ نموونە لە مانگی تەمووزدا سەرۆکی هەرێم لە پەرلەماندا داوای پێکهێنانی کۆمسیۆنی سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکانی کرد بۆ رێکخستنی راپرسی و ئێستاش ئەو کۆمسیۆنە دروست بووە. لە مانگی شووباتی ساڵی ٢٠١٤ـەوە حکومەتی عێراق بودجەی کوردستانی بڕیوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش توانیومانە پیشەسازی نەوت دروست بکەین و ئەگەر سەربەخۆ بین ئەوا دەتوانین لە سەدا ٢٥ بۆ ٣٥ی پێداویستی گازی سرووشتی ئەوروپا دابین بکەین و دەبینە ٩یەمین گەورە وڵات لە رووی یەدەگی نەوتەوە. هەروەها هەوڵ دەدەین لە ناوخۆدا کۆدەنگییەك دروست بکەن و دیالۆگ لەگەڵ تورکیا و ئێران و بەغدا و تەنانەت ئەمەریکا و ئەوروپاش بکەین. چونکە ئەگەر سەربەخۆ بین، ئەوا دەبینە هاوپەیمان و دەتوانن کارمان لەگەڵدا بکەن و دەبینە بەشێك لە سەقامگیری ناوچەکە. لە راستیدا دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئێمە لە عێراق جیا نابینەوە، بەڵکو عێراق لە ئێمە جیا دەبێتەوە. چونکە ئەوان ئێمە وەك شەریك قبووڵ ناکەن. ئەگەر بە راستی عێراق دیموکرات و فیدڕاڵ و فرەیی و عەلمانی بێت، ئەوا ئێمە وەك هەرێمێکی فیدڕاڵی بەهێزتر دەبووین لە دەوڵەتێکی سەربەخۆی سنووورداخراو، بەڵام بەداخەوە عێراق دەوڵەتێکی شکستخواردووی تائیفەگەرە و دەستوور جێبەجێ ناکات. بۆچوونی شەخسی منیش ئەوەیە لە ماوەی ٣ بۆ ٥ ساڵی دیکەدا ئێمە راپرسی دەکەین، دوای ئەوەش یەکەم پایتەخت کە رووی تێدەکەین بۆ پرسی سەربەخۆیی بەغدایە- چونکە راپرسی جیایە لە راگەیاندنی سەربەخۆیی-. هەروەها ئێستا کوردستان بۆتە ناوچەیەکی ئارام بۆ پێکهاتەکانی دیکەش هەر بۆ نموونە لە کۆی ٣٥٠ هەزار مەسیحی عێراق ٣٣٠ هەزاریان لە کوردستانندان، چونکە ئێرە تاکە شوێنە بتوانن تێیدا بژین. هەروەها ئێمە مافی ئەوەمان دەستەبەرکردووە نەتەوەکانی دیکە بە زمانی خۆیان بخوێنن، وەك تورکمان کە کۆتای لە سەدا پێنج- یان هەیە بۆ پەرلەمان و وەزیریان هەیە و قوتابخانەی تایبەت بە خۆیان هەیە و لە رووی یاساشەوە قەدەغەیە پیان بڵێین کەمینە. ئێمە بە دۆستە تورکەکانمان وتووە کە با کورد لە تورکیادا هەمان ئەو مافانەی هەبێت کە تورکمانی کوردستانی لە هەرێمی کوردستان هەیانە و زیاتر نا.




### ● پرسی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ئەو هەڵەی لە دەستووری عێراقدا کرا

سەبارەت بە گەڕانەوەی ناوچە دابڕێنراوەکانی هەرێمی کوردستان وەك پرسێك کە دەبێت لەگەڵ حکومەتی عێراقدا چارەسەر بکرێت، لەبەر ئەوەی لە دەستووری عێراقدا بە ناوچەی ناکۆکی لەسەر تۆمارکراوە، ئایا چۆن ئەم پرسانە یەکلایی دەکەنەوە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا هەورامی گوتی: «یەکێك لە هەڵە گەورەکانی ئێمە لە سەروەختی گفتوگۆکانماندا لە بارەی دەستووری عێراقەوە ئەوە بوو رازی بووین بە دەستەواژەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، چونکە ئەو ناوچانە لە رووی مێژوویی و جوگرافییەوە بەشێکن لە کوردستان، بەتایبەتی کەرکوك کە سەرکردەی رۆحیی کورد، مەلا مستەفا بارزانی بە دڵی کوردستانی ناو بردووە، ئەم شارە بووە ئامانجی بە عەرەبکردن. ئێمە رازی بووین بەوەی بارودۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە و سەرژمێری بکرێت و راپرسی بکرێت، بەڵام حکومەتی عێراق ١١ ساڵە هیچی نەکردووە لەم رووەوە. ئێستا پێشمەرگە نزیکەی ١٠٠٪ی خاکی کوردستانی کە لە رووی مێژوویی و جوگرافییەوە کوردستانن، کۆنترۆڵ کردووە، ئێمە ئاسایش و ئارامیمان بۆ ئەو ناوچانە دەستەبەر کردووە و ئامادەشین راپرسی بکەین و خەڵکی ئەو ناوچانە خۆیان بڕیار بدەن، ئایا دەبنە بەشێك لە دەوڵەتی داهاتووی کوردستان، یان لەگەڵ عێراقدا دەمێننەوە.

### ● هەر بەشێکی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە

هەر سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و سنووری ئەو دەوڵەتەی دادەمەزرێت و کاریگەری لەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەورامی بۆ ئامادەبووانی روونکردەوە: «ئێمە ناتوانین ئەزموونی خۆمان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دووبارە بکەینەوە، هەروەها ئەجێندای فراوانخوازیمان نییە. باوەڕمان وایە باشترین رێگەچارە بۆ کوردستانی عێراق ئەوەیە سەربەخۆ بێت. باشترین چارەسەریش بۆ دۆخی کوردی سووریا ئەوەیە ببنە هەرێمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی سووریایەکی فیدراڵی- ئەگەر ئەمە مومکین بوون-. باوەڕمان وایە باشترین هەنگاو لە تورکیا ئەوەیە ئۆجەلان ئازاد بکرێت و خۆی سەرکردایەتی گفتوگۆی سیاسی بکات لە تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد و لێخۆشبوونی گشتی بۆ ئەوانەی شاخ دەربکرێت و رێگە بدرێت کورد بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن و پەرەپێدان ئابووری هەبێت لە ناوچەکانیاندا و ئیدارەیەکی نامەرکەزی هەبێت لەو شوێنانەی زۆرینەی کوردن.

**داعش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نیشانەی نەخۆشییەکەیە، نەک خودی نەخۆشییەکە، دەرئەنجامی دەوڵەتی شکستخواردوو و سوپای شکستخواردووی عێراق و سووریایە**

# پێشوازییەکەی شا سەلمان بۆ سەرۆک بارزانی کوردستانی کردە هاوشانی سعودییە

## سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بۆتە هەوێنی ستراتیژیەتی نوێی سەربازیی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا دژی داعش



**خوێندنەوەی شا سەلمان بۆ هەڕەشەکان و بۆ ئایندەی ناوچەکە و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، وەرچەرخانێکی گەورەی تێدا دروست بووە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی لە سەردەمی شا عەبدوڵڵا-دا سەرەتای ئەم گۆڕانکارییە دەستی پێکردبوو، بەڵام بە هاتنی شا سەلمان وەرچەرخانەکە زۆر بە روونی و بە گەورەیی خۆی خستەڕوو**

**لە ستراتیژیەتی تازەی عەرەبستانی سعودیەدا، پێویستە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ عەرەبی سوننە لە عێراق و سووریا دابمەزرێت و هاوشانی ئەم دەوڵەتە سوننەیەش پێشوازی لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بکرێت**

لەوەتەی شا سەلمان بۆتە پادشای سعودیە، ئەمە یەکەمین جارە بەو ئاستە باڵایە پێشوازی لە سەرۆکێکی وڵاتانی جیهانی ئیسلامی بکات، وەك ئەو پێشوازییەی ئەمجارە لە سەرۆك بارزانی کرد، میدیاکانی سعودیە و ئەوانەشی کە لە لەندەن دەردەچن، بەو شێوە ئاماژەیان بەو پێشوازییەی شا سەلمان بۆ سەرۆك بارزانی کردبوو، بەوەی شا سەلمان وەك سەرۆکی دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێشوازی لە سەرۆك بارزانی کردووە، بێگومان ئەوە راستە شا سەلمان بە رێورەسمی سەرۆکی دەوڵەت پێشوازی لە سەرۆك بارزانی کرد، بەڵام جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەو راستییە بکەین، شا سەلمان کە تەنیا ماوەی ١١ مانگە بۆتە پادشای عەرەبستانی سعودی و لەم ماوەیەدا زۆر بڕیاری بوێرانە و گرنگی داوە و توانیویەتی ئەوە بۆ جیهان بسەلمێنێت کە عەرەبستانی سعودی بە کردەیی دەتوانێت سەرۆکایەتی جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بکات، جیهانیش ئەم سەرۆکایەتیکردنە بە شایستەی عەرەبستانی سعودی دەزانێت، بۆیە لەم پێگە و مەقامە تازەیەی شا سەلمان-دا لە ماوەیساڵی رابردوو، زۆر سەرۆکی وڵاتانی جیهانی ئیسلامی و عەرەبی و رۆژئاوا سەردانی عەرەبستانی سعودییان کردووە، بەڵام لە هیچ کام لەو پێشوازییانەی شا سەلمان بۆ میوانداری سەرۆکەکانی جیهان کردوویەتی، ئەو حەماس و گەرموگوڕییە بێ وێنەی پیشان نەداوە، وەك ئەمجارە لە پێشوازی سەرۆك بارزانی-دا پیشانیدا.

شا سەلمان کە ئێستا تەمەنی ٨٠ ساڵە، ماوەی ٦٠ ساڵە کاری دەوڵەتمەداری لەناو شانشینی عەرەبستانی سعودیە دەکات و جیا لەوەی لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٢-٢٠١٥ وەلی عەهدی سعودیە بووە، لە هەمانکاتدا چەندین پۆستی هەستیاری هەبووە و راوێژکاری تایبەتی پادشاکانی پێش خۆیشی بووە و ئەمیندار و نەهێنیگری بنەماڵەی پادشایەتی و سەرۆکی ئەنجوومەنی بنەماڵەی پادشایەتی سعودیەشە، هەر بۆیە کاتێك شا سەلمان بە یاوەری تەواوی کەسایەتییە دیارەکانی بنەماڵەی پادشایەتی سعودیە پێشوازی لە سەرۆك بارزانی دەکات و لە کاتی پێشوازیکردنی سەرۆك بارزانی ئاڵای عێراق لە پشتی سەری بارزانی دانانێت، ئەمە مانای ئەوەیە لە ستراتیژیەتی عەرەبستانی سعودیەدا دەوڵەتێك نەماوە ناوی عێراق بێت، هەروەك چۆن لە ستراتیژیەتی سعودیەدا دەوڵەتێکیش نەماوە ناوی سووریا بێت، بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە پێشوازی لە دەوڵەتی تازە بکرێت، ئەمەش مانای ئەوەیە لە ستراتیژیەتی تازەی عەرەبستانی سعودیەدا، پێویستە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ عەرەبی سوننە لە عێراق و سووریا دابمەزرێت و هاوشانی ئەم دەوڵەتە سوننەیەش پێشوازی لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بکرێت.

## ● وەرچەرخان لە ستراتیژیەتی عەرەبستانی سعودیە دوای دەست بەکاربوونی شا سەلمان

شا سەلمان رۆژی ٢٣ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ بە فەرمی بووە پادشای سعودیە و جێگەی شا عەبدوڵڵا-ی گرتەوە، لە ماوەی تەنیا ٦٠ رۆژدا توانی هاوپەیمانییەك بۆ لێدانی حوسییەکانی یەمەن دروست بکات و ئەم هاوپەیمانییەی ناو لێنا گەردەلوولی یەکلایکەرەوە (عاصفە الحزم)، کە ١٠ دەوڵەتی لەخۆ گرتبوو و بریتی بوون لە: (سعودیە، ئیمارات، کوەیت، قەتەر، بەحرێن، ئوردن، میسر، سودان، مەغریب و پاکستان)، لەمەش زیاتر ئەو دەوڵەتانەشی لە جیهانی ئیسلامی خۆیان بە سوننە دەزانن و ئەندام نەبوون لەم هاوپەیمانییە بە تەواوەتی پشتگیری خۆیان بۆ سعودیە دەربڕی، لەوانە تورکیا و ئەندەنووسیا، هەروەها ئەمەریکا و یەکێتی ئەورووپاش.

ئەم بڕیارە بوێرەی شا سەلمان کە پێش ٨ مانگ بۆ لێدانی حوسییەکان و دانانی سنوورێك بۆ مەدی شیعە لە ناوچەکە هەڵیگرت، نەك تەنیا جێگەی سەرسوڕمانی زۆربەی سەرۆکەکانی جیهان بوو، لە هەمانکاتدا جێگەی سەرسوڕمان و چاوەڕواننەکراویش بوو لە ئاستی ئەو ناوەندانەی فیکر و لێکۆڵینەوە کە لە سەر سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاردەکەن. تەنانەت رۆبەرت ساتلۆف سەرۆکی پرۆگرامەکانی دیراساتی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئامۆژگای واشنتۆن، لە پەنێلێکدا لەسەر رەوشی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە ئامادەبوونی باڵیۆز جێمس جێفری باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لە عێراق و باڵیۆز دینیس رۆز باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لە ئیسرائیل، راشکاوانە ئەوەی راگەیاند، ئەم بڕیارەی شا سەلمان جێگەی سەرسوڕمان بوو، لە بەر ئەوەی هەموو مەزندەکان بەو جۆرە بوون ئەگەر هاوپەیمانییەکی ئیسلامی دروست بێت بۆ شەڕکردن، ئەوا بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئیسرائیل دروست دەبێت، نەك بۆ دانانی سنوورێك بۆ مەدی شیعە لە ناوچەکە.

کەواتە ئەم قسەیەی رۆبەرت ساتلۆف ئەوە پیشاندەدات، خوێندنەوەی شا سەلمان بۆ هەڕەشەکان و بۆ ئایندەی ناوچەکە و وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، وەرچەرخانێکی گەورەی تێدا دروست بووە،

ئەمە لەگەڵ ئەوەی لە سەردەمی شا عەبدوڵڵا-دا سەرەتای ئەم گۆڕانکارییە دەستی پێکردبوو، بەڵام بە هاتنی شا سەلمان وەرچەرخانەکە زۆر بە روونی و بە گەورەیی خۆی خستەڕوو، ئەم وەرچەرخانە ئەم خاڵانەی لێدەخوێندرێتەوە:

١. پێش ئەم بڕیارەی شا سەلمان، هەڕەشەی مەدی شیعە لە کەنداو و یەمەن، هەروەها لە عێراق و سووریا و لوبنان و ئوردن، گەیشتبووە ئەو ئاستەی گەلێك لە سیاسەتمەدارانی ئێرانی راشکاوانە دەیانگوت: عەرەبستانی سعودیە چیدیکە لە ناوچەکە رۆڵی نابێت و ئێستا ئەم دەوڵەتە بەرەو پووکانەوە دەچێت، ئەم پەیامانەی ئێران بۆ سعودیە ئاماژە بوون بۆ گۆڕینی هیلالی شیعە بۆ بازنەی شیعە بە دەوری سعودیەدا، لەم حاڵەتەشدا سعودیە دەبێت تەسلیم بێت و چیتر بانگەشەی سەرکردایەتی جیهانی ئیسلامی سوننە نەکات، بەڵام بە پێکهێنانی ئەو هاوپەیمانییە و پشتگیری تەواوی لەلایەن رۆژئاوا و تەواوی وڵاتانی ئیسلامی سوننە، سعودیە نەك هەر پێگەی جارانی بۆ گەڕایەوە، بەڵکو پشتگیری دەوڵەتانی ئیسلامی سوننە ئەوەی پیشاندا کە هەموو دەوڵەتانی ئیسلامی سوننە رازین بە سەرکردایەتی سعودیە و پشتگیری یەکێتی ئەورووپا و ئەمەریکاش لەم هەنگاوە بە دیوێکی دیکەدا پێدانی شەرعییەتێکی نێودەوڵەتی بوو بەو سەرکردایەتیکردنە.

٢. ئەم بڕیارەی شا سەلمان دوو دیاردەی گرنگی لێك جیاکردەوە و پیشانی جیهانی دا، ئەو دوو دیاردەیەش بریتین لە: عەرەبستانی سعودی وەك کۆمەڵگە، ئەوی دیکەیان عەرەبستانی سعودی وەك دەوڵەت و حوکمڕانی. کەواتە راستە عەرەبستانی سعودی وەك کۆمەڵگە ژینگەیەکی بیری ئیسلامی وەهابیزمی هەیە، وەهابیزمیش سەرچاوەی توندڕۆیی ئیسلامییە، بەڵام ئەم ژینگەیە تەنیا لە چوارچێوەی مزگەوتەکانە و مزگەوتەکانیش دوورن لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی لەناو دەوڵەتی عەرەبستانی سعودیەدا، هەر بۆیە عەرەبستانی سعودی وەك دەوڵەت و حوکمڕانی خاوەنی کۆمەڵێك بەهای هاوبەشە لەگەڵ دەوڵەتانی هاوچەرخ و دەوڵەتانی رۆژئاوا، لەهەمانکاتدا ئەو هەڕەشە و تەحەددییانەی رووبەڕووی دەوڵەتانی هاوچەرخ و رۆژئاوا دەبێتەوە، دیسان هەمان هەڕەشە و تەحەددا رووبەڕووی عەرەبستانی سعودیەش وەك دەوڵەت دەبێتەوە، بۆیە لەم خاڵەدا شا سەلمان جارێکی دیکە پێگەی نێودەوڵەتی بە شایستەیی سعودیە لەناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گێڕایەوە.

٣. لەگەڵ ئەوەی هەڵوێستی سعودیە لەسەر راپەڕینەکانی وڵاتانی عەرەبی لە ٢٠١١- تا ئێستا روون و ئاشکرا بووە و دژی هەڵکشانی مەدی ئیسلامی سیاسی و ئیخوان موسلمین بووە، هەروەك چۆن دژی بیری قاعیدە و داعشیشە، بەڵام بە هاتنی شا سەلمان هەوڵەکان بۆ سڕینەوەی ئاسەواری حوکمڕانیی ئیخوانەکان لە میسر زیاتر ئاکامی ئیجابی لێکەوتەوە و میسر توانی هەڵبژاردن بکات و بەرەو ئارامبوونەوە بچێت، سیاسەتیشی بەرامبەر عەرەبی سوننەی عێراق و سووریاش هەر لەم چوارچێوەیەدا رەنگی داوەتەوە. سعودیە نەیشاردۆتەوە دژی هەموو ئەو تەیارە ئیسلامییانەیە کە وڵاتانی دیکە پشتگیرییان لێدەکات، ئەو پشتگیری ئەو عەرەبە سوننانە دەکات کە دەیانەوێت دەوڵەتێك بۆ عەرەبی سوننە دابمەزرێت و ئەم دەوڵەتە وەك دەوڵەتی هاوچەرخ بەڕێوەبچێت، نەك دەوڵەتێکی هاوشێوەی ئیخوان، یان داعش.

٤. ئەوەی لەم وەرچەرخانەی ستراتیژیەتی سعودیە لە سەردەستی شا سەلمان دەردەکەوێت، ئەوەیە کە چیدیکە عێراق و سووریا وەك دوو دەوڵەت بوونیان نەماوە و تەنانەت ئەو سیفەتەشیان لەدەست داوە کە بتوانن لەناو ئەم دوو دەوڵەتەدا پێکهاتە جیاوازەکان بتوانن پێکەوە بژین، لەمەش خراپتر ئەو بارودۆخەی سیاسەتی ئێستای بەشار ئەسەد و پێشتری نوری مالیکی لە عێراق و سووریا دروستیان کردووە، بۆتە ژینگەیەك بۆ بەرهەمهێنانی توندڕەوی و توندوتیژی مەزهەبی و نەتەوەیی زیاتر، لەمەش زیاتر سیاسەتی مەزهەبگەرایی شیعە کە سێکوچکەیەکی باشووری لوبنان و دیمەشق و بەغدای بە پشتگیری تاران پێکەوە کۆکردۆتەوە، بواری ئەوەی نەهێشتۆتەوە جارێکی دیکە شیعە و سونە بتوانن پێکەوە بژین. چەکدارەکانی حزبوڵای لوبنانی و عەسائبی ئەهلی هەق کە پێشتر راستەوخۆ مالیکی سەرپەرشتی دەکردن لە سووریا، راشکاوانە دەڵێن ئێمە شەر بۆ بەرگریکردن لە شیعە دەکەین، ئێستاش لە عێراقدا ئەوەی پێی دەگوترێت حەشدی شەعبی بەشێکی گرنگی میلیشیاکانی عەسائیبی ئەهلی هەق و سەرکردەکانی حزبوڵا و راوێژکارانی سەربازی ئێرانن، ئەم واقیعە وایکردووە عەرەبی سوننە لە عێراق و سووریا، لە نێوان حەشدی شەعبی و میلیشیا شیعەکان و تیرۆریستانی داعشدا، تیرۆریستانی داعش هەڵبژێرن، ئەم حاڵەتەش ژینگەی دوژمنایەتی نێوان شیعە و سوننەی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی کە بە هیچ جۆرێك ناتوانرێت و ناشێت بیر

**میدیاکانی سعودیە و ئەوانەشی کە لە لەندەن دەردەچن، بەو شێوە ئاماژەیان بەو پێشوازییەی شا سەلمان بۆ سەرۆک بارزانی کردبوو، بەوەی شا سەلمان وەک سەرۆکی دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێشوازی لە سەرۆک بارزانی کردووە**

**ئەو لایەنانەی تەنیا بە شێوەیەکی کاتی و بۆ رووخانی داعش لە پرۆسەکەدان و نایانەوێت دوای نەمانی داعش دەوڵەتی مەدەنی و هاوچەرخ بوونی هەبێت، ئەوا لەگەڵ نزیکبوونەوەی زیاتری کوردستان لە هاوپەیمانی بەردەوام بۆ بونیادنانەوەی ناوچەکە، هاواریان لێ هەڵدەستێت و نازانن چۆن رق و کینەی خۆیان بەرامبەر کوردستان و سەرۆکەکەی بارزانی دەربڕن**

# تاکە سەرکەوتنی ستراتیژیەتی ئەمەریکا لە دژی داعش ئەو سەرکەوتنەیە لەگەڵ پێشمەرگە بەدەستی هێناوە

**خستنەخوارەوەی فڕۆکە مەدەنییەکەی رووسیا لە ئاسمانی سینادا لە مانگی تشرینی یەکەم، کە زۆری پێنەچوو هێرشەکانی پاریسی بە دواداهات لە مانگی تشرینی دووەم، کۆدەنگییەکی نێودەوڵەتی بەرفراوانی دروستکرد کە کاروانی دەوڵەتی ئیسلامی بەردەوامە و پێویستە بوەستێندرێت. ئەمەریکا ساڵێک پێش ئێستا ئەمەی لەبەرچاو گرتووە- ئەگەرچی لەسەر ئاستی گوتاریش بێت-. لە مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠١٤ سەرۆکی ئەمەریکا باراک ئۆباما رایگەیاند کە ئەمەریکا کار دەکات بۆ لاوازکردن و لە کۆتاییدا تێکشکاندنی ئەم گرووپە، بەڵام هۆشیاریدا لەوەی ئەمە هەڵمەتێکی درێژخایەن و دژوار دەبێت. بە راستیش وایە.**

**لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوو هێزی زەمینی رەوانە بکات بۆ رووخاندنی دەوڵەتە جیهادییەکە، ئەوا واشنتۆن لەسەر گرتنەبەری ستراتیژیەتێکی هەنگاو بە هەنگاو گیرسایەوە کە بەکارهێنانێکی زۆر سنوورداری هێزی لە خۆگرتبێت. لە راستیدا، رەوتی گورزەکانی ئەمەریکا دژی داعش ئەوەندە خاو بوو کە بە ستراتیژی جڵەوگیری (ئیحتیوا) لێکدرایەوە. سنوورداریيەکانی ئەم ئیحتیواکردنە لە مانگەکانی تشرینی یەکەم و دووەمدا ئاشکرا بوو. ئەم ستراتیژیەتە بووە هۆی ئەوەی داعش کاتی ئەوەی بەدەستەوە بێت کۆنترۆڵی خۆی بچەسپێنێت، راهێنان بە تیرۆریستان بکات و خەڵکانی هەڵسووڕاوی خۆی لە وڵاتانی رۆژئاوادا جێگیر بکات. کەواتە پێویستە لە نێو داروپەردوی ئەم ستراتیژیەتە شکستخواردووەوە، ئەمەریکا ستراتیژیەتێکی نوێ و بوێرانە دابڕێژێتەوە.**

**کاردانەوەی یەکەمجاری ئەمەریکا لە دژی داعش لە ژێر کاریگەری ئەزموونی تاڵی عێراق و ئەفغانستاندا بوو. ئۆباما باوەڕی وابوو بردنەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا ئەرکی ئەوەی پێبەخشیوە کە ئەمەریکا لە-زۆنگاوی- رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەربهێنێت، بە شێوەیەکی گشتیتر، کارێک بکات واشنتۆن کەمتر پشت بە هێز ببەستێت لە سیاسەتی دەرەوەدا. بەلەبەرچاوگرتنی بەشداری ساردوسڕی لە دەستێوەردان لە لیبیادا، ئەوا سەرۆک پابەند**

لە دووبارە تێکەڵکردنی ئەم دوو کۆمەڵگەیە بکرێتەوە، بۆیە دەبێت هەنگاوی جددی و یەکلایی کەرەوە بۆ ئەم پرسە هەڵبگیرێت و پشتگیری ئەو عەرەبە سوننییانە بکرێت کە بەشێك نین لە تیرۆریستانی داعش، ئەمەش وەك دیڤید کامیرۆن سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا ئاماژەی پێکردووە، دەکرێت پشتگیری سوپای ئازادی سووریا بکرێت کە ژمارەیان نزیکەی ٧٠ هەزار کەسە و داعشیش نین و لە عێراقیش پشتگیری ئەو خێڵە عەرەبانە بکرێت کە لە ٢٠٠٧ ئەنجوومەنی سەحوەیان پێکهێنا و توانییان پاشەکشە بە رێکخراوی تیرۆریستی قاعیدە لقی عێراق بکەن.

لێرەوە ئەگەر سەبارەت بە بەرەی دژی داعش هەڵوێستی سعودیە بخوێنینەوە، دیارە سعودیە مەبەستێتی لە شەڕی دژی داعشیش رۆڵی بە ئاستی خۆی هەبێت و دەیەوێت جێگرەوەی خەلافەتەکەی داعش، خەلافەتێکی دیکەی ئەو تەیارە ئیسلامییانە نەبێت کە رەگ و ریشەیان دەچێتەوە سەر ئیخوان موسلیمن، یان پەڕ و باڵی رێکخراوی ئیخوان موسلمینن. هەروەها سعودیە باش دەزانێت دوای ئازادکردنی شنگال بە سەرپەرشتی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی و بە هەماهەنگیی نێوان هێزی پێشمەرگە لە زەوی و هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان لە ئاسمانەوە شەڕەکەی بردۆتە قۆناخێکی دیکە، بەتایبەتی دوای ئەو شکستەی داعش لە شنگال بەسەری هات، پەلاماری فەرەنسای دا و چەند هەوڵی دیکەشی لە وڵاتانی ئەورووپی دیکە شکستی هێنا. ئێستا هەموو جیهان بەگشتی و دەوڵەتانی ئەورووپا و ئەمەریکا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە کە هیچ رێگەیەك نییە بێجگە لە تێکشکاندنی داعش، بۆ ئەمەش هەموو رۆژئاوا ئێستا سەرقاڵی داڕشتنی

**ئیدارەی سەرۆک ئۆباما کە خاوەنی سێ ئەزموونی فاشیلە (داگیرکردن لە عێراق، دەستێوەردان لە لیبیا و تەماشاکردن لە سووریا)، ئێستا چۆن دەتوانێت بڕیاری ناردنی هێزی تایبەتی زەمینی بدات و لە سەرکەوتنەکەشی دڵنیا بێت؟**

بووە بە کەمکردنەوەی مەودای تێوەگلانی وڵاتەکەی.
بۆ ماوەیەک ئیحتواکردنی توندوتیژی سەرکەوتوو بوو، تەنانەت کاتێکیش کە ئاوارەکان بارگرانییەکی گەورەیان لەسەر دەوڵەتە دراوسێکانیان دروستکردبوو. بەڵام دوای ئەوەی داعش بووە بەشێک لە وێنەکە، چیتر ئەمە ستراتیژیەتێکی کارا نەماوە. ئومێدی ئەمەریکا بۆ دوورکەوتنەوە لە ناکۆکییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لاواز بوو. میحنەتی کورد و جینۆسایدی ئێزدییەکان بوونەهۆی ئەوەی ئەمەریکا هەنگاو بە هەنگاو تێوەگلانی لە عێراقدا زیاتر بکات. هەروەها سەربڕینی رۆژنامەنووسە ئەمەریکییەکان لە لایەن داعشەوە سەرۆکە دوودڵەکەیان ناچارکرد، مەودای بۆردوومانەکانی بۆ سەر سووریا زیاتر بکات.
سەرەڕای پابەندبوونی بە تێکشکاندنی داعشەوە، ئەوا کێشەی سەرەکی واشنتۆن ئەوەیە بەدەستهێنانی ئەم دەرئەنجامە پێویستی بە هێزی زەمینییە، کە ئەمەریکا رەتی کردۆتەوە ئەم هێزە دەستەبەر بکات. لەبری ئەوە ئۆباما دەیەوێت بەکارهێنەری راستەوخۆی هێزی ئەمەریکا سنووردار بکات و پێگەی هێزە مەحەلییەکان باشتر بکات بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتیەکی زیاتر بخەنەسەر شانی خۆیان. لە هەندێ شوێندا، ئەم ستراتیژیە زۆر بە باشی کاری خۆی کردووە. ئەمەریکا بۆی دەرکەوت کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هاوپەیمانی باوەڕپێکراون و زۆر بەتوانان. ئەوان بوێرانە بەریان بە پێشڕەوی داعش بەرەو هەولێر-پایەختی هەرێمی کوردستان گرت، هەروەها پاشەکەشیان بە هێزەکانی داعش لە کۆبانێ لە سووریا کرد، بەم دواییەش شنگال-یان ئازاد کرد و رێگەی سەرەکی کۆمەکی داعشیان لە نێوان مووسڵ و رەققە بڕی.

- سەرچاوە: دابەشکردن و داگیرکردن لە سووریا و عێراقدا
- نووسینی: باراک مێندێلسۆن
- لە foreign affairs بڵاوکراوەتەوە.

ستراتیژیەتێکی نوێی سەربازین بۆ تێکشکاندنی داعش لە سووریا و عێراق و لایەنە ئیقلیمییە بەشداربووەکانی شەڕی دژی داعش هەر یەکەیان دۆسیێ تایبەت و بەرنامە و تێڕوانینی جیاوازی خۆیان هەیە بۆ دوای تێکشکاندنی داعش، لەبەرامبەردا دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا و ئەمەریکاش تێڕوانین و بەرنامەی دیکەیان بۆ دوای داعش هەیە، بۆیە عەربستانی سعودیە کە دەبێتە بەشێك لەو ستراتیژە نوێیە بۆ تێکشاندنی داعش، دەیەوێت ئەو بەرەیە بەهێز بکات کە دەخوازن لە دوای نەمانی داعش دەوڵەتی هاوچەرخ جێگەی ئەو دەوڵەتە دڕندەیە بگرێتەوە.

**● دەوڵەتەکەی بارزانی لە ناو ستراتیژیەتی تازەی یەکێتی ئەوروپا و ئەمەریکادا**

هەموو دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا و ئەمەریکا خەریکن کۆدەنگی لەسەر ئەوە دروست دەکەن، تەنیا رێگە بۆ رزگاربوون لە دەستی داعش، تێکشکاندن و رووخاندنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامییە، بۆ ئەم ستراتیژە نوێیەش لەگەڵ ئەوەی بڕیاری ئەوەیان داوە هێزی سەربازی تایبەتی زەمینی بە رێژەیەکی دیاریکراو بنێرنە ناوچەکە، بەڵام خەتی گشتی و سەرەکی ئەم ستراتیژە نوێیە، هاوپەیمانیکردن و پشتگیریکردنی زیاتری ئەو هێزە لۆکاڵییانەی ناوچەکەیە کە دەتوانن لە سەر زەوی تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنن. لەسەر ئەم پرسە ریچارد هاس سەرۆکی ئامۆژگای ئەنجوومەنی پێوەندییەکانی دەرەوە و سەرۆکی ستافی پلاندانانی سیاسەت لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ئیدارەی بیل کلینتۆن، جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە، تەنیا هێزێك کە بتوانرێت لەسەر زەوی بکرێتە هاوپەیمانی سەرەکی و پشتی پێببەسترێت، تەنیا هێزی پێشمەرگەی

**عەربستانی سعودیە کە دەبێتە بەشێک لەو ستراتیژە نوێیە بۆ تێکشاندنی داعش، دەیەوێت ئەو بەرەیە بەهێز بکات کە دەخوازن لە دوای نەمانی داعش دەوڵەتی هاوچەرخ جێگەی ئەو دەوڵەتە دڕندەیە بگرێتەوە**

کوردستانە. ریچارد هاس پێگەی هەموو هێزەکانی دیکەی ناوچەکەی خستۆتەڕوو، لە ناویاندا ئاماژەی بە میسر و عەرەبستانی سعودیەش کردووە، بەڵام هەریەك لەو هێزانە لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری جیاواز، بە بۆچوونی هاس ناتوانن ببنە ئەو هاوپەیمانییەی کە پشتی پێ ببەسترێت. پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: ئایا هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەتوانێت تیرۆریستانی داعش لە هەر دوو بەری سووریا و عێراق تێکبشکێنێت؟ یان بە دیوێکی دیکەدا ئایا پێشمەرگە دەتوانێت ئەو ناوچانە ئازاد بکات و ئەمەش نەبێتە هۆکاری دروستبوونی تەنگژە و هەستیاری لە نێوان کورد و عەرەبی سوننە و شیعە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا پرۆفیسۆر ستیڤن بیدل راوێژکاری ژەنراڵ پەترێۆس لە عێراق و ئەفغانستان و خاوەنی بۆچوونی پێویستی زیادکردنی هێزی سەربازی بۆ عێراق لە ٢٠٠٧ لە چوارچێوەی پرۆسەی زیادکردنی بەپەلەی هێزی سەربازی (surge)، سەبارەت بە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش و تێگەیشتن لە مانای سەرکەوتن لە شەڕی دژی داعش، لە وتارێکیدا کە هەفتەی رابردوو لە واشنتۆن بڵاوی کردۆتەوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، شەڕی تێکشکاندنی داعش پێویستە لە شەڕی رووخانی رژێمی تاڵیبان لە ئەفغانستان و رووخانی رژێمی سەدام لە عێراق جیاواز بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە جۆرج دەبلیو بوش توانی جەنگی عێراق و ئەفغانستان بباتەوە و هەردوو رژێمی سەدام حوسێن و تاڵیبان برووخێنێت، بەڵام نەیتوانی شەڕەکە بباتەوە و عێراق و ئەفغانستان بکاتە دوو دەوڵەتی هاوچەرخی سەرکەوتوو، لە ئێستاشدا ئەگەر ئامانج لە ستراتیژیەتی نوێی سەربازی تەنیا رووخانی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعشە، ئەوا ستیفن بیدل وەك راوێژکارێکی ستراتیژی و سەربازی دەڵێت: «ئێمە دەتوانین تەنیا بە ٢٧ هەزار سەرباز دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی داعش برووخێنین و رەققەی پایتەختی ئەو دەوڵەتە کۆنترۆڵ بکەین، بەڵام پرسی سەرەکی لەم ستراتیژە نابێت تەنیا رووخان، یان تێکشکاندنی داعش بێت، بەڵکو پرسی سەرەکی دەبێت ئەوە بێت چۆن دوای رووخانی داعش بارودۆخەکە بە جۆرێك ئاسایی دەکەینەوە کە پێکهاتە جیاوازەکان بتوانن پێکەوە بژین؟ یان چۆن پرۆسەی سیاسی لە عێراق و سووریا راست دەکرێتەوە و پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت و پەرەپێدان دەست پێدەکاتەوە؟»

کەواتە ستراتیژیی نوێی سەربازی بۆ تێکشکاندنی داعش لە سووریا و عێراق، لەگەڵ ئەوەی لەو خاڵەدا خۆی چڕدەکاتەوە بێجگە لە لەناوبردنی تیرۆریستانی داعش هیچ رێگەیەکی دیکە نییە، لە هەمانکاتدا ئەم ستراتیژە جیاوازە لەو ستراتیژەی کە باراك ئۆباما لە سێپتەمبەری ٢٠١٤ رایگەیاند و ئامانجەکەشی تێکشکاندن و لە ریشە هەڵکێشان (degraded and destroyed)ی داعش بوو، بەڵام دیسان جیاوازی سەرەکی لە گەوهەری دارشتنی ستراتیژەکەدایە و ئەو جیاوازییەش ئەوەیە کە شەڕی تێکشکاندنی داعش نابێت تەنیا لە رووخانی خەلافەتە ئیسلامییەکەی داعش کورت بکرێتەوە، بۆ ئەمەش وەك پرۆفیسۆر باراك میندلسۆن لە وتارەکیدا بە ناونیشانی دابەشکردن و زاڵبوون لە عێراق و سووریادا - Divide and Conquer in Syria and Iraq کە لە رۆژی ٢٩ی ١١ی ٢٠١٥ لە گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بڵاوی کردۆتەوە، راشکاوانە ئەو خاڵەی دەستنیشان کردووە، خاڵی گەوهەری کە پێویستە ئەمەریکا و هاوپەیمانان لە شەڕی دژی داعش لە بەر چاوی بگرن، ئەوەیە کە عێراق و سووریا چیدیکە وەك دوو دەوڵەتەکەی پێشوو بوونیان نەماوە، پێویستە لە ناو جوگرافیای ئەم دوو دەوڵەتە لەناو چووە، دەوڵەتی دیکە دروست بکرێت، کە یەکێکیان دروستکردنی دەوڵەتێکە بۆ عەرەبی سوننە لە سووریا و عێراقدا، ئەمەش بەو مانایەی چیدیکە نە لە سووریا عەرەبی سوننە چەوساوەی بندەستی کەمینەی شیعە بن، نە لە عێراقیش چەوساوە و پەراوێزخراوی بندەستی شیعە بن، سەبارەت بە دەوڵەتی کوردستانیش، دیارە پرۆفیسۆر باراك میندلسۆن ئەوەی رەچاو کردووە، بە دامەزراندنی دەوڵەتی عەرەبی سوننە، ئیدی کوردستان بە تەواوەتی لەگەڵ بەغدا جیادەبێتەوە و دەوڵەتێکی تازە دەکەوێتە نێوان کوردستان و عێراقی شیعەنشینەوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا پرۆفیسۆر میندلسۆن دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی وەك دەوڵەتی ئەمری واقیع لە نووسینەکەیدا باسکردووە و زیاتر جەخت لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێك بۆ عەرەبی سوننە دەکاتەوە، بەهەمان شێوە هەر هەفتەی رابردوو باڵیۆز جۆن بۆڵتن لە سەنتەری ئەمەریکان ئەنتەر پرایس وتارێکی بڵاوکردۆتەوە و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەکات، بۆیە گرنگە لە ئێستا بەدواوە بیر لە دامەزراندنی دەوڵەتێك بۆ عەرەبی سوننە بکرێتەوە.

**ئەوەی پێی دەگوترێت حەشدی شەعبی بەشێکی گرنگی میلیشیاکانی عەسائیبی ئەهلی هەق و سەرکردەکانی حزبوڵا و راوێژکارانی سەربازی ئێران، ئەم واقیعە وایکردووە عەرەبی سوننە لە عێراق و سووریا، لە نێوان حەشدی شەعبی و میلیشیا شیعەکان و تیرۆریستانی داعشدا، تیرۆریستانی داعش هەڵبژێرن**

**ئەو بارودۆخەی سیاسەتی ئێستای بەشار ئەسەد و پێشتری نوری مالیکی لە عێراق و سووریا دروستیان کردووە، بۆتە ژینگەیەک بۆ بەرهەمهێنانی توندڕەوی و توندوتیژی مەزهەبی و نەتەوەیی زیاتر، لەمەش زیاتر سیاسەتی مەزهەبگەرایی شیعە کە سێکوچکەیەکی باشووری لوبنان و دیمەشق و بەغدای بە پشتگیری تاران پێکەوە کۆکردۆتەوە، بواری ئەوەی نەهێشتۆتەوە جارێکی دیکە شیعە و سونە بتوانن پێکەوە بژین**



لێرەوە ئەگەر سەیری دەوڵەتەکەی بارزانی بکەین کە ئێستا زۆر بە راشکاوی لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئێستای جیهاندا ناوی مسعود بارزانی دەبێتە ئەلتەرناتیڤ بۆ ناوی کوردستانیش، ئەوا بایەخ و گرنگیی دەوڵەتەکەی بارزانی لە ستراتیژیەتی نوێی شەڕی داعش تەنیا بریتی نییە لە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕدا بەسەر ئەو تیرۆریستانەدا، بەڵکو ژینگەی سیاسی دەوڵەتەکەی بارزانی-یە کە دوای سەرکەوتنەکانی لە بەرەکانی شەڕ، هەم لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان ئارامی و سەقامگیری و تەناهی فەراهەم کراوە، هەم خودی ئەم دەوڵەتە ئەمری واقیعەی بارزانی بۆتە هۆکاری ئاشتی و تەناهی لەسەر ئاستی ئیقلیمی و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، بۆیە لەم راستەوە، پێگەی دەوڵەتی کوردستان لە ئێستادا وەك دەوڵەتی ئەمری واقیع و داوای تێکشکاندنی داعشیش وەك دەوڵەتێکی کاریگەر لە ناوچەکە، پێگەیەکی هەمەلایەن دەبێت و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە چەند رەهەندێکەوە سەیری ئەم دەوڵەتە دەکات، لە هەموو رەهەندەکانیشەوە پێکەوە ئاراستەیەك دروست دەبێت، چۆن تەنیا بە هاوکاری لۆجیستی و سەربازی هاوپەیمانان دەوڵەتی کوردستان بە لۆژیکی سەرۆك مسعود بارزانی هاتۆتەئاراوە، ئەوا دەبێت بە هاوکاری هەمەچەشنەی هاوپەیمانی دژی داعش و بە هاوکاری و لۆژیکی سەرۆك مسعود بارزانی هەوڵ بدرێت دەوڵەتی دیکەش بەتایبەتی دەوڵەتێك بۆ عەرەبی سوننە لە عێراق و سووریا دروست بکرێت. بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا هەر دەوڵەتێکی دیکە لە ناوچەکە دابمەزرێت، بە هاوشێوەی دەوڵەتەکەی بارزانی هەڵدەسوورێت و دەبێتە سەرچاوەی ئارامی و تەناهی لەناوخۆی دەوڵەت و دەوڵەتەکەش دەبێتە فاکتەرێك بۆ ئاشتی و تەناهیی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، یان جیاوازی نێوان دەوڵەتەکەی بارزانی و ئەو دەوڵەتانەی دیکە کە ناوچەکە دروست دەکرێن، فۆکۆیاما گوتەنی

# پێدەچێت هێزە تایبەتەکەی ئەمەریکا لە هەولێر جێگیر بکرێت

**ئاشتون کارتەر لە بەردەم کۆنگرێسی ئەمەریکادا رایگەیاند ئەمەریکا هێزێکی تایبەتی نوێ رەوانەی عێراق دەکات بۆ بەرەودان بە شەڕی دژ بە چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی کە دەستیان داوەتە توندوتیژی و سوورن لەسەر بەدەستەوەگرتنی ئەو خاکەی لە عێراق و سووریا داگیریان کردووە.**
**جێگیرکردنی ئەم هێزە هێرشبەرە دەبێتەهۆی ئەوەی هێزی شەڕکەری ئەمەریکا لەسەر زەوی رۆڵێکی پتر درێژخایەنیان هەبێت لە عێراق و سووریادا، ئەمەش بۆ یەکەمجارە رووبدات لە دوای ساڵێک زیاتر لە شەڕی دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی. هەروەها لە کاتێکدا رووەدات کە کۆمارییەکان داوایان کردووە کە ئەمەریکا هێزی زیاتری زەمینی بڵاوبکاتەوە، ئەمە لە سەروەختێکدا کە ئەمەریکییەکانی ماندووی دەستی شەڕ لە بارەی ئەگەری تێوەگلانێکی سەربازی گەورەترەوە لە نێو خۆیاندا دابەش بوون.**
**ئەشتون کارتەر کە شان بە شانی جۆزێف دانفۆرد، سوپاسالاری ئەمەریکا، لەبەردەم کۆنگرێسدا قسەی دەکرد، رووبەڕووی ئەو ئەندام کۆنگرێسە خاوەن گومانانە بووەوە کە باس لەوە دەکەن پێویستە ئەمەریکا پتر توند بێت لە رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی دەوڵەتی ئیسلامی، کە هێرشەکانی پاریس و بەیروت و خستنەخوارەوەی فڕۆکە مەدەنییەکەی رووسیا پشتڕاستی ئەوە دەکەنەوە.**
**کارتەر رایگەیاند کە بە تێپەڕبوونی کات، ئەو هێزی تایبەتە دەتوانن ئۆپەراسیۆنی بەسەرداداوان و رزگارکردنی بارمتە و کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری و دەستگیرکردنی سەرکردەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ئەنجام بدەن. هەروەها وتی: ئەمە دەبێتەهۆی باشترکردنی زانیارییە هەواڵگرییەکان و دەستنیشانکردنی ئامانجی زیاتر بۆ ئەوەی هێرشیان**

جیاوازی نێوان دانیمارك و سۆماڵ دەبێت؟ سەبارەت بە وەڵامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وەك کەسانی خاوەن فیکر و ئەزموون قسەی لەسەر دەکەن، هەموویان ئاماژە بەوە دەکەن لە پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت لە عێراق و ئەفغانستان، هەڵەکانمان لە کوێدا بوون؟ یان دەپرسن: ئایا لەچوارچێوەی نەخشەکەی سایکس پیکۆ-دا دەشێت دەوڵەتی سەرکەوتوو و دیموکراتی بونیاد بنرێت؟ گەڕان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانە و سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان لە سایەی لۆژیکی سەرۆك مسعود بارزانی-دا، وایکردووە کەسانی خاوەن فیکر و ئەزموون، ئەو کەموکورتییانەی لە پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت لە عێراق و ئەفغانستانی ساڵانی ٢٠٠١ و ٢٠٠٣ هەبووە، بۆیان ئاشکرا بێت، گەیشتوونە دوو خاڵی سەرەکی، ئەوانیش بریتین لە:

١. دەوڵەتی سەرکەوتوو لە ژینگەیەکدا دروست دەبێت، کە کەلتوری لێبووردەیی و پێکەوەژیان بوونی هەبێت و ئەو دەوڵەتە سەرۆکێکی هەبێت گیانی لێبووردەیی و پێکەوە ژیان بپارێزێت، لەم دەوڵەتە فرەیی ئایینی و نەتەوەیی و پێکهاتە جیاوازەکان دەبنە هێز بۆ پاراستنی ئەو دەوڵەتە، هەروەك چۆن فرەیی ئایینی و نەتەوەیی و پێکەوەژیان لە کوردستان بۆتە هێزێك بۆ پاراستنی دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان.

٢. دەبێت ئەو دەوڵەتە سوپایەکی هەبێت، ئەو سوپایە هەست بکات ئینتیمای نیشتمانی بۆ ئەو وڵاتە هەیە و خۆی بە خاوەنی ئەو وڵاتە بزانێت، ئەم سوپایە فەرماندەیەکی هەبێت لە یەك کاتدا سەرباز و فەرماندە بێت و لە بەرەکانی شەڕدا لەگەڵ سوپاکەی بوونی هەبێت. هەروەك چۆن سەرۆك مسعود بارزانی بە درێژایی شەڕی داعش، بۆ خۆی پێشمەرگە بووە و هاوشانی پێشمەرگە لە هەموو بەرەکانی شەڕ ئامادەبوونی هەبووە.

- لەدوای ئەم دوو خاڵە گرنگە کە دەبنە کۆڵەگەی سەرەکی بۆ دەوڵەتی هاوچەرخ، خاڵی دیکە ئەوەیە دەوڵەتێك بتوانێت ریشەی تیرۆر لە ژینگەی سیاسی

**بکرێتەسەر. حاڵی حازر نزیکەی ٣،٣٠٠ سەربازی ئەمەریکی لە عێراقدا هەن، سەرۆک ئۆباما-ش پێشتر ڕایگەیاندبوو کە کەمتر لە ٥٠ سەربازی هێزی تایبەت بۆ سووریا ڕەوانە دەکات. کارتەر ڕایگەیاند هێزی ئەمجارە زیاتر دەبێت لە ٥٠ کەس و وتی: ئەمە هێزێکی ئامادە دەبێت، بەو مانایەی لە عێراقدا جێگیر دەکرێت. کە ئەو هێزەش تەرکیز لەسەر هاوکاریکردنی عێراق دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت بەرگری لە سنوورەکانی بکات و هێزی ئەمنی بنیاد بنێت، هەروەها لە بارێکیشدا دەبێت کە بتوانێت ئۆپەراسیۆن یەکلایەنە لە سووریادا ئەنجام بدات. کارتەر وتیشی: ئەو کارە زۆر گرنگە، چونکە سوودەرگرتنە لەوەی ئێمە تێیدا بەهرەمەندین، ئێمە لە کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگریدا بەهرەمەندین، ئێمە لە جموجوڵدا بەهرەمەندین، هەروەها لە ئەنجامدانی کردەوەی چاوەڕواننەکراودا. ئێمە مەودایەکی گەورەی دەستڕۆیشتوویمان هەیە کە کەسی دیکە نییەتی، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو کەس لە سووریا بکەوێتەخۆی. تۆ نازانیت لە شەودا کێ لە پەنجەرەکەوە خۆی دەکات بە ژووردا. ئەمە ئەو هەستەیە کە ئێمە دەمانەوێت لای سەرکردایەتی و شوێنکەوتووانی دەوڵەتی ئیسلامی بیخوڵقێنین. بە گوێرەی بەرپرسێکی ئەمەریکی- کە نەویست ناوی ئاشکرا بکرێت لەبەر ئەوەی ڕێپێدراو نییە بە ئاشکرا باسی پلاندانانی سەربازی بکات- ئەو هێزە لە نزیکەی ٢٠٠ سەرباز پێکدێت لە نێویاندا تیمی هێرشبردن و یەکەی ئاسمانی و یەکەی پشتیوانی دیکە، کە ئەگەری ئەوەی هەیە لە هەولێر جێگیر بکرێت.**

- **سەرچاوە: ئەسۆشیەتد پرێس**
- **لە سایتی «Huffington post» بڵاوکراوەتەوە.**

وڵاتەکە ریشەکێش بکات، ئینجا ڕۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەست پێدەکات، کە دەبێت بە هەموو شێوەیەك پشتگیری ئەم دەوڵەتە بکرێت، بۆ ئەوەی توانای هەبێت بەردەوام بێت و توانای ئەوەی هەبێت بە شێوەیەکی بەردەوام ڕووبەڕووی تیرۆر ببێتەوە و ریشەی تیرۆر لە ناخەوە هەڵبکێشێت.

لەم خاڵانەی ئاماژەمان پێکرد، ئێستا دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا و ئەمەریکا خەریکە دەگەنە کۆدەنگی و چاوەڕێی ئەوەن، مۆدیلی هاوشێوەی دەوڵەتی ئەمری واقیعی کوردستان بە شێوەیەکی خۆماڵی لە ناوچەکە بێتەئاراوە، ئەم مۆدیلە و تێڕوانینی ئیقلیمی بۆ حوکمڕانی و دەوڵەت لە ئێستا زیاتر لەگەڵ تێڕوانینی سعودیە یەك دەگرێتەوە تا ئێران و تورکیا، بۆیە هاوکات لەگەڵ سەردانەکەی بارزانی بۆ عەرەبستانی سعودی و پێشوازییە بێ وێنە و گەرموگوڕەکەی شا سەلمان لە سەرۆك مسعود بارزانی، جۆرێك لە کاردانەوەی ناجۆر لە میدیای هەندێ لایەن بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، ئەم کاردانەوەیە جۆرێکە لە دەربڕینی ئەو ئازارەی کە لە ئاکامی باڵابوونی پێگەی کوردستان و یەکگرتنەوەی هەنگاوەکانی کوردستان لەگەڵ ئاڕاستەی یەکێتی ئەورووپا و ئەمەریکا، بەر جەرگیان کەوتووە، بەڵام وەك ئێستا بە ڕاشکاوی هەموو هەنگاوەکان بۆ ئایندەیەکی زۆر نزیك دەبینین، هەموو دەوڵەتانی یەکێتی ئەورووپا لە ناویاندا ئەڵمانیا و فەرەنسا و بەریتانیا، ئەو ڕاستییەیان درکاندووە، لەمەودوا زیاتر لە جاران پشتگیری کوردستان دەکەن و زیاتر هاوکاری پێشکەش دەکەن و باشتریش دێنە ناو شەڕی دژی تیرۆریستانی داعشەوە.

### ● ڕەنگدانەوەی سەرکەوتنەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی کوردستان لە نەخشە تازەکەی ستراتیژی سەربازیی دژی داعشدا

دوای دانیشتنەکەی لیژنەی خزمەتی سەربازی کۆنگرێس بۆ گوێگرتن لە ئەشتون کارتەر وەزیری بەرگری و ژەنەڕاڵ جۆزیف دانفۆرد سوپاسالاری



**سعودیە نەیشاردۆتەوە دژی هەموو ئەو ڕەوتە ئیسلامییانەیە کە وڵاتانی دیکە پشتگیرییان لێدەکات، ئەو پشتگیری ئەو عەرەبە سوننانە دەکات کە دەیانەوێت دەوڵەتێک بۆ عەرەبی سوننە دابمەزرێت و ئەم دەوڵەتە وەک دەوڵەتی هاوچەرخ بەڕێوەبچێت، نەک دەوڵەتێکی هاوشێوەی ئیخوان، یان داعش**

ئەمەریکا، ئەشتون کارتەر لە کاتێکدا ئامادەباشی پێنتاگۆن -ی بۆ ناردنی هێزی تایبەتی زەمینی بۆ عێراق و سووریا ئاشکرا دەکات، بەڵام ناردنی ئەم هێزە وەك دوای گەڕانەوەی لە لوتکەی پاریس، سەرۆك باراك ئۆباما ڕوونکردنەوەی لەسەر دا، بەوەی ناردنی هێزی تایبەتی زەمینی بۆ عێراق و سووریا بۆ شەڕی دژی داعش، بە هاوشێوەی ناردنی ئەو هێزانە نابێت کە لە ٢٠٠١ بۆ ڕووخانی ڕژێمی تاڵیبان و لە ٢٠٠٣ بۆ ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن ڕەوانەی عێراق و ئەفغانستانیان کرد، کەواتە ئەو شێوازەی ئەمەریکا لە ناردنی هێزی تایبەتی زەمینی ئەمجارە پیادەی دەکات، شێوازێکی جیاوازی دەبێت و ژمارەکەشیان زۆر کەمتر دەبێت، سەبارەت بە شێوازی تازەی ناردنی ئەم هێزانە و ئەرك و شێوازی شەڕکردنیان لە عێراق و سووریا، ئەشتۆن کارتەر بە لیژنەی سەربازی کۆنگرێسی ڕاگەیاند: ئەم هێزە تایبەتانە ئەرکی دیاریکراویان دەبێت بە هاوبەشی لەگەڵ ئەو هێزە لۆکاڵانەی کە لە ناوچەکە بوونیان هەیە، لە چوارچێوەی کاری هەماهەنگیدا ئەم هێزانە توانای هەڵکوتانەسەر دوژمنیان دەبێت بە شێوازی دابەزین لە ئاسمانەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی بارەگایەك، ئازادکردنی ئەو بارمتانەی لای تیرۆریستانی داعش گیراون و هەڕەشەی سەربڕینیان لەسەرە. بەڵام لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: ئایا ئیدارەی سەرۆك ئۆباما کە خاوەنی سێ ئەزموونی فاشیلە (داگیرکردن لە عێراق، دەستێوەردان لە لیبیا و تەماشاکردن لە سووریا)، ئێستا چۆن دەتوانێت بڕیاری ناردنی هێزی تایبەتی زەمینی بدات و لە سەرکەوتنەکەشی دڵنیا بێت؟ ئەم بڕیارە لە کاتێکدایە ناونیشانی دوایین ژمارەی مانگی ١١ و ١٢ی گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بریتیە لە -ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دوای ئەمەریکا - The Post-American Middle East هەر لەناو دۆسێی سەرەکیی ئەم بابەتەدا بابەتێکی دیکە هاتووە کە دانیاڵ بایمەن بە ناونیشانی «دوای شەڕی دژە تیرۆر. ئەمەریکا پێویستی بە سیاسەتێکی واقیعییانە هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا»، ئەمانە هەمووی ئاماژەی ڕاستەوخۆی ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوەن لە ئەمەریکا، بەوەی ئیدارەی ئۆباما زۆر بە زەحمەت دەتوانێت بڕیار بە شێوەیەکی گشتی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ عێراق و سووریا بدات، بەتایبەتیش ئەگەر بڕیارەکە بۆ ناردنی هێزی سەربازی بێت.

هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هۆکاری پشتی ئەم بڕیارە بە ناردنی هێزی تایبەتی زەمینی بۆ شەڕی داعش، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی کە هێزەکانی دژەتیرۆری سەر بە ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی کوردستان و هێزە تایبەتە زەمینییەکانی ئەمەریکا لەمانگی ڕابردوو لە حەویجە ئەنجامیاندا و توانییان لە پرۆسەیەکی دابەزین لە ئاسمانەوە نزیکەی ٧٠ بارمتە ئازاد



بکەن، ئەم پرۆسە سەرکەوتووەش بە زیانێکی زۆر کەم کۆتایی هات کە تەنیا یەك سەربازی ئەمریکی بووە قوربانی، ئەم پرۆسە سەرکەوتووە هاوبەشەی هێزی دژەتیرۆری ئەنجوومەنی ئاسایشی کوردستان و هێزە تایبەتە زەمینییەکانی ئەمەریکا لە ستراتیژیەتی نوێی سەربازی دژی داعش، دەبێتە کۆڵەگەیەکی سەرەکی ئەو ستراتیژە، وەك ئەشتۆن کارتەر راشکاوانە ئاماژەی پێکرد، ئەمەش دەبێتە بەشێك لە کاری هاوبەش و گۆڕینەوەی زانیاری و شەڕی هاوبەش دژی تیرۆریستانی داعش. ئەوەشی زیاتر پاڵپشتی بۆ ئەم بۆچوونە زیاتر دەکات، لە رووماڵێکی ئاژانسی رۆیتەرز بۆ شێوازی ناردنی ئەم هێزە و جێگیرکردنی ئەم هێزە لە عێراقدا، بەرپرسێکی سەربازی ئەمریکی لە بەر ئەوەی ناکرێت بە ناوی ئاشکرا باس لە پلانی سەربازی بکرێت، بە رۆیتەرزی راگەیاندووە، بە مەرجێ ناوی بڵاونەکرێتەوە، زانیارییەکەیان پێشکەش دەکات. ئەو هێزەی ئەشتون کارتەر ئاماژەی پێدەکات و بەنیازن بینێرن بۆ عێراق، هەموو ئاماژەکان بەو ئاراستەیەن ئەو هێزە لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کورستان جێگیر دەکرێت و لە هەولێرەوە هەماهەنگی و کاری هاوبەش ئەنجام دەدرێت.

لەم خوێندنەوەیەدا و بەپێکەوە گرێدانەوەی هەموو رەهەندەکانی ستراتیژیەتی نوێی سەربازی دژی داعش لە عێراق و سووریا، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی، کە ئەم ستراتیژیەتە نوێیە، لەناو خودی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، یان فراوانتر لەناو هەموو ئەو لایەنانەی لە ئێستا لە دژی داعش یەکدەگرنەوە، دوو جۆر هاوپەیمانی دروست دەبێت، هاوپەیمانی یەکەمیان هاوپەیمانییەکی کاتیە کە بریتی دەبێت لە رووخاندنی دەوڵەتی ئیسلامی داعش و بەس، هاوپەیمانی دووەمیان هاوپەیمانیەکی بەردەوام دەبێت بۆ رووخانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش و دووبارە رێکخستنەوەی ناوچەکە و دەستپێکردنەوەی پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت و دروستکردنەوەی سەقامگیری و تەناهی لە ناوچەکەدا، ئەوەی دەبێتە جێگەی گەشبینی بۆ کوردستان، ئەوەیە لە ئێستاوە کوردستان بۆتە پێگەی سەرەکی بۆ تێکشکاندنی داعش، پێگەی سەرەکی بۆ دووبارە رێکخستنەوەی ناوچەکە دوای نەمانی داعش، بۆیە ئەو لایەنانەی کە لەگەڵ ئاراستەی یەکێتی ئەورووپا و ئەمەریکا وەك هاوپەیمانی بەردەوام یەکدەگرنەوە، لە ئێستاوە دیارە لە کوردستان زیاتر نزیك دەبنەوە و کوردستانیش زیاتر لێیان نزیك دەبێتەوە، ئەو لایەنانەشی تەنیا بە شێوەیەکی کاتی و بۆ رووخانی داعش لە پرۆسەکەدان و نایانەوێت دوای نەمانی داعش دەوڵەتی مەدەنی و هاوچەرخ بوونی هەبێت، ئەوا لەگەڵ نزیکبوونەوەی زیاتری کوردستان لە هاوپەیمانی بەردەوام بۆ بونیادنانەوەی ناوچەکە، هاواریان لێ هەڵدەستێت و نازانن چۆن رق و کینەی خۆیان بەرامبەر کوردستان و سەرۆکەکەی بارزانی دەرببڕن!

**راستە عەرەبستانی سعودی وەک کۆمەڵگە ژینگەیەکی بیری ئیسلامی وەهابیزمی هەیە، وەهابیزمیش سەرچاوەی توندڕۆیی ئیسلامییە، بەڵام ئەم ژینگەیە تەنیا لە چوارچێوەی مزگەوتەکانە و مزگەوتەکانیش دوورن لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی لەناو دەوڵەتی عەرەبستانی سعودیەدا، هەر بۆیە عەرەبستانی سعودی وەک دەوڵەت و حوکمڕانی خاوەنی کۆمەڵێک بەهای هاوبەشە لەگەڵ دەوڵەتانی هاوچەرخ و دەوڵەتانی رۆژئاوا**

### ئایەتوڵڵا ئەیاد جەمالەددین لە دیمانەیەکی ئەلعربیە-دا:

# حزبی دەعوەی عێراق کۆپییەکی شیعی ئیخوان موسلمینە و هۆکاری سەرەکیی ئەو کاولکارییانەیە کە بەسەر عێراقدا هاتوون




**شەوی هەینی رابردوو لە بەر نامەی (نقطة نظام)ی تەلەفزیۆنی ئەلعربیە، ئایەتوڵڵا ئەیاد جەمالەددین لە وەڵامی پرسیارەکانی حەسەن معەوەزی پێشکەشکاری بەرنامەکە سەبارەت بە حزبی دەعوەی عێراق، ئەو حزبەی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق سەرۆکی بووە، بەمجۆرە هاتەئاخاوتن:**


*** باس لەوە دەکرێت بۆچوونێکی تایبەتت لەسەر حزبی دەعوای عێراقی هەیە، ئەو حزبەی تا ئێستا ٣ سەرۆک وەزیرانی بۆ عێراق لێ هەڵبژێردراوە، کەچی دەڵێیت: هیچ جیاوازییەك لە نێوان حزبی دەعوەی عێراق و حزبی ئیخوان موسلمینی میسر نییە، ئایا ئەمە بۆچونی خۆتانە؟**

- بەڵێ، ئەمە بۆچوونی منە. حزبی دەعوەی عێراقی کۆپییەکی شیعی حزبی ئیخوان موسلمینی میسرە، لەمەش زیاتر هەمان پەیڕەو پرۆگرامی ئەو حزبە جێبەجێ دەکەن، تەنانەت یەکێك کە دەبێتە ئەندامی حزبی دەعوە دەبێت پێشتر کۆمەڵێك کتێبی ئیخوانی خوێندبێتەوە و بەسەریدا تێپەڕیبێت، وەك کتێبەکانی سەید قوتب، حەسەن بەننا، ئەبو عەلای مەودوودی، ئەبوحەسەنی نەدەوی، سەعید حەوا، فەتحی یکن، یوسف ئەلقەرەزاوی، سەبارەت بە قەرەزاوی حزبی دەعوەی عێراق قەرەزاوی وەك یەکێك لە پێغەمبەرەکان سەیر دەکات، لای ئەوان قەرەزاوی لە هەموو زاناکانی شیعە پەسەندترە، تەنانەت لە ئایەتوڵڵا سیستانی-یش، بەڵام ئێستا کە سەرکردەکانی حزبی دەعوە موجامەلەی ئایەتوڵڵا سیستانی دەکەن، ئەوەیان مەسەلەیەکی دیکەیە و دەزانن سیستانی لە ناو جەماوەری شیعە خاوەن نفووزە، بۆیە لە رووی سیاسییەوە ناچارن پەنای بۆ بەرن، بەڵام ئەگەر سەیری بونیادی فیکری هەر تاکێکی حزبی دەعوەی عێراقی بکەین، دەبینین هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ تاکێکی حزبی ئیخوان موسلمینی میسری نییە.

**• ئایا راتان بەو جۆرەیە حزبی دەعوای عێراقی پێوستە بە یاسا رابگیرێت، هەروەك چۆن لە میسر ئیخوان موسلیمین لە کاری سیاسی قەدەغەکراوە؟**

- بارودۆخی عێراق جیاوازە، بەڵام بۆچوونی من بەوجۆرەیەکە پێویستە رێگە نەدرێت هیچ حزبێکی سیاسی ئیسلامی لەسەر زەوی بوونی هەبێت، دیارە لەم حاڵەتەشدا پێویستە پێش هەمووان حزبی دەعوە کاری سیاسی لێ قەدەغە بکرێت، واتە حزبی ئیسلامی سیاسی، ئیخوان موسلمین، بێت یان حزبی دەعوە، یان هەر حزبێکی دیکە کە هەوڵبدات بە رێگەی خوا و ئایین و ئیسلام و قورئان خەڵك دەستەمۆ بکات و بەکاریان بهێنێت من بە تەواوەتی دژی ئەوەم.

**شایەنی باسە ئەیاد جەمالەدین لە رۆژی ١٣ی تەمموزی ٢٠١٥ لە کۆڕێکی تەلەفزیۆنیدا ئەم بۆچوونەی لەسەر حزبی دەعوە دەربڕیوەو ئاماژەی بەوە کردووە حزبی دەعوەی عێراق هۆکاری سەرەکیی هەموو ئەو کاولکارییانەیە کە بەسەر عێراق و شارستانییەتەکەی هاتوون، هەروەك ئیخوان موسلمین لە میسر ئەنجامیدا.**



رەشید خەیون توێژەر و نووسەری ناسراوی عێراق بۆ گوڵان:

# سیاسەتە چەوتەکانی نوری مالیکی گەشەی بە داعش کرد و کەس نەیتوانی سنووری بۆ دابنێت

**لەناو هاوکێشەی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەست ناکرێت دەوڵەتێك بوونی مابێت ناوی عێراق بێت، عێراقی ئێستا وەك دەوڵەتێکی مەزهەبگەرایی شیعە رەفتار دەکات، بەرپرسانی شیعە لە بەغدا بەو جۆرە بارودۆخەکە دەبینن کە عێراق لە یەك پێکهاتە و یەك مەزهەب پێکهاتووە کە ئەویش شیعەیە، ئەم سیاسەتە چەوتە لە سەردەمی حوکمڕانیی نوری مالیکی- یەوە پەیرەو دەکرێت و بۆتە هۆکاری هەموو نەهامەتییەکانی عێراق و بەهێزبوونی تیرۆریستانی داعش و کەوتنی مووسڵ. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بارودۆخە لەبەریەك هەڵوەشاو و شڵەژاوەی عێراق و دروستبوونی پرسیار لەسەر ئەوەی ئایا عێراق وەك دەوڵەت بوونی ماوە، یان نە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ رەشید خەیون نووسەر و توێژەری دیاری عێراق ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** بە دەر لەوەی رۆژانە چی لە عێراق روودەدات، خوێندنەوەت بۆ ئەو رووداوانەی کە لە ناوچەکەدا روودەدەن چییە؟ بە تایبەتی پاش ئەو کاردانەوە و لێکەوتانەی بە هۆی دەستێوەردانی رووسیا بۆ ناوچەکە دروست بوون، بەتایبەتیش کاردانەوەی ئێران جیاواز بوو لە چاو زۆر لە وڵاتانی ناوچەکە، بە دیاریکراوی چۆن لەو گۆڕانکارییانەی ئێستای ناوچەکە دەڕوانن؟**

ـ زەحمەتە روانین بۆ دۆخی گشتی عێراق لە چوارچێوەی روانینی ئێرانی دەربهێنرێتە دەرەوە، چ بە هۆی ئەو پێوەندییانەی ئێستا هەیە و چ بە هۆی هاوپەیمانێتی و رووبەڕووبوونەوەی یەك دوژمن کە ئەویش داعشە، بۆیە ئەگەر بپرسیت روانینی عێراقی روانینی کێیە؟ پێت دەڵێم: روانینی حزبەکانە، نەك روانینی دەوڵەت، لەبەر ئەوەی تا ئێستاش دەوڵەت ناتوانێت یەك بڕیاری یەکگرتووانە دەربکات. سەرۆکی وەزیران کە شتێك رادەگەیەنێت، چەند فراکسیۆن و

**هەر دەوڵەتەو بە شێوەیەک لە شێوەکان زیان، یان کەڵک لە هەبوونی داعش وەردەگرێت، لەبەرئەوەیە کە ناتوانم بڵێم کەی داعش کۆتایی پێ دێت، ناشتوانم بە رەهایی بڵێم کەی تیرۆر کۆتایی دێت**

**زۆربەی حزبە باڵادەستەکانی هەرێمی کوردستان لەبەرئەوەی حزبی ئائایینی بوون، دەیانتوانی جۆرێک لە هاوسەنگی رابگرن، دەیانتوانی لە دارشتنەوەی یاساکاندا بە شێوازێکی مەدەنی و دیموکراتییانە رۆڵیان هەبێت**

**هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی سەربەخۆ لە چوارچێوەی عێراقدا دەیتوانی رۆڵێکی کارا بگێرێت بۆ راستکردنەوەی ئەو هەموو تێکوپێکشکانەی بەر بەدەنی عێراق کەوتووە**

بەرەیەك لێی رادەپەرموونەوە و دژایەتی راگەیانراوەکەی دەکەن. بە شێوەیەکی گشتی دۆخی عێراقی دوور نییە لە دۆخی ئێرانییەوە، لە دیاریکردنی چارەنووسی سووریادا، بەرپرسانی شیعەی عێراق پێیانوایە هەبوونی رووسیا زامنکەرە بۆ مانەوەی رژێمی سووریا، تەنانەت ئەمەریکاش ئەمە دەزانێت و هیچ هەڵوێستێکی لەسەر وەرنەگرتووە، وێڕای کاریگەریی خۆرئاوایی بۆ سەر دۆخەکە، چونکە رووسیای ئێستا ئەو رووسیایەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران نییە لە سەردەمی جەنگی سارددا کە بتوانێت لەبەرانبەر ئەمەریکادا بوەستێت.

*** باشە دەکرێت بڵێین روانینەکە لە تێڕاوانینی دەوڵەتی عێراقییەوە هەمان روانینی دەوڵەتی ویلایەتی فەقیهە؟**

ـ زەحمەتە بتوانین ئەو حزبانەی ناو عێراق کە ئێران پشت و پەنایانە لە روانینی ئێرانی جیایان بکەینەوە، ئەو حزبانە هەمان هەڵوێستی ئێرانیشیان لە بەرانبەر رژێمی پێشووی عێراقدا هەبووە، ئێستا ناتوانن لە چوارچێوەی ئێران دەربچنە دەرەوە، ئەمە گومانی تێدا نییە، خۆ ئەگەر ئێستا ئێران بڕیار بدات دژ بە هەبوونی رژێمی سووریا، هەمان بڕیار لە عێراقیش هاوشێوە دەدرێت.

*** ئەی مەترسی شیعە بەراورد بە مەترسی سوننە چۆن دەبینی، بەتایبەت کە ئەهلی سوننە تا رادەیەك یەکگرتوون لە ناو یەکدا، بەڵام شیعە تا ئێستاش لە ناوخۆشیاندا لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی دی جیاوازن. ئایا لەو بڕوایەدایت کە ئەم جیاوازییانە وایان لێ بکات مەترسیی زیاتریان هەبێت چ بۆ ناو عێراق و چ بۆ ناوچەکەش؟**

ـ شیعەکان نە تەبەنای تەکفیرکردن دەکەن، نە بڕواشیان بە کردەوەی تیرۆریستی خۆکوژییانە هەیە، بەتایبەتی بۆ دراوسێکانیان، ئەوروپیەکانیش باش ئەمەیان درك پێکردووە، ئەمریکییەکانیش بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن کە گرووپە شیعیەکان لە ناو سنووری هەرێمایەتی خۆیاندا هەڵدەسووڕێن، زیاتر هەبوونیان لە ناو ئێران و عێراق و لوبناندایە، مەترسیی ئەمان نەگواستراوەتەوە بۆ ناو پایتەختە ئەوروپییەکان وەك ئەوەی جیهادی سەلەفی کە مەترسییەکانیان گواستراوەتەوە بۆ هەموو شوێنێك، بەڵام لایەنی سوننە لە تێزەکانیاندا یەك نین، خۆ وڵاتانی کەنداو سوننەن، کەچی بە توندی هەڵوێستیان لە هەمبەر قاعیدە و داعش وەرگرتووە، چونکە هەر سوننەن و مەترسییان خستۆتە سەر حکومەتەکانی کەنداویش، داعش پێیوایە حکومەتی سعودیە حکومەتی ئال سلولی کافرە، رۆژانە شانەی خەوتووی قاعیدە و داعش لە ناو سعودیە دەدۆزنەوە و بە توندی سزایان دەدەن، سوننەکان هەڵوێستێکی یەکگرتوویان لە ناوخۆیاندا نییە، تەنانەت سەبارەت بە دەوڵەتانی سوننەی ناوچەکەش هەر یەکەو بە شێوەیەك هەڵوێست دەنوێنن و رێککەوتنێك نییە لە نێوان خۆیاندا بۆ رووبەڕووبوونەوەی رووداوەکان، هەروەها هەڵوێستی شیعەکانیش یەکگرتوو نییە، چەندین دەنگی شیعی بەرز بوونەتەوە بەوەی کە نابێت هەموو کارتی شیعە بخرێتە بەرەی ئێرانەوە و نایانەوێت هەموو شیعە ملکەچی ویلایەتی فەقیهی ئێرانی بێت، بەڵام لەسەر ئاستی دەنگی فەرمییانەی دەوڵەت جۆرێکی دیکەیە و لە عێراقدا چ حزبەکان و چ رەمزەکانی دەسەڵات پاشکەوتەی دەسەڵاتی ئێرانین، واتە دووبەرەکییان لەناو خۆیاندا هەیە بۆ یەکلاخستنەوەی ئەو بابەتانەی رووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەمەش وایکردووە بە یەکدەنگییەوە رووبەڕووی داعش نەبنەوە، وەك چۆن حکومەتی سعودیە بە یەك دەنگییەوە رووبەڕووی تیرۆرستان دەبێتەوە، یان وەك چۆن حکومەتی قەتەڕ بە یەکدەنگییەوە رووبەڕووی حکومەتی سوننەمەزەبی دیکە دەبێتەوە.

***بە چ شێوەیەك لە داهاتووی عێراق بڕوانین، ئەگەر لە روانگەی شیعەکانەوە تەماشای بکەین؟**

ـ ئەمە تەنیا روانینی شیعی نییە، بەڵکو روانینی ئەو حزبانەیە کە لە فەلەکی گشتی روانینە شیعەگەریەکەوە تەماشای شتەکان دەکەن، هۆکاری ئەوەی عێراق بەم شێوەیەی لێهاتووە بە پلەی یەکەم حزبە شیعەگەرییەکانن، دیموکراتیەت تەنیا نابەسترێتەوە بە زۆرینەی دەنگی پاش هەڵبژاردنەکانەوە، چونکە پاش هەڵبژاردنەکانیش دیسان رۆڵی سەرەکی لە نێوان حزبەکان دابەش دەکرێنەوە، ئەو حزبانەش ئەو دۆخەیان پێباشترو گونجاوترە کە ئێستا عێراقی تێکەوتووە، لە کاتێکدا جوداخوازی لە رووی هەرێمایەتی و لە رووی نێودەوڵەتییەوە رەزامەندی بۆ نادرێت، ئیتر دۆخ و کارەکان وەك خۆیان بەم شێوەیە بەڕێوەدەچن و لە هەر خولێکی هەڵبژاردندا هەمان کەسایەتی و حزبەکانی ئێستای گۆڕەپانەکە هەڵدەبژێردرێنەوە، لەگەڵ گۆڕانکارییەکی سادەو ساکار لە دابەشکردنەوەی رۆڵگێڕانەکاندا، حزبە باڵادەستەکان حاڵی وەك ئێستایان پێ باشترە.

*** دەکرێت بڵێین عێراق دەوڵەتێکی نیمچەمەزهەبییە، یان تەواو مەزهەبییە؟**

- ئێستا ئەوەی لە مەیدان و واقیعەکەدا دەیبینین، دەوڵەتێکی مەزهەبییە، بەڵام ئێمە کە دەڵێین دەوڵەتێکی مەزهەبی، ئایا شیعە وەك مەزهەب حوکمدارن، لە

کاتێکدا حکومەتێك کارەکان بەڕێوە دەبات، بەڵام کاروبار لەسەر بناغەی مەزهەب بەڕێوەدەبرێن، بە نموونە لەگەڵ ڕێزم بۆ سەرۆك وەزیرانی عێراق حەیدەر عەبادی بەپێی ئەو پایەی هەیەتی نابێت بەرگی شیعەیەك بپۆشێت و لە چلەی حوسێندا بەخۆیدا بکوتێت، بەڵکو پێویستە وەك عێراقییەك نوێنەری هەموو عێراقییەکان بێت، عێراق فرەمەزهەب و تائیفەیە، نابێت وەك کۆپی شیعەیەك هەمووان وەك یەك کۆپی بکەن، ناکرێت خاوەن ئەو پۆستە باڵایانە هەموو چاویان بەس لەسەر یەك تائیفە، یان یەك مەزهەب بێت.

*** زۆر کەس دەپرسن کە عێراق لە زۆر لایەنەوە ئێکسپایەر بووە، لە ڕووی مەزهەب و سیاسەت و ئابووری و لایەنی سەقامگیرییەوە پارچە پارچە بووە، ئەی ئەمەریکا بە ئومێدی چییە و دەیەوێت لەم عێراقە هەلاهەلایەدا فریای چی بکەوێت؟**

- ئەمەریکا نایەوێت بە فریای عێراق بکەوێت، سەرەتا هەوڵ دەدرا دوور لە بنەمای مەزهەبی عێراق ڕزگاربکرێت، ئەوەش ئەمەریکا لە پێناوی ئاوی ناوچەوانی خۆی دەیکرد، کە ئەو هەموو زیانە ماددی و مرۆییەی لە عێراقدا دابوو، بۆ ئەوەی لەبەردەم گەلەکەی خۆی شەرمەزار نەبێت، بەڵام ئێستا عێراق کاولە و وڵاتێکی داڕووخاوە، شتێکی تێدا نەماوە تا ڕۆڵێکی هەرێمایەتی، یان نێودەوڵەتی بتوانێ بەهانایەوە بچێت، ڕاستکردنەوەی ئەم وێرانەیە پێویستی بە دەستوور و ڕاستکردنەوەی هەموو پرۆسەی سیاسی وڵات هەیە، لەوە دەرچووە وا بزانرێت بە گۆڕینی بەرپرسێك و هێنانی گرووپێکی سوننی بۆ دەسەڵات عێراق چارە بکرێت، ریفۆرم لە عێراقدا پێویستی بە دۆزێکی گشتی وا هەیە لە ڕەگ و ڕەچەڵەکەوە دەستی بۆ ببەیت، ١٣ساڵە هەڵە لەسەر هەڵە کەڵەکە دەکرێت، ڕزگارکردنی ئەم دۆخە لەسەر ئەم خۆڵەمێشە ناکرێت کە ناوی عێراقە، بەڵکو پێویستی بە دامەزرانەوەیەکی دەوڵەتییانەیە، چونکە بەهۆی ئەوەی دەوڵەت ناتوانێت خەڵکی خۆی بپارێزێت، هەر گرووپ و تایەفەیەك حەق بە خۆی دەدات هەرێمێکی سەربەخۆو هێزی سەربازی خۆی هەبێت، تا خۆی لەوانیتر بپارێزێت، هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی سەربەخۆ لە ناوچارچێوەی عێراقدا دەیتوانی ڕۆڵێکی کارا بگێڕێت بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هەموو تێکوپێکشکانەی بەر بەدەنی عێراق کەوتووە، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان زیاتر خەمیان بۆ پێشخستنی هەرێمەکەی خۆیانە، بەڵام هەر گۆڕانکارییەکی سلبی لە بەغدا ڕەنگدانەوەی خێرای لەسەر ئەوانیش دەبێت، داعش بە چی فراوان بوو؟ بەهۆی کاردانەوەی لێدانی بە زەبری مانگرتووانی سوننە و ئەو ستەمەی بەهۆی سیاسەتی چەوتی نووری مالیکی بەرانبەر سوننە دەیگرتەبەر و کەسیش سنووری بۆ دانەدەنا. لەو کاتەدا کورد تەنیا لەسەر مافەکانی کوردستان دەدوان، تەنیا داخوازی ئەوەیان هەبوو گرفتەکانیان لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکەن، لە کاتێکدا هەر گرفتێك کە لە ناو بەغدا هەڵدەگیرسا، ناڕاستەوخۆ کێشەیەکی لە نێو هەرێمی کوردستانیش هەڵدەگیرسان، زۆربەی حزبە باڵادەستەکانی هەرێمی کوردستان لەبەرئەوەی حزبی نائایینی بوون، دەیانتوانی جۆرێك لە هاوسەنگی ڕابگرن، دەیانتوانی لە داڕشتنەوەی یاساکاندا بە شێوازێکی مەدەنی و دیموکراتییانە ڕۆڵیان هەبێت، نەك بەشێوەیەك هەر یاسایەك کە دادەڕێژرایەوە پڕاوپڕی شەریعەتی یەك ئایین و بۆ خاتری زۆرینەی ئایینێك دادەڕێژرایەوە، کورد لە داڕشتنەوەی دەستووردا زیاتر چاویان خستبووە سەر ئەوەی دەستوورێك هەبێت تەنیا بە دڵی خۆیان بێت بۆ دەستەبەرکردنی مافە فەوتێنراوەکانیان، وەك ئەوەی ئەو دەستوورە تەنیا بۆ قۆناغێکی کورتخایەنی ڕاگوزەربێت، ئەمە وایکرد ڕۆڵی کورد لە بەغدا لاوازبێت و ئەو ڕۆڵە گەورەیەی نەمێنێت کە دەسەڵاتی حەقیقی لە بڕیاردانی دەوڵەتیانەی عێراقی پێبدرێت، کورد ٥٤ نوێنەریان لە پەرلەمان هەیە، دەیانتوانی ئاراستە و ڕێڕەوی زۆر شت بگۆڕن و هێزی خۆیشیان هەبوو، چونکە بابەتەکە تەنیا پێوەندی بە دەنگدانی ژمارەی کەسەکانەوە نەبوو لە ڕووی چەندێتی، بەڵکو پێوەندی بە ڕێککەوتنی نێوان فراکسیۆنە پەرلەمانییەکانەوە هەبوو، هەموو جارێ فراکسیۆنەکان ڕێکدەکەون، دواتر شتەکان دەخرێتە دەنگدانەوە، چارەسەرەکان بە ڕێککەوتنی نێوان فراکسۆنەکان دەکران، نەك بە کەم و زۆریی دەنگەکان.

*** ئەگەر داعش تەواو بێت، ئایا تیرۆر و تۆقاندن لەم وڵاتە دەمێنێت؟**

- نەمانی تیرۆر و تۆقاندن بە زۆر فاکتەرەوە بەستراوەتەوە، لەوانە چارەسەری بنەڕەتی دۆزی سیاسی لە عێراق و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕێگە هەڵانەی لە بنەڕەتەوە گیراونەتەبەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە گەورەکانی ناو عێراق، هەروەها بەستراوەتەوە بە چارەسەری کێشەی سووریا و چارەسەری ناکۆکییە هەرێمایەتییەکانی نێوان وڵاتانی ناوچەکە، هەر دەوڵەتەو بە شێوەیەك لە شێوەکان زیان، یان کەڵك لە هەبوونی داعش وەردەگرێت، لەبەرئەوەیە کە ناتوانم بڵێم کەی داعش کۆتایی پێ دێت، ناشتوانم بە ڕەهایی بڵێم کەی تیرۆر کۆتایی دێت.

**ئێستا عێراق کاولە و وڵاتێکی داڕووخاوە، شتێکی تێدا نەماوە تا ڕۆڵێکی هەرێمایەتی، یان نێودەوڵەتی بتوانێ بەهانایەوە بچێت**

**١٣ساڵە هەڵە لەسەر هەڵە کەڵەکە دەکرێت، ڕزگارکردنی ئەم دۆخە لەسەر ئەم خۆڵەمێشە ناکرێت کە ناوی عێراقە، بەڵکو پێویستی بە دامەزرانەوەیەکی دەوڵەتییانەی تازەیە**

**چەندین دەنگی شیعی بەرز بوونەتەوە بەوەی کە نابێت هەموو کارتی شیعە بخرێتە بەرەی ئێرانەوە و نایانەوێت هەموو شیعە ملکەچی ویلایەتی فەقیهی ئێرانی بێت، بەڵام لەسەر ئاستی دەنگی فەرمییانەی دەوڵەت جۆرێکی دیکەیە و لە عێراقدا چ حزبەکان و چ ڕەمزەکانی دەسەڵات پاشکەوتەی دەسەڵاتی ئێرانین**



پرۆفیسۆر نادیە ئۆربیناتی تایبەتمەند لە تیۆری سیاسیدا بۆ گوڵان:

# لە ئەڵمانیا سنوورێک بۆ حزبە توندڕەوە ڕادیکاڵەکان دانراوە و ڕێگەیان پێ نادرێت دیموکراتی بەرەو هەڵدێر بەرن

پرۆفیسۆر نادیە ئۆربیناتی ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی کۆلۆمبیا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر تیۆری سیاسی، بەتایبەتی فیکری سیاسی مۆدێرن و هاوچەرخ و سەرنووسەری گۆڤاری «کۆنسێلتەیشن»ـە کە گۆڤارێکی رەخنەیی نێودەوڵەتییە لەسەر تیۆری دیموکراتی. بۆ قسەکردن لەبارەی ئەو تەحەددییانەی ئەمڕۆ لە جیهاندا بە هۆکاری جیاواز ڕووبەڕووی دیموکراتی دەبنەوە، هەروەها چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو تەحەددییانە بۆ چارەسەر کردنیان و چەند پرسێکی هەنوکەیی، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ خاتوو نادیە ئۆربیناتی ئەنجامداو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.

*** بۆ ئەوەی دیموکراسی هەمیشەیی بێت، دەبێت هاوسەنگییەکی باش لە نێوان ئازادی و سەقامگیریدا بپارێزرێت. بە مانایەکی دیکە یەکێك لە گرفتە گرنگەکانی بەردەم دیموکراسی پاراستنی سەقامگیری و دابینکردنی ئازادییە بنەڕەتییەکانە. کەواتە چی ڕوودەدات کاتێك دیموکراسی کێشەی هەبێت لە ڕێگرتن لە پاشەگەردانی و دابینکردنی سەقامگیری؟**

- با لە چوارگەشەی یەکەمەوە دەستپێبکەین. دیموکراسی پێویستی بە دەوڵەتە لەبەر ئەوەی خۆی شێوەیەکی حکومەتە کە لەسەر بنەمای ڕێکخراوە دەستوورییەکان و سنووردارکردنی فرمانە سیاسییەکان و باوەڕی بە ئاسایشی بنەڕەتی هەیە لە جێبەجێکردنی یاسادا، کە لە ئەنجامدا سیستەمێکی وەزاری و بیرۆکراسی دەبێت،کە پەیکەرەی دەوڵەتە. لەم ڕووەوە دیموکراسی وەك خوێن و گۆشت وایە بۆ پەیکەرەکە، چونکە گونجاوە بۆ ڕێکارەکانی هەڵبژاردن و دەسەڵاتی نوێنەرانی سیاسی. لەم پرۆسەیەدا هەموو هاونیشتمانییان بە ژن و پیاوەوە بەشدارن لە دانانی یاسادانەرانی سیاسی و شەرعییەتیان پێدەدەن. بۆیە لێرەوە دیموکراسی باوەڕی بە سیستەمێکی مافەکانە کە نابێت پێشێل بکرێت و ئەو گەرەنتییە دەدات کە جێبەجێکردن و ناچارکردنی یاسا بەپێی یاساکان و لە ژێر وردەکاری و سەربەخۆیی سیستەمی دادگەریدا ڕوودەدات. مافەکان و دابەشکردنەکانی دەسەڵات دڵنیایی دەدات کە هیچ زۆرینەیەك ناتوانێت وەك حاکمی ڕەها حوکم بکات و هیچ دەسەڵاتێکی دەوڵەتی بەپێی بڕیاڕی ڕەمەکی کاربکات. بە کورتی دیموکراسی ڕێگەیەکی ئاڵۆزی پێکهێنانی حکومەتەکان و بیروبۆچوونەکانە و پێویستی بەوەیە کە ئاسایش، یان پێچەوانەکەی (توندوتیژی) کێشەیەکی هەمیشەیی ڕۆژانە نەبێت. دیموکراسی دەیەوێت و لەهەمان کاتدا بەشدارە لە درووستکردنی ئاشتی لە کۆمەڵگەدا. ڕێگە دەدات بە خەڵکە جیاوازەکان بەرژەوەندی جیاواز و بۆچوونی خۆیان هەبێت و ئاشتییانە کێبڕکێ بکەن بۆ گۆڕینی حکومەت و دەسەڵات لە بەرانبەردا. دیموکراسی بە «سازانی لۆژیکانە» دەژی و ئەمە دەستوورەکەیەتی، لەنێوان ئەو هێزە سیاسییانەی بەڵێنیان داوە بە قسە و سندوقەکانی دەنگدان شەڕ بکەن، ئەمەش لەناو هەڵبژاردندا. دیموکراسی بەڵێنی سنووردارکردنی کێبڕکێیە لەبەر ئەوەی بەڵێنێکە بۆ کێبڕکێی دەسەڵاتی سیاسی تەنیا لە ڕێی ئامرازە سیاسییەکانەوە.

*** لایەنێکی جوانی سیستمی دیموکراتی ئەوەیە کە دەڵێن وڵاتانی دیموکراتی لە دژی یەکتری شەڕ ناکەن، ئایا چۆن باسی ئەم شانازییە دەکەیت کە دەوڵەتانی دیموکراتی لە ڕۆژئاوا شانازی پێوە دەکەن؟**

- ئەم بیرۆکەیە تا ڕادەیەك نوێیە. لەلایەن مایکل دۆیل ـەوە کە زانایەکی سیاسییە لە زانکۆی کۆڵۆمبیا لە ساڵانی هەشتاکاندا داهێنراوە. دۆیل-یش لە بیرۆکەی «ئاشتی هەمیشەیی» ئیمانوێل کانت ـەوە پەرەی پێداوە کە لە ساڵی ١٧٩٥دا نووسراوە، بەڵام ئەم دوو بیرۆکەیە جیاوازن. بەپێی بۆچوونی کانت، ئاشتی هەمیشەیی لە ڕێی پێوەندی و پشت پێبەستنی هاوبەشی لەسەرخۆیە، هەندێك جار دوای چەندین جەنگ و ناکۆکی، دەوڵەتان دەست دەکەن بە گەڕان بەشوێن پێوەندیی ئاشتییانەدا، بەڵام لەبەر ئەوە نا، کە یەکێك بەسەریاندا بیسەپێنێت، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەوڵەتان بە کۆمەڵگە مەدەنییەکانیان کە لە سەر بنەمای مافەکان دەمەزراون، زوو، یان درەنگ تێدەگەن کە باشترە لە جیاتی جەنگ پێوەندی بازرگانی درووست بکەن. بەڵام ئەم پرۆسەیە لە مێشکی کانتدا پێویستی بەکاتە، واتە پرۆسەیەکی درێژە و دەبێت لە ناو دەوڵەتەکان خۆیانەوە دەست پێبکات، لەبەر ئەوەی هاونیشتمانییان پێویستییان بە پێوەندیی بازرگانی و مافی ڕۆیشتن و گواستنەوەی شتومەك هەیە، ئەمەش پەرەدەسەنێت بۆ سیستەمێکی دەستووری. ئەم گۆڕانە ناوخۆییە بەشدار دەبێت لە گۆڕینی پێوەندیی نێوان دەوڵەتان لە جەنگەوە بۆ ڕێککەوتنەکان. بەدڵنیاییەوە بۆ ئەوەی ئەمە سەربکەوێت لەسەر ئاستی جیهانی، پێویستە بەرەو ئاڕاستەی بە دەستووریکردنی ڕەفتارەکانیان بچن. لێرەشەوە ڕێککەوتنەکانیان لا پەسەند دەبێت لەجیاتی جەنگ و ڕێککەوتنە ڕاستەکانیان لەجیاتی ئاگربەستی فرت و فێڵاوی و ڕەفتاری ئاشکرا لە جیاتی نهێنی لا پەسەند دەبێت. هەر بۆیە لە بیرۆکەکەی کانتەوە، مایکل دۆیل یاسایەکی گشتی زۆر گرنگ و ئاسانی پەرەپێداوە کە بەپێی ئەوە ئەگەر هەموو دەوڵەتان دیموکراسی بن، ئەوا جەنگ کۆتایی پێدێت، لەبەر ئەوەی دەوڵەتانی دیموکراسی شەڕ لەگەڵ یەکتر ناکەن. ئەمەش بەدڵنیایەوە لەلایەکەوە ڕاستە و لەلایەکی تریشەوە ڕاست نییە. ئەم گریمانەیە قورسە بەو شێوە ئاسانە درووست ببێت، لەبەر ئەوەی دەوڵەتانی دیموکراسی لە جیهانێکدا دەژین کە چەندین حکومەتی نادیموکراتی تێدایە و لێرەشەوە دەیانەوێت پەرە بە هێزی سەربازی بەهێز بدەن بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن و کەمتر دەسەڵاتی مەدەنییان هەبێت. بەدڵنیاییەوە ئەوە ڕاستە کە دەوڵەتانی دیموکراسی دەیانەوێت پێوەندییەکانیان ئاشتییانە بێت، هەروەها لەبەر ئەوەی حکومەت پشت بە ڕێککەوتنی خەڵك دەبەستێت، ئەوەش قورسە کە لەڕێی بەرپاکردنی شەڕ و داگیرکارییەوە خەڵك ڕازی بکەیت، لەکاتێکدا لەکاتی جەنگدا بۆ بەرگری دەتواندرێت ئەمە بکرێت. بەڵام هەتا دەوڵەتانی دیموکراسی بە ڕژێمە داپلۆسێنەر

**ديموكراسی گۆڕینی تاکە لاوازەکانە بۆ تاکەکانی هاوکار لە پێناو ژیانێکی باشتردا**

**هەموو وڵاتان لە خاڵێکەوە دەستیان پێکردووە بۆ ئەوەی ببن بە دیموکراسی. من ئیتالیم و دەزانم فاشیزم و دوو جەنگ هەبوون، پێش ئەوەی بەرەو گۆڕانی دیموکراسی بچین، کە دەستپێکێکی درێژی هەیە و ساتی ئازاربەخشی زۆری تێدایە**

**لیبراڵیزم دوڵەمەندە و ئایینزایەکی سادە نییە. ئەوانەی کە دەیکەن بە ئایینزایەکی دۆگمایی سادەی وەک ئایین، خزمەتێکی خراپی لیبراڵیزم دەکەن**

**ئەوەی نوێیە ئەوەیە ئەمڕۆ هێزە ناسەقامگیرەکان پشت بە ئامرازەکانی پێوەندی دەبەستن کە زۆر بەتواناترن بەراورد بە ڕابردوو**

و ستەمکار و ئۆتۆکراتیەکان دەورە درابن، ئەوا قورستر دەبێت بۆیان کە بە ڕێگەی تەواو ڕەوای دیموکراسی بجووڵێنەوە.

*** بەم دواییانە چەندین کێشەی جیهانی بەهۆی پەنابەران و لێشاوی کۆچبەران بۆ ئەوروپا دروست بوو، هەروەك بزووتنەوەکانی دژە جیهانگیری و ناڕازیبوون لە دروستبونی یەکێتی ئەوروپا، پارتە ڕاسترەو و نەتەوەپەرستەکان دژی کۆچبەران و ڕێساکانی دیموکراسی وەستانەوە، چۆن ئەم گۆڕانکارییانە دەبینی و تا چەند دەبنە هەڕەشە بۆ دیموکراسی؟**

- پێموایە ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە. یەکێتی ئەوروپا وەك پرۆژەیەکی کرانەوە بۆ ئازادی هاتوچۆی هاونیشتمانییان و کەلوپەل لەنێوان دەوڵەتانی ئەوروپا و هاونیشتمانییانیاندا لەدایك بوو. ئەمە مافێکی بنەڕەتییە لە ڕێککەوتنی ڕۆمای ١٩٧٥دا. هەتا ئەو کاتە سنووری دەوڵەتانی ئەوروپا داخرابوون لەبەر ئەوەی دەوڵەتان دوژمنی یەکبوون. ڕێککەوتنی ڕۆمای ١٩٧٥ زۆر گرنگ بوو لەبەر ئەوەی مافی هاتوچۆی ئازادی ڕاگەیاند، هەرچەندە بەدڵنیاییەوە بۆ ئەو خەڵکانە نا کە لە دەرەوەی ئەوروپاوە دێن، بەڵکو تەنیا بۆ هاونیشتمانییانی دەوڵەتانی ئەوروپا کە ئەو ڕێککەوتنەیان ئیمزا کردبوو، بەڵام ئەمە دەستپێکێکی باش بوو، لەبەر ئەوەی بیرۆکەی ئازادی هاتوچۆی لەناو ناوچەیەکی فراوانی سیاسیدا خستە ناو کەلتووری سیاسی ئەوروپاوە. ئەمە فراوانکردنی ئەو بیرۆکەیە بوو کە چیتر سنوورەکان پێویست نییە داخراو بن و پێویستە لە جیاتی ئەوە بکرێنەوە. یەکێتی ئەوروپا لەسەر ئەو بیرۆکەیە لە دایك بوو لەبەر ئەوەی زۆر خەڵك پێویستییان بەوە بوو ئازادانە هاتوچۆ بکەن بۆ ئەوەی کار بدۆزنەوە، یان ژیانێکی باشتر و جیاواز هەڵبژێرن. بۆیە یەکەم بنەمای هاتوچۆکردن پێویستی ئابوری و کار و ژیانێکی باشتر بوو. ئەمرۆ ئەم بیرۆکەیە بۆ زۆر لە کۆچبەران کە هەوڵدەدەن وڵاتانی خۆیان بەجێ بهێڵن شتێکی گرنگە، لەبەر چەندین هۆکار: لەبەر ئەوەی وڵاتانی خۆیان لە شەڕدان، لە جەنگی ناوخۆیی و وشکەساڵیدان و هەروەها لەبەر ئەوەی کاریان نییە، بۆ ئەوەیە بژین، هەندێك جاریش تەنیا بۆ ژیانی جەستەییە نەك ئابووری، بۆیە کۆچبەران و پەنابەران هۆکاری خۆیان هەیە کە رابکەن و بە شوێن ژیانێکی باشتردا بگەڕێن. بەم مانایە ناتوانیت ڕێ لە خەڵك بگریت کە بە شوێن ژیانێکی باشتردا دەچن و ناتواندرێت بەڕاستی سنوورەکان دابخرێن. بە بۆچوونی من کێشەکە ئەوەیە کە پەنابەران زۆر زۆرن و بە کۆمەڵ کۆچ دەکەن بۆ ئەوروپا. ئەمە تەنیا کۆچکردنی چەند کەسێك نییە بە خۆیان و خێزانەکانیانەوە، بۆیە بووەتە هەڕەشە. سەرەڕای ئەوەش ئەو کۆچبەرانەی لە سووریا، یان ئەفریقاوە دێن، هەندێکجار لەلایەن ڕێکخراوە تاوانکارییەکانەوە بە قاچاخ دەبرێن و لەسەر ئەو خەڵکە پارە پەیدا دەکەن. لە کۆتاییدا ئەم لێشاوی پەنابەرانە لە کاتێکدا هاتووەتە ئاراوە کە وڵاتانی ئەوروپا لەڕووی ئابوورییەوە لە دۆخێکی باشدا نین. ئەوروپا لە ژێر باری گۆڕانکارییەکدایە بە ئاراستەی یەکسانی و کەمتر دەوڵەمەندی. لەو وڵاتانەی کە بەم دواییانە چوونەتە یەکێتی ئەوروپاوە، باری نالەباری ئابووریشیان زیادی کردووە، سەرەڕای دیموکراسی و مافەکان. من هەوڵدەدەم بە سادەیی لە ئاڵۆزی ڕووداوەکان کە ئەوروپا ڕووبەڕووی دەبێتەوە تێبگەم، وەك زیادبوونی هەستی ترس لە بێگانە و قەیرانە ئابوورییەکان پێکەوە، ئێستا تیرۆریزمیشی هاتە سەر، ئەمەش وادەکات کە بارودۆخەکە مەترسیدار بێت لە گۆشەنیگای چارەنووسی ئەوروپاوە، لەبەر ئەوەی داخستنی سنوورەکان واتە نەتەوەپەرستی و شۆڤێنیزم و ترس لە بێگانە، کە هەردووکیان پێکەوە بە گرفت و ناخۆشن بۆ دیموکراسی.

*** لە وڵاتانی پەرەسەندووی دیموکراسیدا رادیکاڵ و توندڕەوەکان پرنسیپەکانی دیموکراسی بەکاردێنن بۆ پێشێلکردنی حوکمی یاسا، حوکمی یاساش بۆ کەمکردنەوەی دیموکراسی، هەروەها ئازادی ڕادەربڕین بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان خراپ بەکاردێنن و سەقامگیری کۆمەڵایەتی دەخەنە مەترسییەوە، ئەمە چۆن دەبینی؟**

- ئەمە دیاردەیەکی نوێ نیە و بە قەد دیموکراسی کۆنە، لەبەر ئەوەی بۆچوونەکان پێویستییان بە فەزایەکی کراوەیە بۆ دەربڕینیان بە ئاشکرا و هەندێکجار مونافیسەکان لە یاری سیاسیدا دوژمنی دەستووری دیموکراسین. فەزای کراوە بۆ بیرۆکە فرەییەکان بەئاشکرا زەحمەتە سنووردار بکرێت، بەبێ مەترسی خستنە سەر سەرتاپای سیستەمەکە. بۆیە هەندێکجار وا ڕوودەدات گۆڕەپانی سیاسی پێشبڕکێ بەکاردەهێندرێت لەلایەن گرووپە توندڕەوەکانەوە کە دیموکراسی نین بۆ نیازی خۆیان، ئەمەش مەترسی ئەوەی هەیە ئەگەر زۆرینە لە وڵاتی خۆیاندا بەدەست بێنن، ئەوا ئامادەن دەستوور بگۆڕن و سیستەمی دیموکراسی بگۆڕن بە سیستەمێکی دەسەڵاتخواز. هەندێك لە بیردۆزانی وەك کارل شمیت، پێیانوابووە بۆ ئەوەی خۆ لەم بارە ناخۆشە لابدرێت، وا باشترە پێشبینی بکرێت و لە دەستووردا هەندێك سنووربەندی بۆ توندڕەوان هەبێت. ئەمەش لە ماددەی ٢١ی دەستووری ئێستای ئەڵمانیادا هەیە کە بەشداری پارتە توندڕەوەکانی لە کێبڕکێی هەڵبژاردندا لە چەپەوە بۆ ڕاست بێبەری کردووە. ئەمەش پێی

**کاتێک دەوڵەت لاواز بێت و نەتوانێت کۆنترۆڵی ناوچەیەک بکات، ئەوا مەترسی دروست دەبێت، کە ئەو ناوچەیە ببێتە پەناگەی هێزە ناسەقامگیرەکان**

**ئەو ڕێگەیەی کە دیموکراتی پێی بونیاد دەنرێت، دەبێت بپارێزێت، ڕێگەی زۆریش هەیە بۆ پاراستنی و باشترین ڕێگەش خودی ئامرازە دیموکراسییەکانە**

**دیموکراسی کتوپڕ و لە ڕۆژێکدا دروست نابێت. پێویستە لەلایەن ئەو خەڵکەوە بە هەند وەربگیرێت کە دەیانەوێت، دیموکراسی ناتوانرێت هاوردە بکرێت و دەبێت لە ناوەوە دروست بکرێت، واتە یاساکانی گەمەکە ئاسانە بۆ تێگەیشتن، بەڵام قورسە جێبەجێبکرێن و قبووڵکردنیان بردنەوەیەکی گەورەیە**

دەوترێت: دیموکراسی جەنگاوەر (militant democracy)، یان ئەو دیموکراسییەی کە خۆی دەپارێزێت. ئەمە مۆدێلێکە لە سنووردارکردن و سنووردارکردنی خۆپارێز کە هەندێك لە وڵاتانی دیموکراسی هەڵیانبژاردووە، بەڵام هەموویان نا. بۆ نموونە ئیتاڵیا وا نییە، لەبەر ئەوەی دەستوورەکەی دەڵێت: بۆ کێبڕکێی کورسییەکانی پەرلەمان و بەدەستهێنانی زۆرینە، هەموو پارتە سیاسییەکان، تەنانەت خراپترینیان دەتوانن کێبڕکێ بکەن، -هەرچەندە پارتە فاشییەکان لەو کاتەوە دەستوور دانراوە کە دەستوورێکی دژەفاشییە وەلاخراون-. بۆیە بۆچوونی جیاواز لەسەر ئەم مەسەلەیە هەیە. من بۆخۆم پێموایە دیموکراسی یارییەکی مەترسیدارە و ناتوانین هەر لە پێشەوەدا دڵنیا بین کە بزووتنەوەیەك کە سەرەتا بە بۆچوونی خراپ دەستپێدەکات هەروا دەمێنێتەوە لە پرۆسەی کێبڕکێ سیاسییەکاندا. هەروەها دیموکراسی پرۆسەی فێربوونە لە ناکۆکییەکان و لێرەوە فێردەبین چۆن لە ڕێی کێبڕکێوە یەکتر زیاتر قبووڵ بکەین و لێبوردەیی جێبەجێ بکەین، بەڵام باشترە یاسایەك هەبێت لە دەستووردا کە ڕێ لە پارتە ڕادیکاڵەکان بگرێت و نەتوانن لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداربن.

*** بوارێکی دیکە و گرنگی دیموکراسی، ئازادی دەربڕین و میدیای ئازادە، واتە لە کۆمەڵگە دیموکراسییەکاندا پێویستە میدیای ئازاد هەبێت و دەشتوانین ببینین کێ گرفت بۆ دیموکراسی دروست دەکات، وەك ئیسلامی و پۆپۆلیستەکان کە هەمان ڕێگە بەکاردێنن بۆ پڕوپاگەندە سیاسییەکانیان، بۆیە لەجیاتی ئەوەی فاکتەری پاڵپشتی دیموکراسی بن، ئەوا میدیا دەگۆڕن بۆ لاوازکردنی دیموکراسی، کەواتە لێکەوتەکانی ئەم گۆڕانە چی دەبێت؟**

- پرسیارەکە لە بارەی ئازادی ڕادەربڕینەوە لە کاتێکدایە، وەك کاتی ئێستا، کە هەر تەنیا ڕۆژنامە و کتێب و تەلەفۆن و تەلەفزیۆن نییە، بەڵکو ئینتەرنێت و ئایفۆن و چەندین ڕێگەی دیکەی پێوەندی دەنگی و ڕەنگی هەن کە زەحمەتە کۆنترۆڵ بکرێن. بەڵام یەکێك لە باشییەکانی دیموکراسی ئەوەیە کە لە بیرۆکە جیاوازەکان ناترسین و تەنیا لە ڕێی بیرۆکەوە شەڕکەری باشی بیرۆکەکان دەبین، کەواتە بۆچی لە بیرۆکەکان بترسین، پێش ئەوەی لەبارەیانەوە بزانین؟ سەرەڕای ئەوەش، ئەگەر بمانەوێت لەبارەیانەوە بزانین، کارێکی باش دەبێت کە بە ئاشکرا بەیان بکرێن. پارادۆکسی ئازادی ئەوەیە کە بەتەواوی گرنگە بۆ ئەوەی ڕەخنە لەوانە بگرین کە مەترسیدارن لەبەر ئەوەی ئازادی شتێکی بنەڕەتییە. بۆیە دەبێت فێربین لەگەڵ فرەییدا بژین و ئەمەش بۆچوونی منە. بارودۆخی قەیراناوی هەیە وەك لە فەرەنسا و ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و بەلجیکا و تەنانەت لە وڵاتە یەکگرتووەکان کە تیایدا بۆ ئەوەی لە دژی تیرۆریستان بجەنگن، یان ڕێگە بگرن لە ڕێکخراوبوونی تیرۆریستان، بانگەشەی ئەوە دەکەن پێویستە میدیا کۆنترۆڵ بکەن. پێموایە لە هەندێك حاڵەتدا چاودێریکردنی میدیا تەنیا لەبەر ئەم هۆکارە نییە و چەند هۆکارێکی دی لەخۆ دەگرێت. پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەوانەی دەتوانرێن چاودێری بکرێن لە ژێر کۆنترۆڵی ئێمەدا نین و ناتوانین بڵێین ئاخۆ تەنیا چاودێری تەنها ئەوانە دەکرێن کە پێویستن لەبەر هۆکاری ئەمنی، بەڵام دەبێت دانی پێدا بنێم کە ئەمە کێشەیەکی قورس و ئاڵۆزە، بەڵام دەبێت هەوڵبدەین پشت بەحوکمی یاسا ببەستین، یان دادگا و قەزایەکی سەربەخۆ کە بتوانن دیراسەی ئەوانە بکەن کە شوێن پێوەندییە ئینتەرنێتییەکان دەکەون بۆ ئەوەی فراوانی چاودێرییەکەیان سنووردار بکەن. بەڵام ئەمە قورسە و لە ڕاستیدا لە ڕووی بیردۆزی و پراکتیکیەوە ئاڵۆزە. بەگشتی بۆچوونەکان دەبێت کراوە و ئاشکرا بن، هەروەها لە بارودۆخە ناخۆشەکاندا لەوانەیە مەترسی کۆنترۆڵ پاساوی هەبێت.

*** ئەگەر پاشەگەردانی لە وڵاتانی دیموکراسیدا هەبێت، کەواتە چ دەرفەتێك هەیە بۆ چەسپاندنی دیموکراسی لەو وڵاتانەدا کە بە تەواوی لەپاشەگەردانیدان؟**

- ئەو وڵاتانەی کە لەپاشەگەردانی تەواودان، وڵاتانی زۆر لاوازی دیموکراسین، بەڵام دیموکراسی کتوپڕ و لە ڕۆژێکدا دروست نابێت. پێویستە لەلایەن ئەو خەڵکەوە بە هەند وەربگیرێت کە دەیانەوێت، دیموکراسی ناتوانرێت هاوردە بکرێت و دەبێت لە ناوەوە دروست بکرێت، واتە یاساکانی گەمەکە ئاسانە بۆ تێگەیشتن، بەڵام قورسە جێبەجێبکرێن و قبووڵکردنیان بردنەوەیەکی گەورەیە. دیموکراسی ئەمەیە. پرۆسەیەکە قورس و درێژە بۆ ئەوەی خۆت بەڕێوە بەریت. هەروەها ئەو ڕێگەیەی کە دیموکراتی پێی بونیاد دەنرێت، دەبێت بیپارێزیت، ڕێگەی زۆریش هەیە بۆ پاراستنی و باشترین ڕێگەش خودی ئامرازە دیموکراسییەکانە.

*** لە ١١ی سێپتەمبەردا تیرۆریزم شوێنێکی نەبوو بۆ ئەوە جیهان تێکی بشکێنێت، بەڵام لە دوای سەرهەڵدانی داعشەوە، ئێستا گۆڕانێك لە مێژووی تیرۆردا ڕوویداوە، بۆیە مەسەلەکە بەهێزی تیرۆریستان نییە، بەڵکو ئەو بۆشاییە کە دەوڵەتان لە ناوچەکەدا بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەکانیاندا دروست بووە، بۆیە ئەگەر دەوڵەتان نەتوانن یاسا بە سەر ناوچەکانی ژێر قەڵەمڕەوی خۆیاندا جێبەجێبکەن، ئایا دەتوانین بڵێین ئەو دەوڵەتە شکستخواردووانە هەڕەشەن بۆ وڵاتانی**

**باشترە یاسایەک هەبێت لە دەستووردا کە ڕێ لە پارتە ڕادیکاڵەکان بگرێت و نەتوانن لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداربن**

**دیموکراسی پرۆسەی فێربوونە لە ناکۆکییەکان و لێرەوە فێردەبین چۆن لە ڕێی کێبڕکێوە یەکتر زیاتر قبووڵ بکەین و لێبوردەیی جێبەجێ بکەین**

**ئینتەرنێت و ئایفۆن و چەندین ڕێگەی دیکەی پێوەندی دەنگی و ڕەنگی هەن کە زەحمەتە کۆنترۆڵ بکرێن. بەڵام یەکێک لە باشییەکانی دیموکراسی ئەوەیە کە لە بیرۆکە جیاوازەکان ناترسین و تەنیا لە ڕێی بیرۆکەوە شەڕکەری باشی بیرۆکەکان دەبین**

**هەندێک لە بیردۆزانی وەک کارل شمیت، پێیانوابووە بۆ ئەوەی خۆ لەم بارە ناخۆشە لابدرێت، وا باشترە پێشبینی بکرێت و لە دەستووردا هەندێک سنووربەندی بۆ توندڕەوان هەبێت. ئەمەش لە ماددەی ٢١ی دەستووری ئێستای ئەڵمانیادا هەیە کە بەشداری پارتە توندڕەووەکانی لە کێبڕکێی هەڵبژاردندا لە چەپەوە بۆ راست بێبەری کردووە**

**ئەم لێشاوی پەنابەرانە لە کاتێکدا هاتووەتە ئاراوە کە وڵاتانی ئەورووپا لەڕووی ئابوورییەوە لە دۆخێکی باشدا نین. ئەورووپا لە ژێر باری گۆڕانکارییەکدایە بە ئاڕاستەی یەکسانی و کەمتر دەوڵەمەندی**

**دیموکراسی بە «سازانی لۆژیکانە» دەژی و ئەمە دەستوورەکەیەتی، لەنێوان ئەو هێزە سیاسییانەی بەڵێنیان داوە بە قسە و سندوقەکانی دەنگدان شەڕ بکەن**

**دەوڵەتان بە کۆمەڵگە مەدەنییەکانیان کە لە سەر بنەمای مافەکان دەمەزراون، زوو، یان درەنگ تێدەگەن کە باشترە لە جیاتی جەنگ پێوەندی بازرگانی درووست بکەن**

**دیموکراسی؟**

- هاوڕام لەگەڵتدا، ئەمەش واتە ئەگەر سەیری مێژووی نوێ بکەین، دەبێت بزانین کارەسات بوو کە دەوڵەت وەك دامەزراوە لەبەر یەك هەڵوەشێندرا، لەمەدا مەبەستم عێراقە. گەر سەدام حوسەین لەگەڵ دەوڵەتدا پێناسە بکەین، یان دیکتاتۆری بە دەوڵەتەوە ببەستینەوە، هەڵەیەکی گەورەیە. دەوڵەت دەستکەوتێکی گرنگە و لە عێراقدا راستیەك بوو. پاشان تێکشکێندرا و ئەنجامەکەشی لاوازییە لە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە و بەم شێوەیەش رێگە لە درووستبوونی گرووپە تیرۆریستییەکان ناگیرێت. هەمان شت بەم دواییانە لە لیبیا روویدا، بۆیە بەبێ دەوڵەت ناوچەکە دەبێتە جۆرێك لە بیابانی کراوە کە تیایدا هەرکەسێك دەتوانیت بپەڕێتەوە و چالاکی بکات. هەروەك وتمان، دەوڵەت شتێکی پێویستە بۆ دیموکراسی. پێویستە دەوڵەت هەبێت بۆ ئەوەی دیموکراسیت هەبێت. دەوڵەت گرنگە و سەرەکییە و بنەمایەکی بنەڕەتیە و دەبێت هەبێت. بە دڵنیایەوە کاتێك دەوڵەت لاواز بێت و نەتوانێت کۆنترۆڵی ناوچەیەك بکات، ئەوا مەترسی درووست دەبێت، کە ئەو ناوچەیە ببێتە پەناگەی هێزە ناسەقامگیرەکان. هەمومان ئەوە دەزانین، هیچ شتێکی نوێ لەم بارەیەوە نییە. لە تۆماس هۆبزی مەزنەوە لە سەدەی حەڤدەهەمەوە دەزانین بە تەواوی چی مەترسیدارە، بەڵام ئەوەی نوێیە ئەوەیە ئەمڕۆ هێزە ناسەقامگیرەکان پشت بە ئامرازەکانی پێوەندی دەبەستن کە زۆر بەتواناترن بەراورد بە رابردوو. من شارەزایەکی نێودەوڵەتی ئیستیخبارات، یان مەسەلە سەربازییەکان نیم، بەڵام وەك هاونیشتمانییەکی ئاسایی پێموایە ناتوانین بە ئاسانی تیرۆریستان تێکبشکێنین بە شەڕ، ئەمە باشترین ستراتیژ نییە، باشترین ستراتیژی ئەوە دەبێت کەوا لەو خەڵکانە بکەیت کە ئازاریان چەشتووە بەدەست تیرۆریستانەوە شەڕیان لەگەڵ بکەن، مەبەستم ئەوەیە دەبێت وەك مەسەلەیەکی ناوخۆیی ببیندرێت، هیچ کەسانێك ناتوانن باشتر و زیاتر بکەن، بێجگە لەوانەی کە ئازاریان چەشتووە بەدەستیانەوە.

*** هەندێك دەڵێن مەترسی لەسەر لیبڕاڵیزم هەیە بەو ئاستەی لیبڕاڵیزم ببێتە ئایدیۆلۆژیا بە شێوەیەك کە نەتواندرێت بەسەریدا بچینەوە. تاچەند لەگەڵ ئەمەدایت و ئەگەر ئەمە راست بێت، پێتوانییە کە دەبێتە هۆی نوێبوونەوەی جەنگەکان و بیرۆکەی بەریەککەوتنی شارستانیەتەکان؟**

- لیبڕالیزم ئەزموونێکی ئاڵۆزە و لەچەند بیرۆکە و هێڵێك پێکهاتووە. لەوانەیە لیبرالیزمی نوێی رادیکاڵ هەبن، کە بۆچوونی خۆیان بە سەر لیبڕاڵیزمدا بسەپێنن، کە بەرتەسکن وەك دۆگمای ئازادی و ئازادی چالاکی و ئابووری کە سنوور بۆ دەستێوەردانی دەوڵەت دیاری دەکەن، بەڵام لەوانەیە لیبڕاڵی واش هەبن کە باوەڕیان وایە مافە یەکسانەکان یەکەمین چاکەن و بەبێ ئەوە مرۆڤ ناتوانێت ئازادانە پەرەبسێنێت و رێزی لێبگیرێت. بۆیە لیبڕاڵیزم دوڵەمەندە و ئایینزایەکی سادە نییە. ئەوانەی کە دەیکەن بە ئایینزایەکی دۆگمایی سادەی وەك ئایین، خزمەتێکی خراپی لیبڕاڵیزم دەکەن. باوەڕم بە پێکدادانی شارستانیەتەکانیش نییە، لەبەر ئەوەی ئەم بیردۆزە وامان لێدەکات کێشەکە بەرینە دەرەوەی خۆمان. پێش هەر شتێك نازانم شارستانیەتی رۆژئاوا مانای چییە؟ رۆژئاوا جیهانێکی فرەیە و چەندین جۆر رۆژئاوا هەیە. ئەگەر بچیت بۆ باشووری ئیتاڵیا و پاشان بچیت بۆ فینلەندا، دەبینی کە چەندین جۆری جیاوازی ئەورووپا و رۆژئاوا هەیە، بۆیە چۆن تەنیا یەك رۆژئاوا دەبینی؟ بیرۆکەیەکی خراپە ئەم پرسیارە بگۆڕیت بۆ جەمسەربەندییەکی ئاسان لە نێوان دوو دوژمندا، لەبەر ئەوەی لە رووی ناوەکەیەوە هیچ یەکێك لەم دووانە سادە نین، هەروەك چۆن موسڵمانان، یەك جۆر نین، ئاواش رۆژئاوا یەك جۆر نییە، بۆیە پێموا نییە ئەوە مۆدێلێکی باش بێت.

*** لە کۆتاییدا ئەگەر شتێکت مابێت بیلیت و ئێمە پرسیارمان لەسەر نەکردبێت؟**

- دەمەوێت بڵێم هەموو وڵاتان لە خاڵێکەوە دەستیان پێکردووە بۆ ئەوەی ببن بە دیموکراسی. من ئیتالیم و دەزانم فاشیزم و دوو جەنگ هەبوون، پێش ئەوەی بەرەو گۆڕانی دیموکراسی بچین، کە ئەنجامی چیرۆکێکی درێژە، یان دەستپێکێکی درێژی هەیە کە ساتی ئازاربەخشی زۆری تێدایە، بەڵام دەڵێم ئەوە ساتێکی بەرزی بیناکردنە کە خەڵکێکی زۆری دەوێت، پرۆسەیەکە کە لێوەی خەڵك حوکمڕانی خۆی دەکات. بۆیە دەرفەتێکی زۆر ناوازەیە بۆ درووستکردنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و خەڵکێکی خۆبەڕێوەبەر، ئێمە مرۆڤی سادەین کە کەموکوڕی و سنوورمان زۆرە و پێویستمان بە هاوکاری هەیە بۆ ئەوەی زۆر کێشە چارەسەر بکەین، بۆیە پێویستمان بە دیموکراسییە لەبەر ئەوەی دەمانەوێت لەگەڵ کەسانی دیکەدا هاوکاری بکەین و ناتوانین خۆمان بە تەنیا بیکەین، ئەگەرنا هەر یەکمان خۆمان تەواو دەکەین و پێویستمان بە هاوکاری نابێت، بەڵام دەکرێت لە گۆشەگیریدا بژین، بەڵام ئەمەش بارودۆخی ئێمە نییە. بۆیە دەبێت بارودۆخی لاوازی خۆمان بگۆڕین بۆ پێویستی بە کەسانی دیکە، بە سەرچاوە و بە سەرچاوەی سامان و شتومەك، ئەمە دیموکراسییە: گۆڕینی تاکە لاوازەکان بۆ تاکەکانی هاوکار لەپێناو ژیانێکی باشتردا.



**ئالام پاییند** بەڕێوەبەری سەنتەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئۆهایۆ بۆ گوڵان:

# سیاسەتەکانی نوری مالیکی و بەشار ئەسەد ژینگەی عێراق و سووریایان والێکرد بە ئاسانی تیرۆریستان گەشەی تێدا بکەن

**پرۆفیسۆر ئالام پاییند بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی ئۆهایۆ و ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە بەشی دیراساتی نێودەوڵەتی و ڕۆژهەڵاتی نزیك لە هەمان زانکۆ. پرۆفیسۆر پایيند بە ڕەچەڵەك ئەفغانستانییە و ڕاوێژکاری حکومەتەکانی ئەفغانستان بووە لە دوای ڕووخانی ڕژێمی تاڵیبان لەو وڵاتە. بۆ قسەکردن لەسەر کێشە و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆڵی دەوڵەتانی کەنداو لە شەڕی دژی داعش و هەوڵەکان بۆ تێکشکانی داعش، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵان-ی دایەوە.**

*** کاتێك باس لە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەین، ناتوانین ڕۆڵی سعودیە لەبەرچاو نەگرین، بەتایبەتی کە تیرۆر بووەتە هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە و کاریگەری خراپی کردووەتە سەر سەرجەم ناوچەکە. تا چەند ڕۆڵی سعودیە گرنگە لە دژی داعش؟**

- سعودیە ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕێت و کێشەی خۆی هەیە لەگەڵ یەمەندا کە ئێران پشتگیری شیعەکانی دەکات، ئەمەش یەکێکە لە کێشەکان کە سعودیە هەیەتی. هەروەها سعودیە کێشەی لەگەڵ لەسەدا پانزدەی دانیشتووانی شیعەی خۆی هەیە و زۆر دەترسێت کە لە شوێنانی دیکە تێوەبگلێت و لەوانەیە ناسەقامگیری لە سعودیە دروست بکات، بۆیە سعودیە ئەوە ناکات کە دەبێت بیکات. هەروەها خەڵك وا بیردەکەنەوە کە سعودیە پاڵنەری هەیە و یەکێکە لە سەرەکیترین وڵاتانی زۆرینەی موسڵمان و مەککە و مەدینەی هەیە و پاشای سعودیە پارێزەری ئەو دوو شوێنە پیرۆزەیە کە دوو شوێنی پیرۆز و گرنگن بۆ موسڵمانان، بۆیە لەبەر ئەم هۆکارە سعودیە زۆر کاری نەکردووە، بەڵام هەر سعودیەش نییە، وڵاتانی تری عەرەبیش وەك میسر و ئیمارات و قەتەر و کوەیت و ئەردەن -یش کاری زۆریان نەکردووە و چاوەڕێ دەکەن وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و فەڕەنسا شەڕی داعش بکەن. چاوەڕوان دەکرا کاری باش بکەن و پارەکانیان سەرف بکەن، سعودیە و ئیمارات و قەتەر و کوەیت و بەحرەین پارەی باشیان هەیە، سووریا و عێراق و ئێران و تورکیا و میسر هێزی سەربازییان هەیە، بەڵام ئەو وڵاتانەی کەنداو سوپای گەورەیان نییە و تەنیا ئەوەندەیان هەیە بەرگری لە خۆیانی پێبکەن، نەك بتوانن هێرش بکەنە سەر وڵاتان و گرووپ و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان.

*** لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە هەندێك لە شارەزایان ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەو ژینگەیەی لە سعودیە هەیە تەواو گونجاوە بۆ پەرەسەندنی بیرۆکەکانی وەك داعش، بەڵام حکومەتی سعودیە دژی هەموو باڵەکانی ئیسلامە توندڕەوەکانە، لە ناویشیاندا ئیخوانەکان، بۆیە تا چەند ئەم پێگە و ڕەفتارەی حکومەتی سعودیە ڕۆڵێکی گرنگی داوە بەو وڵاتە لەشەڕ دژی ئیسلامییە توندڕەوەکان؟**

- سعودیە حەزی لە هیچ یەکێك لەو گرووپانە نەبووە، وەك دەزانین قاعیدە و ئوسامە بن لادن ڕێگەیان پێنەدرا لە سعودیە کار بکەن، هەرچەندە بن لادن هاونیشتمانی سعودی بوو، بەڵام مافی هاونیشتمانی لێسەندرابووەوە، هەر لەبەر ئەوەش لە سودان بوو، پاشان چوو بۆ ئەفغانستان، سعودیە بێبەری کردبوو، هەر ئەمەش نا، بەڵکو ئەوانەی پەلامارەکانی ١١ی سێپتەمبەریان لە ئەمەریکا ئەنجامدا، پانزەیان لە سعودیەوە هاتبوون و دووانیان لە میسرەوە، یەکەم

کاری تیرۆریستی قاعیدە و ئوسامە بن لادن لە سعودیە سەریهەڵدا لە تاوەری خوبار کە ژمارەیەك سعودی کوژران، بۆیە سعودیە دژی هەموو گرووپە توندڕەوەکان بووە، ئیتر قاعیدە بێت، یان ئیخوان، یان گرووپی تەکفیر و هیجرە جیاوازەکان وەك تاڵیبانەکان لە ئەفغانستان، واتە سعودیە حەزی لە گرووپە توندڕەوەکان نییە و ئەم وڵاتە پێویستی بە گۆڕانکاری بچووکی شۆڕشگێرانە هەیە و سەقامگیری و ئاشتی لە ناوچەکەدا دەوێت و گرووپە توندڕەوەکان کێشە دروستدەکەن بۆ سەقامگیری و ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا، سعودیە نایەوێت هیچ ناسەقامگیرییەك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبێت، یان لە هەر شوێنێکی جیهاندا، بۆیە نەوتی خۆی دەفرۆشێت و کاروباری خۆی هەیە و بۆ خۆی دەژی بە باشی ئەگەر جیهان لە ئاشتی سەقامگیریدا بێت.

*** لەو کاتەوەی وڵاتانی کەنداو چوون بۆ کامپ دەیڤد، دەبینین وڵاتە یەکگرتووەکان دەیەوێت سعودیە و وڵاتانی کەنداو رۆڵێکی دیارتریان هەبێت لە شەڕی دژ تیرۆریستان و بەم دواییانە گفتوگۆ هەبووە لە نێو وڵاتانی کەنداودا کە سعودیە و ئیمارات هێزی سەربازی بنێرن بۆ شەڕ دژی داعش، بۆیە ئەگەر ئەمە بکەن، تا چەند ئەم هەنگاوە وادەکات وڵاتانی کەنداو لە هاوپەیمانی نەریتییەوە ببن بە هاوپەیمانی هەمیشەیی رۆژئاوا؟**

- هەموو وڵاتانی کەنداو ئەندامی جامیعەی عەرەبین، بەڵام ئەم جامیعەیە ناکارایە و میکانیزمی بەسوودی نییە. بۆیە وڵاتەیەکگرتووەکان و بەریتانیا و فەڕەنسا چاوەڕوان ناکەن وڵاتانی کەنداو هێزی زەمینی بۆ شەڕی دژی داعش بنێرن، بەڵکو ئەو وڵاتە عەرەبییانە چاوەڕوان دەکەن ئەمەریکا و بەریتانیا ئەمە بکەن و تەنیا بەکەمی هێرشی ئاسمانییان کردووە، بۆیە ئەمە شتێکە کە رای گشتی ئەمریکی زۆر دژیەتی و پێیانوایە ئەمە کێشە و مەسەلەیەکی عەرەبییە و بۆچی وڵاتانی عەرەبی و جامیعەی عەرەبی هیچ ناکەن لە دژی ئەو گرووپە تیرۆریستییانە و داعش، ئەوان هیچیان نەکردووە و هەموو کەس ئەمە دەزانێت و سعودیەکان دەزانن کە حکومەتەکەیان زۆر کاری لەبارەیەوە نەکردووە، داوا لە ئەمەریکا و ئەوانی دیکە دەکەن کە کارەکە بکەن، ئەمەش روونادات، لەوانەیە بیکەن، بەڵام لە هەمانکاتدا پێویستیان بە جۆرێك لە تێوەگلانی وڵاتانی کەنداو دەبێت.

*** داعش بووەتە هەڕەشەیەکی جیهانی بۆ مرۆڤایەتی و کارە تیرۆریستییەکانیان لە هەموو شوێنێك ئەنجام دەدەن، وەك پەلامارەکانی ئەم دواییانەی پاریس کە وای لە فەڕەنسا کرد زیاتر لە بارودۆخەکەوە بگلێت. لەلایەکی دیکەوە دەبینین هەرێمی کوردستان هەزارو پێنج سەد کیلۆمەتر سنووری هاوبەشی لەگەڵ داعشدا هەیە و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لەو سنوورەدا شەڕ لەگەڵ داعش دەکەن و رایانگرتوون، ئەمەش وایکردووە هەرێمی کوردستان ببێت بە بەشێك لەو هاوپەیمانییەی دژی داعش هەیە، بەم دواییانەش سەرۆك مەسعود بارزانی سەردانی سعودیە و ئیماراتی کرد، کەواتە تا چەند ئەم سەردانەی بارزانی وەك بەرەیەکی نوێ دژی داعش دەبیندرێت؟**

- هەموو کەس دەزانێت هێزە کوردییەکان شەڕ لەگەڵ داعش دەکەن و هەروەها هەندێك تورکمانیش هەن شەڕ لەگەڵ داعش دەکەن و هەروەها سوپای سووریای ئازاد و ئەوانی دی لە سووریا شەڕ دەکەن، بەڵام ژمارەیان زۆر کەمە و ناتوانن بە تەنیا شەڕەکە بکەن و پێویستیان بە پارە و چەك هەیە. هەروەها پێویستە هێزی دیکە هەبێت، واتە پێشمەرگە و ئەوانەی ناومان بردن ناتوانن بە تەنیا کارەکە بکەن، هەروەك وتت ئەمە هەڕەشەیەکی جیهانییە، ئەگەر هەڕەشەیەکی جیهانییە، ئەوا دەبێت ستراتیژیەکی جیهانی هەبێت لە دژی. بۆیە ئەگەر هەڕەشەن بۆ سعودیە و ئیمارات و قەتەر و کوەیت و میسر و سووریا و عێراق، ئەوا دەبێت هەموویان شەڕی لەگەڵ بکەن. پێموایە لە عێراق گەورەترین هەڵە لەلایەن حکومەتی نوری مالیکیەوە کرا کە بە جۆرێك سیاسەتی کرد، سوننەکانی شەڕانگێز کرد، هەمان شت لە سووریاشدا روویدا، بۆیە سوننەکانی عێراق و سووریا یەکیان گرت و داعشیان دروستکرد. داعش ژمارەیەکی زۆر ئەندامانی حزبی بەعس و سوپای پێشووی عێراق و سووریای تێدایە و هێزیان لەوانەوە وەرگرتووە، بەتایبەتی بەشار ئەسەد و نوری مالیکی و ئێستاش حەیدەر عەبادی کاری زۆریان نەکردووە لەسەر ئاستی حکوومی. بەشار ئەسەد چاوەڕێی ئێران و رووسیایە بیپارێزن، حەیدەر عەبادی دەیەوێت ئێران و ئەمەریکا حکومەتی عێراقی بپارێزن و خۆیان کاری جددییان نەکردووە. ئێستا دەبێت بەشار ئەسەد و نوری مالیکی و حەیدەر عەبادی لۆمە بکرێن بۆ ئەو کێشانە و ئەو سیستەمانەی هەیانە کە خاکێکی بەپیتی دروست کردووە بۆ ئەو رێکخراوە جیهانییە تیرۆریستییە.

**بەشار ئەسەد چاوەڕێی ئێران و رووسیایە بیپارێزن، حەیدەر عەبادی دەیەوێت ئێران و ئەمەریکا حکومەتی عێراقی بپارێزن و خۆیان کاری جددییان نەکردووە. ئێستا دەبێت بەشار ئەسەد و نوری مالیکی و حەیدەر عەبادی لۆمە بکرێن**

**هەموو وڵاتانی کەنداو ئەندامی جامیعەی عەرەبین، بەڵام ئەم جامیعەیە ناکارایە و میکانیزمی بەسوودی نییە. بۆیە وڵاتەیەکگرتووەکان و بەریتانیا و فەڕەنسا چاوەڕوان ناکەن وڵاتانی کەنداو هێزی زەمینی بۆ شەڕی دژی داعش بنێرن**

**یەکەم کاری تیرۆریستی قاعیدە و ئوسامە بن لادن لە سعودیە سەریهەڵدا لە تاوەری خوبار کە ژمارەیەک سعودی کوژران، بۆیە سعودیە دژی هەموو گرووپە توندڕەوەکان بووە، ئیتر قاعیدە بێت، یان ئیخوان، یان گرووپی تەکفیر و هیجرە جیاوازەکان وەک تاڵیبانەکان لە ئەفغانستان**

# چەند پێشنیارێک دەربارەی چاکسازیی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا



د. سەباح یوسف تۆما مالح

هەرێمی کوردستان بە قۆناغێکی سەختدا تێدەپەڕێ لە ئەنجامی قەیرانی دارایی کە ڕەنگە ماوەیەکی زۆر بخایەنێت، ئەو هەلومەرجەی کە عێراق بەشێوەیەکی گشتی پێیدا تێپەڕی و هەرێمی کوردستانیش بە شێوەیەکی تایبەتی لە بواری سیاسی و ئابووری، نەخاسمە ئەو سیستەمە سۆسیالیستییەی کە ڕژێمی پێشوو گرتبوویەبەر بەم پێیە حکومەت هەموو چالاکییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی گرتبووە دەست، کە پێویستە هەموو دەرچووان لە دامەزراوە حکوومییەکان دابمەزرێن، وێڕای هەندێ ڕێوشوێن کە لەلایەن چەند ئیدارەیەك پەیڕەوکرا بۆ دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەر لە فەرمانگە حکوومییەکان کە زۆر لە پێویستیی حکومەت کەمتربوو، ئەو هەلومەرجە بووە هۆی هەڵاوسان لە دامەزراوە حکوومییەکان لەبەر ئەو هەموو کارمەندە نەشیاوانە، هەروەها سەرهەڵدانی بێکاریی داپۆشراو و زیادبوونی تێچوونی حکومەت لە ڕووی مووچە و دەرماڵە و خەرجییەکانی بەکاربردن.

بۆ ڕووکردنە سیستەمی بازاڕ لە سیستەمی سۆسیالیستییەوە وا پێویست دەکات چاو بەو چالاکییانەدا بخشێنرێتەوە کە حکومەت ئەنجامیان دەدات و پێویستە بۆ کەرتی تایبەت بگۆڕدرێن، بەم ڕێگەیەش دەکرێت ژینگەیەکی تازە و دەرفەتی تازەی ئیشکردن لە کەرتی تایبەت بهێنرێتە کایەوە و هانی فەرمانبەران بدرێت کە واز لە کاری حکومەت بهێنن و بارگرانیی دارایی سووك ببێت، هەروەها دیاردەی بێکاریی داپۆشراو کەم بکرێتەوەو دەرفەتی تازە بۆ دامەزراندنی دەرچووانی پەیمانگە و کۆلێژەکان بڕەخسێنرێت.

بوونی دەزگایەکی بەتوانای کارگێڕی بە پێداویستییە بنەڕەتییەکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت دادەنرێت بۆ سەرخستنی پڕۆسەی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەردەوامبوونی ئەو پڕۆسانە، ئەو فرە دامەزراوە کارگێڕییانە لە لایەن و دەستگاو سیستەم و ڕێکارەکان دامەزراوەیەکی تەواو پێکدەهێنن کە پێویستە گونجانێك هەبێت لەنێوان ئەرکی ئەندامەکانیان و کارلێکیان لەگەڵ کۆمەڵگە بەو پەڕی تواناو لێهاتووییەوە. جا لەبەر ئەوەی پێویستییەکانی پەرەپێدان هەمیشە لە گۆڕانکاریی بەردەوامدان، بۆیە وەدیهێنانی ئەم مەبەستە وا دەخوازێ دامەزراوەو دەستگا کارگێڕییەکان بەردەوام لە پەرەپێداندا بن، لە سۆنگەی ئەو پرەنسیپەوە پڕۆسەی پەرەسەندنی بەردەوامی دامەزراوەو دەستە گشتییەکان یەکەم هەنگاوی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتییە لە هەرێمدا.

بۆیە پێشنیاری ئەم ڕێکارانەی خوارەوە دەکەین:

**● یەکەم: پوختەکردنی حکومەت**

١. هێنانەکایەی حکومەتێکی بەهێزی یەکگرتوو و کارامە کە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی لەخۆ بگرێت و توانای حوکمڕانیی هەرێمی هەبێت بۆ بەدیهێنانی خواست و ئاواتی هاووڵاتیان لە میانەی دابینکردنی ئاسایش و هێنانەکایەی دەرفەتی کار بۆ وەدیهێنانی یەکسانی لە نێوان هەموو هاووڵاتیاندا بە چاوپۆشی لە ئینتیمای سیاسی و بیروباوەڕی ئاینییان.

٢. چاوخشاندنەوە بە هەیکەلبەندی حکومەت، بە شێوەیەك کە ژمارەی وەزارەتەکان کەم بکرێتەوەو هەندێکیان تێکەڵ هەندێکی دیکەیان بکرێت و بکرێنە وەزارەتی پسپۆڕ، بە شێوەیەك کە ژمارەکان و ئەرکەکانیان لەگەڵ قەبارەی هەرێم لە ڕووی دانیشتووان و چالاکییەکانیاندا بگونجێت، بۆیە پێشنیار دەکەین کە وەزارەتەکان بەم شێوەیە بن:

أ: وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا (هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵاو بەڕێوەبەرایەتییەکانی لاوان بگرێتەوە).

ب: وەزارەتی تەندروستی و ژینگە (وەزارەتی تەندروستی و دەستەی ژینگە بگرێتەوە).

پ: وەزارەتی داد و کاروباری کۆمەڵایەتی ( وەزارەتەکانی داد، کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەوقاف و کاروباری ئایینی، شەهیدان و ئەنفالکراوان بگرێتەوە) .

ت: وەزارەتی خزمەتگوزارییەکان (وەزارەتەکانی شارەوانی، گواستنەوەو گەیاندن، نیشتەجێبوون و ئاوەدانکردنەوە بگرێتەوە).

ج: وەزارەتی پەرەپێدان (وەزارەتەکانی پلان، پیشەسازی و بازرگانی، کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، دەستەی وەبەرهێنان بگرێتەوە).

چ: وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن.

ح: وەزارەتی وزە (وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و هەندێ بەڕێوەبەرایەتی سەر بە وەزارەتی کارەبا بگرێتەوە).

خ: وەزارەتی دارایی.

د: وەزارەتی ناوخۆ.

ر: وەزارەتی پێشمەرگە.

٣. هەڵبژاردنی وەزیرەکان لەپاڵ ئینتیمای سیاسییان، بەپێی لێهاتوویی زانستی و شارەزایی و توانای گرتنە ئەستۆی بەرپرسیارێتیی گەورە بێت، هەروەها دەبێ تەکنۆکرات بن، تاکو خەسڵەتی گشتگیری و زانستییان پێ بدرێت.

٤. وەزارەتەکانی حکومەت ئەرکەکان بگرنە ئەستۆ لەسەر بنەمای فەلسەفەی ئابووری کە حکومەت دەیگرێتەبەر بەپشتبەستن بە ئابووریی بازاڕ و ناسەنتراڵییەت و کاراکردن و پاڵپشتیکردنی ڕۆڵی کەرتی تایبەت و بۆ دڵنیابوونیش لە دیاریکردنی ڕۆڵی وەزارەتەکان پێویستە ستراتیژییەتی دوورخایەن دابنرێت و نەخشەی سیاسەتە گشتییەکان تایبەت بە دابینکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان بۆ هاووڵاتیان بکێشرێت و چاودێریی جێبەجێکردن و بەدواداچوون بکرێت.

٥. پێویستە چاو بخشێنرێتەوە، دڵنیاییش هەبێت لە دیاریکردنی ئامانج و ئەرکەکانی هەموو وەزارەتێك بە ڕوونی و ئاشکرا، بە شێوەیەك لەگەڵ یەکدی تێکچرژاو نەبێت، بەمەش میکانیزمی هەماهەنگی لە نەخشەدانانی سیاسەتەکان بەهێزدەبێت، لەم بوارەشدا پێشنیار دەکەین یاساکانی ئێستای وەزارەتەکان هەڵبوەشێنرێنەوەو یاسای تایبەت دەربکرێن بە ناونیشانی یاسای دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە تێیدا ئەرکەکانی هەموو وەزارەتەکان دەست نیشان بکرێن کە بەرپرسن لە دانانی ستراتیژییەکان و نەخشەی سیاسەتەکانی تایبەت بە چالاکییەکانیان، بەم شێوەیە ئەرکەکانی جێبەجێکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان لە دەسەڵاتی ئیدارە خۆجێیەکاندا دەبێت.

٦. کەمکردنەوەی ژمارەی ڕاوێژکاران لە وەزارەتەکاندا بە شێوەیەك بۆ هەر وەزارەتێك لە ٢ ڕاوێژکار تێنەپەڕێت و پسپۆڕ و خاوەن شارەزایی بن لە بواری ئەرکەکانی وەزارەتدا.

٧. ژمارەی بەڕێوەبەرە گشتییەکان لە وەزارەتەکان کەمبکرێتەوە، بەپێی ئەرکەکانی هەر وەزارەتێك بەشێوەیەك کە ژمارەیان لە ٧٥ بەڕێوەبەری گشتی لە حکومەت تێپەڕنەکات.

**● دووەم: نوێ کردنەوەی ئەم دامەزراوانە**

١. دەستگای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی

کردنەوەی دەستگایەکی سەربەخۆ بە ناوی دەستگای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کە بودجەکەی بە تەواوی لە بودجەی حکومەت جودا بێت، ئەرکی ئەم دەستگایە پێدانی مووچەی خانەنشینان بێت و داهاتەکەشی لە بڕینی بەشە خانەنشینی فەرمانبەرانی فەرمانگە حکوومییەکان بێت، هەروەها لە کارمەندان و بزنسمانانی کەرتی تایبەت، جا بۆ دابینکردنی ئەو بودجەیە لە ئێستادا پێویستە هەندێ ڕێوشوێن بگیرێتەبەر لەوانە بانگهێشتکردنی کۆمپانیاکانی ناوخۆ و دەرەوەی نەوت بۆ بەشداریکردن لە دابینکردنی پارەی نەختی، کە پێویستە ئەم دامەزراوەیە وەبەرهێنان لە داهاتەکەیدا بکات بۆ زیاتر بەدەستهێنانی داهات.

٢. دەستگای خزمەتگوزاریی مەدەنی.

کردنەوەی دەستگایەکی سەربەخۆ بە ناوی دەستگای

خزمەتگوزاریی مەدەنی کە هەموو کاروباری خزمەتگوزاریی مەدەنیی فەرمانبەرانی هەرێم بگرێتە ئەستۆ ئەوانەی پەیوەستن بە رێنماییەکان و بەرزکردنەوەو هەڵبژاردنی بەرپرسانی کارگێڕی و ڕاهێنانی فەرمانبەران.

٣. دەستگای ئاوو ئاوەڕۆ

کردنەوەی دەستگایەکی سەربەخۆ بە ناوی دەستگای ئاوو ئاوەڕۆ کە ئەرکی دانان و جێبەجێکردنی ستراتیژییەکان و پلانەکان و دابینکردنی ئاوی پاکی خواردنەوە بێت. هەروەها پێداویستییەکانی زێراب و ئاوەڕۆکان.

٤. دەستگای کارەبا

کردنەوەی دەستگایەکی سەربەخۆ بەناوی دەستگای کارەبا کە ئەرکی هەموو کارەکانی پەیوەست بە بەرهەمهێنان و دابەشکردنی وزەو چاککردنەوەی ئامێرەکانی کارەبایی و کۆکردنەوەی کرێی کارەبا بێت.

٥. دەستگای کوالیتی کۆنترۆڵ

کردنەوەی دەستگایەکی سەربەخۆ کە ئەرکی ڕێکخستنی هەموو ڕێکارە پێویستییەکانی دەستەبەرکردنی باشیی کاڵاو بەرهەمە هاوردە و پۆلێنکراوەکانی ناو هەرێم بێت، کە بریتین لە دەرمان و کەلوپەلی خۆراک و هەموو ماددەو پێداویستییەکانی بەکارهاتوو لە پرۆژە ستراتیژیی و حکومییەکان و ناوخۆدا. هەروەها تەکنۆکراتی شیاو و پسپۆڕ بەڕێوەبردنی ئەم دەستگایانە لەئەستۆ بگرن و بەپێی لێهاتوویی و کارامەیی هەڵدەبژێردرێن.

● **سێیەم: کەمکردنەوەی قەبارەی کارمەندانی فەرمانگە حکومییەکان**

١. خانەنشینکردنی کارمەندانی فەرمانگە حکومییەکان بە مووچەی ئێستایان لە نەخوێندەوار و بێ بڕوانامەی سەرەتایی کە تەمەنیان ٥٠ ساڵە.

٢. خانەنشینکردنی کارمەندانی فەرمانگە حکومییەکان بە مووچەی ئێستایان لە خاوەن بڕوانامەی سەرەتایی کە تەمەنیان ٥٢ ساڵە.

٣. خانەنشینکردنی کارمەندانی فەرمانگە حکومییەکان بە مووچەی ئێستایان لە خاوەن بڕوانامەی ناوەندی کە تەمەنیان ٥٥ ساڵە.

٤. خانەنشینکردنی کارمەندانی فەرمانگە حکومییەکان بە مووچەی ئێستایان لە خاوەن بڕوانامەی دواناوەندی کە تەمەنیان ٦٠ ساڵە.

٥. خانەنشینکردنی کارمەندانی فەرمانگە حکومییەکان بە مووچەی ئێستایان لە خاوەن بڕوانامەی پەیمانگاکانی تەکنیکی کە تەمەنیان ٦٣ ساڵە.

٦. دانانی ٦٥ ساڵ بۆ تەمەنی خانەنشینیی کارمەندانی فەرمانگە حکومییەکان لە خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریوس.

٧. دانانی ٦٦ ساڵ بۆ تەمەنی خانەنشینیی خاوەن بڕوانامەی ماجستێر.

٨. دانانی ٦٨ ساڵ بۆ تەمەنی خانەنشینیی خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا و بەرامبەرەکانی.

● **چوارەم: موڵکەکانی حکومەت:**

١. حکومەت ئەو شوقە و خانووانەی هەیەتی بفرۆشێتە ئەوانەی تێیاندا نیشتەجێن بەو نرخانەی کە لیژنەیەکی پسپۆڕ دەستنیشانی دەکات، چ بە کاش یان بە قیست.

٢. حکومەت هەموو ئەو ئۆتۆمبیلانەی بۆ بەرپرسان تەرخانکراون بفرۆشێت بەو نرخانەی لیژنەیەکی پسپۆڕ دەستنیشانی دەکات، چ بە کاش یان بە قیست.

٣. هەر موڵکێکی دیکەی نەگونجاو و زیاد لە پێویستی حکومەت.

● **پێنجەم: خانووە بەکرێگیراوەکان**

١. چاوخشاندنەوە بە دابەشکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکان و بەشەکانی وەزارەت و یەکخستنیان لە بینایەی سەربەخۆ کە هەموویان بە شێوەی یەکگرتوو لەخۆ بگرێت.

٢. دیاریکردنی ئاستی نرخی تایبەت بەو کرێیانەی دەدرێنە بینایە بەکرێگیراوەکانی حکومەت، بەڵام دەبێ هەلومەرجی ئێستای کرێ لەبەرچاو بگیرێت.

● **شەشەم: خزمەتگوزارییە گشتییەکان**

١. پاککردنەوەی فەرمانگە حکومییەکان بە کەرتی تایبەت بسپێردرێت.

٢. ئەرکی گواستنەوەی فەرمانبەران بۆ فەرمانگە حکومییەکان و بە پێچەوانەوە بە کەرتی تایبەت بسپێردرێت.

٣. ئەرکەکانی چاککردنەوەی پەیوەست بەو بوارانە بە کەرتی تایبەت بسپێردرێت.

٤. ئەرکی پاسەوانیکردنی بینایە حکومییەکان بسپێردرێتە وەزارەتی ناوخۆ، یان کەرتی تایبەت.

● **حەوتەم: کەمکردنەوەی ئەو داواکارییانەی پێویست نین**

أ: کەمکردنەوەی ژمارەی یاوەرانی وەزیران بۆ ٢ کەس و لە پێکهاتەی وەزارەتی ناوخۆ بن.

ب: هەڵوەشاندنەوەی ژمارەی ئەوانەی بۆ یاوەریکردنی بریکاری وەزارەتەکان تەرخانکراون.

ت: هەڵوەشاندنەوەی پلەی ئەو شوفێرانەی بۆ بەڕێوەبەرە گشتییەکان و بەرپرسانی حکوومی دانراون و هەر بەرپرسێکیش خۆی ئۆتۆمبیلەکەی لێبخوڕێت.

پ: هەڵوەشاندنەوەی پلەکانی بەردەست لە هەموو فەرمانگە حکوومی و خزمەتگوزارییەکان جگە لە نووسینگەی وەزیرەکان.

● **هەشتەم: بەتایبەتیکردنی هەندێ چالاکیی حکومەت**

پێویستە دەست بکرێت بە بەتایبەتیکردنی چەند چالاکییەکی هەندێ وەزارەت کە ناخوازرێت لە سیاسەتی کارپێکراوی ئابووری ئەنجام بدرێن وەکو تاقیگەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە، کۆکردنەوەی کرێی خزمەتگوزاری وەك پارەی کارەباو ئاوو باجەکانی حکومەت.

● **نۆیەم: دامەزراندنی کۆمپانیای هاوبەش**

دامەزراندنی کۆمپانیای هاوبەش لەنێوان حکومەت و کەرتی تایبەت و خەڵك بەگشتی بۆ ئەنجامدانی هەندێ ئەرك و چالاکی کە حکومەت لەئەستۆی گرتوون.

● **دەیەم: هۆیەکانی دەرچوون**

أ: واقیعی ئێستای وەزارەتەکان دەخوازێ کە چاو بخشێنرێتەوە بە هەیکەلبەندییەکانیان بۆ نموونە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی کە هیچ پیشەسازییەکی ناسراو لە هەرێمدا نییە جگە لەوەی کە وەزارەتی بازرگانی واتا هەناردەو هاوردەکردن، بەڵام هیچ کەلوپەلێك نییە کە هەناردەی دەرەوە بکرێت و زۆربەی کەلوپەلەکان لە دەرەوەی عێراق هاوردەدەکرێت، بۆیە ئەرکی ئەم وەزارەتە زۆر سنووردارە، هەمان نموونەش بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و گواستنەوە گەیاندنە کە هیچ هۆیەکی گواستنەوەی ئاسمانی و دەریایی و وشکانی نییە، هەروەها گەیاندنیش هەر لە لایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوەدەبردرێت.

ب: جیاوازییەکی گەورەو دووفاقییەك هەیە لە نێوان یاساکانی ئێستای وەزارەتەکان سەبارەت بەو ئەرکانەی کە ئەنجامیان دەدەن، هەروەها دەرکردنی یاسای دەسەڵاتی جێبەجێکردن رۆڵی حکومەت بەهێز دەکات و دووفاقیی لە ئەرکەکان ناهێڵێت.

پ: لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆری راوێژکاران لە وەزارەتەکان کاردەکەن، بەڵام تواناو لێهاتوویيان نییە لە رووی بڕوانامەو پسپۆڕییەوە (بۆ نموونە لە وەزارەتێکی دیاریکراودا ٨ راوێژکار هەن کەچی ئەرکەکانی ئەو وەزارەتە زۆر سنووردارن).

ت: لە ئێستادا ژمارەی بەڕێوەبەرە گشتییەکان لەو ژمارەیە زیاترە کە بەپێی قەبارەی حکومەت و دانیشتووانی هەرێم پێویستە، بۆ نموونە میرنشینی دوبەی لەلایەن شارەوانیی دوبەیەوە بەڕێوەدەبرێ کە بەرپرسە لە هەموو چالاکییەکی بیناسازی و گواستنەوەو پەروەردەو تەندروستی و خزمەتگوزارییە گشتییەکان، ئەم شارەوانییەش لەلایەن فەرمانبەرێکەوە بەڕێوەدەبرێت کە پلەی بەڕێوەبەری گشتییە.

ج: ژمارەیەکی زۆری کارمەندانی فەرمانگە حکوومییەکان لە نەخوێندەوارو خاوەن بڕوانامەی سەرەتایی و ناوەندین زۆربەی ئەو پۆستانەش خزمەتگوزارین، دەکرێ بە کەرتی تایبەت بسپێردرێن، ئەو کەسانەش کە خانەنشین دەکرێن، دەتوانرێ لای کەرتی تایبەت دابمەزرێن کە ئەمەش دەبێتە هۆی چاککردنی رەوشی گوزەران و دارایيان.

چ: تێکەڵییەك هەیە لەنێوان مووچەی فەرمانبەران و خانەنشینان و پێداویستیی هەردووکیشیان لێکدی جیاوازە و پێویستە جیابکرێنەوە تاکو بەردەوام بێت.

ح: بوونی ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەرانی نەخوێندەوار و خاوەن بڕوانامەی ناوەندی لە فەرمانگە حکوومییەکان کە پارەیەکی زۆر دەخاتە ئەستۆی حکومەتەوە، وێڕای سەرمووچەی ساڵانە و بەرزکردنەوە پارەیەکی زۆریش بۆ خەرجییەکانی بەکاربردن تەرخان دەکرێت. هەروەها بەشێوەیەکی نەرێنی کاردەکاتە سەر لێهاتوویی سیستەمەکە کە پێویستە دەستگای حکوومی لەو جۆرە کەسانە پاکبکرێتەوەو بواریان پێ بدرێت لە کەرتی تایبەت کاربکەن و بەمەش دەرفەتێکی تازە بۆ دەرچووانی کۆلێژەکان دەڕەخسێنرێت.

خ: حکومەت خانوو و شوقەی زۆری هەیە کە بەشێوەیەکی چاك وەبەرنەهێنراون، دەکرێ داهاتێکی دیکە بۆ گەنجینە بدۆزرێتەوە لە رێی فرۆشتنی ئەو خانوو و شوقانە چ بۆ نیشتەجێبووانیان یاخود بۆ کەسانی دیکە.

د: بوونی ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبێلی حکوومی کە بۆ بەرپرسان تەرخانکراون لە فەرمانگە حکوومییەکان و بە جوانکاریی فەرمانگەکان دادەنرێن و پێویستە چاو بەمەدا بخشێنرێتەوە و ئەو ئۆتۆمبێلانە بفرۆشرێن کە پارەیەکی زۆر بۆ گەنجینە دابین دەکات و بەرپرسانیش دەتوانن ئۆتۆمبێلی تایبەتیی خۆیان بەکاربێنن و هەرخۆشیان لێی بخوڕن.

ر: لە ئەنجامی هەڵاوسانی کارگێڕی و بوونی دیاردەی بێکاریی داپۆشراو ژمارەیەکی زۆری فەرمانگە حکوومییەکان بوونەتە نیمچە قاوەخانە کە فەرمانبەران بۆ بەسەربردنی کات تێیدا کۆدەبنەوە، پێویستە سنوورێك بۆ ئەم دیاردە نەرێنییانەی فەرمانگە حکوومییەکان دابنرێت.

---

ئەم بابەتە نووسەر وەك بیروبۆچوونی تایبەتی خۆی سەبارەت بە پرۆسەی چاکسازی لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان نووسیویەتی، ئێمەش لە روانگەی کاری بەردەوامی گوڵان لەسەر پرۆسەی چاکسازی لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان وەك خۆی بڵاوی دەکەینەوە.



ئازادكردنی شنگال لە لایەن هێزی پێشمەرگەو بەسەرپەرشتی راستەوخۆی سەرۆك بارزانی و هاریكاریی هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانان، جگە لەوەی داستانێكی سەربازییانەی بێ وێنە بوو، هاوكات لە ژیانی ئێزیدیەكاندا بە قۆناغێكی نوێ دادەنرێت، سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە رۆژی٢٠١٤/١٢/٢١ لەسەر چیای شنگالەوە بەڵێنی دا بە رزگاركردنی شاری شنگال، لە رۆژی٢٠١٥/١١/١٣ بەڵێنەكەی بۆ كوردانی رەسەنی ئێزیدی بەجێگەیاند و خۆشی و شادی خستە دڵی ئێزیدیەكانەوە، مەرجەعی گشتیی ئایینی ئێزیدی لە لێدوانێكی تایبەتیدا بۆ گوڵان سوپاس و ستایشی سەرۆك مسعود بارزانی دەكات كە ئەو بەڵێنەی بۆ كوردی رەسەنی ئێزیدی جێبەجێ كردو لەو رۆژەدا بە پلانێكی سەركەوتووانەی سەربازیی هێزی پێشمەرگەوە توانی بە كەمترین زیانەوە شاری شنگال ئازاد بكات. هەر بۆیە ئێزیدییەكان ئەو رۆژەیان بە رۆژێكی مێژوویی و نەتەوەیی دانا، لە راگەیەندراوێكیشدا میر تەحسین بەگ میری ئێزیدییان داوای كرد هەموو لایەك پێكەوە كاربكەن بۆ پارێزگاریكردن لەو سەركەوتنەی هێزەكانی پێشمەرگە كە بەسەرپەرشتی راستەوخۆی مسعود بارزانی بەدەستهاتووە، شنگالەكەی پاش ئازادكردنی لە دەستی تیرۆرستانی داعش شنگالەكەی تەعریب و چەوسانەوە نییە. ئەمڕۆ شنگال بە دەستی خاوەنەكەیەتی كە كوردی رەسەنی ئێزیدییە. بەئازادكردنی شنگال كە هەڵكەوتەیەكی جوگرافیای گرنگی سەربازیی هەیە، جارێكی تر تیرۆریستان لە تەواوی ئەو دەڤەرەدا ناتوانن لەبەرامبەر هێزی پێشمەرگەدا راوەستنەوە، ئەمە بێجگە لەوەی بە شێوەیەكی دیفاكتۆ شنگال گەڕایەوە سەر هەرێمی كوردستان. ئێستا لەناو ئێزدییەكان خۆشی و شادییان بۆ گەڕایەوە و ئومێدیان بەسەرۆك بارزانی زۆرە كە شارەكەشیان بۆ ئاوەدان بكاتەوەو كاری جیدیش بۆ بەجینۆسایدناساندنی خەڵكی شنگال بكرێت.

**● لەخوای گەورە داواكارین ئەم سەركەوتنە بكاتە خێر و ئاسوودەیی بۆ سەرجەم ئێزیدی و موسڵمان و كریستیان و ئایینزاكانی دیكە**

لە سەردانێكماندا بۆ قەزای شێخان وەكو تیمی گۆڤاری گوڵان چاومان كەوت بە بابەشێخ خەرتۆ



# ئازادکردنی شنگال و بەڵێنەکەی سەرۆک بارزانی بۆ کوردی ئێزیدی

### ئێزیدییەکانی پەرستگای لالش:

## سوپاس بۆ خوا کە پاڵپشتی هێزی پێشمەرگە و سەرۆکەکەمان بوو تا بەسەر داعشدا سەرکەوتین

مەرجەعی گشتیی ئایینی ئێزیدی و باسی ئەوەی کرد کە سەرۆك بارزانی بەڵێنەکانی خۆی بۆ تەواوی کورد و بەتایبەتی کوردیی ئێزیدی بردۆتە سەر و لە خوای گەورەش دەپاڕایەوە ئەم سەرکەوتنە وەك خێر بەسەر گەلی کوردستاندا بشکێتەوە و لێرەشدا دەقی وەڵامەکانی مەرجەعی گشتیی ئایینی ئێزیدی بڵاودەکەینەوە:

«ئازادکردنی شنگال بە سەرۆکایەتی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئێمە گرنگ بوو، ئەم سەرکەوتنە جگە لەوەی بەجێهێنانی بەڵێنی سەرۆك بارزانی بوو کە لە چەندین بۆنەداو لەسەر چیای شنگالیشەوە بەڵێنی پێدابووین، دوای ئەوەی کوردیی ئێزیدی بەتایبەت خەڵکی شنگال رووبەڕووی ئەو زوڵم و کۆمەڵکوژیی و دەربەدەرییە هاتن، سەرۆك بەڵێنی پێداین کە تۆڵەمان بۆ بکاتەوەو شنگال لە دەستی تیرۆریستان ئازاد بکات، جارێکی تریش گەلی کوردستان سەلماندییانەوە کە هەموویان بران و پێکەوە بەرگریی لە کەرامەت و خاك و نیشتمانەکەیان دەکەن، کوردستانیش هەر بە خاکی پێکەوەژیان و لێبووردەیی دەمێنێتەوە. لە کاتی سەرکەوتنە گەورەکەدا ئێمە وەکو شاندێکی ئێزیدی سەردانی مۆسکۆمان کردبوو، سەرۆك مسعود بارزانی بەڵێنەکەی جێبەجێ کردوو دڵی من و تەواویی ئێزیدیەکانی خۆش کردەوە،لەم سەرکەوتنەشدا سەرۆك بارزانی و فەرماندەو تەواوی هێزەکانی پێشمەرگە هیچ کەمتەرخەمییەکیان نەبوو، بە هەموو توانایانەوەو بە پێی پلانێکی سەرکەوتووانەی سەربازییەوە توانییان لەو رۆژەدا ئەو سەرکەوتنە گەورەیە بکەنە دیاری بۆ گەلی کوردستان، ئێمەش لەو رۆژەدا وەکو سوپاسێك و رێزگرتنێك لە سەرۆکی نەتەوەیی کورد مەلا مستەفا بارزانی سەردانی ماڵی ژەنەراڵ بارزانیمان لە مۆسکۆ کردوو چەپکە گوڵی وەفاداریمان لەبەردەم ئەو ماڵە دانا کە لە ئاوارەییدا تێیدا ژیابوو، ئەو ماڵە بۆ ماوەی ٥ ساڵ جێی نیشتەجێبوونی بارزانی بوو، لەکاتی ئاوارەبوون و دەربەدەریدا لەوێ ژیانی دەبردە سەر.

پاش ئازادکردنی شنگال ئومێدمان زۆرە کە دووبارە هێمنی و ئاسوودەیی و ئاوەدانیی رووبکاتەوە ئەم ناوچەیەو لەخوای گەورەش دەپاڕێینەوە ئەم سەرکەوتنە

### بابەشێخ خرتۆ مەرجەعی ئایینی گشتی ئێزیدی بۆگوڵان:

# سەرۆک مسعود بارزانی بەڵێنەکەی بەجێگەیاند و شنگالی ئازاد کرد، دڵی من و تەواوی ئێزیدییەکانی خۆش و شاد کردەوە

ببێتە خێرێك بۆ گەلی كوردستان، داواكارین لەسەرۆك بارزانی ناحیەی بەعشیقەو كۆمەڵگەكان و تەواویی گوندەكانیش لەژێر دەستی تیرۆریستان دەربهێنێت و هەوڵی ئازادكردنی دیلەكانیشمان بۆ بدات. ئێمەیش پاڵپشتی سەرۆك بارزانی دەكەین لەوەی هیچ جیاوازییەك لەنێوان پێكهاتەو ئایین و ئایینزاكاندا نەكرێت و مافی سەرجەم نەتەوەو ئایین و ئایینزاكان پارێزراو بێت و گەلی كوردستانیش بە یەكڕیزی بمێنێتەوە. هەر بەو بۆنەیەوە لەخوای گەورەی میهرەبان داواكارین ئەم سەركەوتنە بكاتە خێر و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی بۆ سەرجەم ئێزیدی و موسڵمان و كریستیان و ئایینزاكانی دیكە، شەهیدەكانی پێشمەرگە و شەرڤانانیش جێگایان بەهەشت بێت و خوا سەبووری كەسوكاریان بداتەوە.»

**● ئێزیدییەكانی پەرستگای لالش ستایشی ڕۆڵی سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگە دەكەن**

هەر سەبارەت بەسەركەوتنەكانی هێزی پێشمەرگەو رزگاركردنی شنگال وەكو تیمی گۆڤاری گوڵان سەردانی قەزای شێخان و پەرستگای لالشمان كرد، سەرەتا حەما خۆشمان سەیدۆ ئاماژەی بە گەورەیی ئەو سەركەوتنە كرد كە سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگە بەدەستی هێناوە و لەمبارەیەوە وتی: «سەركەوتنی هێزی پێشمەرگە بەفەرماندەیی سەرۆك بارزانی دڵخۆشی و شادی بۆ ئێمە هێنا، بەڕاستی سەرۆك بەڵێنەكەی بۆ جێبەجێ كردین، ئومێدەواریشم لەم سەركەوتنانە بەردەوام بن و بە یەكجارەكی داعش تیرۆریستان لەو دەڤەرە دووربخرێنەوەو بە هاریكاری هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانان و هێزی پیادەی كوردستان، شنگال لە ڕووی سەربازییەوە مەحكەم بكرێت، تا وەكو جارێكی تر رێگە بە هیچ تیرۆریست و هێزێكی تری دژ بەكورد نەدرێتەوە هێرش بكەنە سەر كوردی ئێزیدی و لە ناو مەنزڵگەو ناوماڵی خۆماندا غەدرمان لێنەكرێت». هەر سەبارەت بە ڕۆڵی سەرۆك مسعود بارزانی لە رزگاركردنی شنگالدا هاووڵاتی مەحما قاسم وتی: «سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگە هیچ كەموكورتییان لە رزگاركردنی شنگال و دەركردنی تیرۆرستانی داعش نەبوو، ئەوان توانییان بە ماوەیەكی كەم، سەركەوتووانە بەو نەبەردییەوە كۆتایی بە رزگاركردنی چیای شنگال و ناو شاری شنگال بهێنن، لە كاتێكدا شەخسی سەرۆك خۆی لەنزیك بەرەكانی شەڕەوە راستەوخۆ چاودێری و سەرپەرشتی جووڵەو هێرشەكان بكات، دەرئەنجام هەر سەركەوتنی ئاوازەی بەو شێوەیە بەدەست دێت.» هەر لەم رووەوە هاووڵاتی حاتەم باپیر وتی: «بەئازادكردنی شنگال دڵی ئێمە گەلێك خۆش بوو، سوپاس بۆ خوا كە پاڵپشتی هێزی پێشمەرگەو سەرۆكەكەمانی كردوو بەسەر داعش دا سەركەوتن و شەرەفەدین و تاووس مەلەك لەگەڵ ئەواندا بوون، ئینشائەڵڵا پێشمەرگە هەر بە قارەمانێتی دەمێنێتەوەو خوا هێزی زیاتری دەداتێ.» سەبارەت بە ڕۆڵی مسعود بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستانیش ئەو هاووڵاتییە ئێزیدییە بەمشێوەیە هاتەئاخافتن: «من و ئێزیدیەكان گەلێك سوپاسی سەرۆك بارزانی و هەموو پێشمەرگەیەك دەكەین كە ئێستا لەسەنگەری پێشمەرگایەتیدان، سەری خۆم دادەچەمێنم بۆ ئەو ئازایەتی و بوێرییانەیان، جوامێریی سەرۆك بارزانی نەبوایە وابەئاسانی نە دەتوانرا شنگال لەدەستی ئەو دڕندانەی داعش رزگار بكرێت». لەم رووەوە هاووڵاتی ئەمین مادۆ وتی: «هەر پارچەیەكی كوردستان و شارێك بێتە رزگاركردن، ئێمە گەلێك دڵخۆش دەبین پێی، هەزار رەحمەت لە مەزاری هەر شەهیدێك كە لەپێناوی گەلەكەیدا خوێنی رژاو شەهید بوو، لەدژی زاڵمان و كافران خەباتی كرد، سوپاسی سەرۆك بارزانیش دەكەین، بەڕاستی جوامێرانە تەقصیری نەكردوو وەكو پێشمەرگەیەك لەسەنگەردا بوو تا سەركەوتنە گەورەكە بەسەر تیرۆرستاندا بەدەست هات». هاووڵاتی ئازاد میرزاش پێی وابوو رزگاركردنی شنگال لەسەر دەستی سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگە جەژنێك بوو بۆ

**بەبێ هاوكاری دەرەكی و بە بێ دەستگیرۆیی هاوپەیمانەكان لەم بارودۆخی قەیرانی دارایی‌ەدا ئاوەدانكردنەوەی شنگال ئەركێكی قورسە، بەڵام ئومێدمان بە سەرۆك بارزانی زۆرە كە سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان رابسپێرێت تاوەكو شنگالمان بۆ ئاوەدان بكاتەوە**

**ئەمە یەكەمین جارە لە مێژووی هاوچەرخدا سەرۆكێك خۆی و كوڕەكانی لە سەنگەرەكانی پێشەوەی شەڕدا بن، ڕۆڵی ئەوان لەبیر ناكەین كە رایگەیاند تۆڵەی كوردی رەسەنی ئێزیدی دەكەنەوە و بەڵێنیشیان پێدابن كە ناوچەكانیشمان رزگار بكەن**



ئێزیدی و تەواوی گەلی کوردستان، ئینشائەڵڵا شنگال هەروەکو چۆن ئازاد کرا، هەر بەو شێوەیەش ئاوەدان دەکرێتەوەو دەبێتە سیمبولێکی بەرز بۆ کوردستان.

**● ئافرەتانی ئێزیدی: ئینشائەڵڵا بە سەرۆکایەتی مسعود بارزانی و هێزی پێشمەرگە تەواوی خاکی کوردستان رزگار دەکرێت و دیلەکانیشمان ئازاد دەکرێن**


ئافرەتانی شنگالیش سەرەڕای دڵگرانییان بە ڕفاندنی ئافرەت و کچە کوردە ئێزیدیەکان، بەڵام بە ورەو باوەڕێکی بەرزەوە، باسیان لە سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە بەسەر تیرۆریستانی داعش کرد، لەم رووەوە خاتوو سێوفێ کە ٣٢ کەسی خانەوادەکەی لە ژێر دەستی داعشدایە وتی: « ئازادکردنی شنگال بۆ ئێمە کارێکی گەلێك مەزن بوو، ئینشائەڵڵا بە سەرۆکایەتی مسعود بارزانی و هێزی پێشمەرگە تەواویی خاکی کوردستان رزگار دەکرێت و دیلەکانیشمان ئازاد دەکرێن.» هەروەها هاووڵاتی خاتوو مەخموور مادە وتی: «گەلێك مەمنوونی هێزی پێشمەرگەو سەرۆك بارزانین، کە لەم مەینەتیەدا پشت و پەنای ئێمە بوو. « خاتوو سەبری خەلەف کە خەڵکی ناو شاری شنگالەو لەپەرستگای لالش وەك ئاوارەیەك نیشتەجێیە وتی: «ئێمەی ئێزیدی لەبەر نەتەوەو ئایینمان زوڵمێکی گەورەمان دەرهەق کراو سەدان کەسمان کوژراو بێ سەروشوێنبوون، بە ئازادکردنەوەی ناوچەکانمان کەمێك ئەو ئازارەمان لەکۆڵ دەبێتەوە، بەتایبەتی ئازادکردنی شنگال کە بۆ ئێمە چەندین شوێنی پیرۆزی تێدایە». سعود حوسێن باسی لە رۆڵی سەرۆك بارزانی کردو وتی: «گەلێك کەیفمان هات کە شنگال ئازاد کرا، پێویستە ئەو رۆژە مێژوویيە بکرێتە یادێکی نەتەوەیی، چونکە پیلانی دوژمنانی کورد دەرهەق بە ئێزیدییەکان شکستی پێ هات».

**● ئومێدمان بە سەرۆك بارزانی زۆرە بڕیار بدات بە شێوەیەکی ئەندازیاریيانەی هاوچەرخ شنگال ئاوەدان بکرێتەوە**

پاش ئازادکردنی شنگال پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی شارەکەو تەواوی دەڤەرەکە بە لای ئێزیدییەکانەوە گرنگە. لەمبارەیەوە خەلات بەعدرێ وتی: «سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە بە سەرپەرشتی و لەژێر چاودێری راستەوخۆی مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئێمە جێگای شانازییەکی گەورەیە، ئەمە یەکەمین جارە لەمێژووی هاوچەرخدا سەرۆك خۆی و کوڕەکانی لەسەنگەرەکانی پێشەوەی شەڕدا بن، رۆڵی ئەوان لەبیر ناکەین کە چۆن رایگەیاند کە تۆڵەی کوردی رەسەنی ئێزیدی دەکاتەوەو بەڵێنی پێداوین کە ناوچەکانیشمان رزگار بکاتەوە، بەدڵ و گیانەوە سوپاسی دەکەین و ئینشائەڵڵا سەرکەوتوو دەبێت، ئومێدیشمان بەسەرۆك بارزانی زۆرە کە فرمان بە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەندازیاری ئاوەدانی بدات تاوەکو شنگالمان بۆ ئاوەدان بکاتەوە، چونکە بێ هاوکاری دەرەکی و بێ دەستگیرۆیی هاوپەیمانەکان لەم بارودۆخی قەیرانی داراییەدا ئەمە ئەرکێکی قورسە، بەڵام ئەو پێوەندییە دیبلۆماسی و هەماهەنگییە نێودەوڵەتییەی کە سەرۆك بارزانی هەیەتی دەتوانرێت ئاوەدانکردنەوەی شنگال ئەنجام بدرێت، مادام ماڵی بارزانی هەیە شنگالیش دێتە ئاوەدانکردن». هەروەها فەقێ حوسێن مجەوری پەرستگای لالش وتی: « سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە شنگال لە تەواوی خەڵکی کوردستان و بەتایبەتیش لە ئێزیدیان پیرۆز دەکەم، ئومێدەوارم کەمێك ئازارو مەینەتیەکانی سەرشانی کوردانی رەسەنی ئێزیدی سووك کردبێت، سوپاسی رۆڵی پێشمەرگەو سەرۆك بارزانی دەکەم بۆ ئەم سەرکەوتنەو لەخودای دلۆڤانیش دەپاڕێینەوە هەر سەر بڵندتر بێت و لە خزمەتی نەتەوەکەیدا بێت و هەر چۆن لە بەرەکانی شەڕدا سەرکەوتن لەدوای سەرکەوتن تۆمار دەکات، هاوشێوە لە ئاوەدانکردنەوەی شنگالیش دا پێویستە هەموو لایەنەکان بە تەواویی پێکهاتەو ئایین و ئایینزاکانەوە پاڵپشتی لێ بکەن».

**لە رۆژی ئازادکردنی شنگال ئێمەی ئێزیدییان وەکو رێزگرتنێک لە سەرۆکی نەتەوەیی کورد مەلا مستەفا بارزانی، سەردانی ماڵی ژەنەراڵ بارزانی-مان لە مۆسکۆ کرد و چەپکە گوڵی وەفاداریمان لە بەردەم ئەو ماڵە دانا کە لە ئاوارەییدا تێیدا ژیابوو**

**جارێکی دیکە گەلی کوردستان سەلماندییانەوە کە هەموویان بران و پێکەوە بەرگری لە کەرامەت و خاک و نیشتمانەکەیان دەکەن، کوردستانیش هەر بە خاکی پێکەوەژیان و لێبووردەیی دەمێنێتەوە**




تایبەت







# ڕۆڵ و خەباتی ئافرەتانی باشووری کوردستان

## لە کۆنفرانسێکی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستاندا



**مێژووی ژنی کورد ناتوانێ بە تەنیا ئازاد بێ، کە ژن بەشێک بێت لە نەتەوەیەکی دیل و وابەستە. مێژووی کوردیش ناتوانێ بە تەنیا ئازاد بێ، کە مێژووی نەتەوەیەک بێت و نیوەی کۆمەڵگەکەی دیل و چەوساوە بێت**

**مێژووی کورد و مێژووی ژنی کورد دووانەیەکی دیلن، لە رابردوویەکی دوورەوە تاوەکو دوێنێش کە رابردووە و کاتێکی لە دەستچووە ئەو مێژووە بە دیلێتی تۆمار بووە و بواری سڕینەوەی مەحاڵە**

یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە ژێر دروشمی «خەباتی ئافرەت جۆشدەرەوە و وزەی خەباتی نەتەوەییمانە»، بە ئامانجی بە دۆکیۆمێنت کردنی رۆڵ و خەباتی ئافرەتانی باشووری کوردستان لە خەباتی نەتەوەیی لە ماوەی شۆڕش و راپەڕین و وێستگەکانی خەباتی سیاسیی پاش راپەڕین، هەروەها کاریگەریی شەڕ بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئافرەت کۆنفرانسێکی زانستی سازکرد. لەو کۆنفرانسەدا کە بۆ ماوەی دوو رۆژ بەردەوام بوو، کۆمەڵێك بابەتی ئەکادیمی لەلایەن مامۆستایانی زانکۆ و نووسەرانەوە پێشکەش کران.

کۆنفرانسەکە بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە ئەندامانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، نوێنەری مەکتەبی مەسرور بارزانی، چەندین پەرلەمانتار و بەرپرسی حزبی و حکوومی، سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین و مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستان، نووسەر و رۆشنبیران و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و رێکخراوەکانی ئافرەتان بە کردنەوەی پێشانگەیەکی فۆتۆگرافی تایبەت بە ئافرەتانی پێشەنگ و کارا لە نێو خەباتی سیاسی نەتەوەی کورد و بە سروودی نەتەوەیی و خولەکێك وەستان بۆ رێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. دواتر چەندین کەسایەتیی ئەکادیمی و سیاسی وتاری خۆیان پێشکەش کرد و کۆمەڵێك شیکار و شرۆڤەی تایبەتییان سەبارەت بە گرنگیی کۆنفرانسەکە و ئامانج و کاردانەوەکانی خستەڕوو.

د. ڤیان سلێمان سکرتێری یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گۆڤاری گوڵان سەرەتا هێمای بۆ ئەوە کرد کە ئافرەتی کورد بە درێژایی مێژوو رۆڵێکی باڵای لە شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکانی کورد هەبووە، سەبارەت بە ئامانجیشیان لە سازدانی ئەو کۆنفرانسە زانستییە گوتی: «ئامانجمان لەم کۆنفرانسەدا بە دۆکیۆمێنت کردن و فۆرمەلەکردنی خەباتی ئافرەتی باشووری کوردستان و قوربانیدانییەتی بۆ نیشتمانەکەی لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە بۆ خستنەڕووی کاریگەریی شەڕ بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئافرەت بووە، سروشتی جەنگیش وایە کە پیاو زیاتر دەبێتە قوربانی، بەڵام ئافرەت زەرەرمەندی یەکەم و کۆتاییە و فاکتەرە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیش هەماهەنگی دەکەن بۆ ئەوەی باری ئافرەت سەختتر بێ. لە قۆناغی ئێستامانداو لە سایەی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بزووتنەوەی ئافرەتان، ئافرەت لە هەرێمی کوردستان بەشدارییەکی کارای لە کایە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رێکخراوەیی و میدیاییدا هەیە»، گوتیشی: «پاش هێرشی داعش، هێزی دژە ژیان هێزێك کە چەمکی کۆیلە و کەنیزەکی دووبارە هێنایەوە و لەو ناوچانەی کە دەستی رەشیان پێگەیشت، دەرگای قوتابخانە و زانکۆ و چوونە دەرەوەی بە رووی ئافرەتاندا داخست، ئافرەتان بۆ رێگری لەو هێزە جارێکی دی هاوشانی پیاو وەك پێشمەرگە لە پاراستنی نیشتماندا بەشدار بوون و چەکی کوردایەتییان کردە شان، ئێمە وەکو یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بە پێویستمان زانی لەم ئان و ساتەدا کە شەڕێکی نەخوازراو بە سەر گەلەکەماندا سەپێنراوە، ئەو شەڕەش لە هەموو لایەنەکانییەوە کاریگەریی نەرێنی



لەسـەر تاکەکانی کۆمەڵگە دروستکردووە، لەسـەر خۆ ئامادەکـردن بـۆ قۆناغـی دوای شـەڕ کاری جـدی بکەیـن. وەك دەزانـن دوو پارچـەی کوردسـتان تووشـی ئـەو شـەڕە نەگریسـە بـووە، بەشـێکی زۆری خەڵکـی ڕۆژئاوای کوردستان ئاوارەی باشووری کوردستان بوون و لـە کەمپـەکان ژیـان بەسـەر دەبەن، بـۆ بەرگەگرتنی ئەو دەربەدەری و ناخۆشییانە بڕیارمان دا بە شێوەیەکی زانسـتی کۆمەڵـێ پـڕۆژەی کردەیـی کە لـە ئەنجامی دیراسـەکردنی بارودۆخەکـە ئامادە کـراوە، ئەنجام بدەین و بە شـێوەیەکی زانسـتییانە ڕەفتار لەگەڵ کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم شەڕە نەگریسەدا بکەین.»

مەهابـاد قەرەداغـی بەرپرسـی پەیمانگـەی یەکێتیی ئافرەتانـی کوردسـتان بـۆ پرسـە کۆمەڵایەتییـەکان، سـەبارەت بـە هەمـان پـرس بە گوڵانی گوتـی: «ئێمە وەکـو کـورد بەگشـتی، قۆناغـی جۆربەجـۆری پـڕ لە کارەسـاتمان تێپەڕانـدووە، ئەگـەر لاپەڕەکانی مێژوومان هەڵبدەینـەوە، ڕەنگـە هێنـدەی پریسـکێك تـرووسـکایی تێـدا بـەدی نەکەیـن کـە چـرای خەباتـی ئێسـتامانی پـێ هەڵبکەیـن، لەبـەر ڕووناکی ئەو چرایەش ئێسـتا و داهاتوومـان بخوێنینـەوە، مێـژووی کـورد مێژوویەکـی سیاسـیی ڕووتە، مێژووی کورد مێژووی ئەو شەڕانەیە کە داگیرکارانی خاکەکەی بەسەر کوردیاندا سەپاندووە، ئێمـە وەکـو ژنـی کـورد بەتایبەتـی، لەنـاو مێـژووە دیلەکەشـدا کـە هـی نەتەوەکەمانە و لەسـەرەوە ئاماژەم پێـداوە، مێژووەکی دیلترمان هەیە، بێ کاریگەری ژنی کـورد، لەنـاو مێـژووی نەتەوەیەکـدا کە پیاوانیشـی بێ کاریگەر، یان کەمکار بوون، ڕەنگێکی ناشایستەتری لە دیلێتی بەو مێژووە دەدا.

ژنانـی کـورد ئـەو ڕیزپەڕانـەی لێبتـرازێ کـە لـە پەسـندان و ئامـاژە پێکردنێکـی ڕۆڵ و کاریگەرێیانـە، وێنـەی (حەپسـەخانی نەقیـب و عادیلـە خانـم و قەدەم خێر و خانزادی سـۆران و یەك دوو ژنی تر)، درێخییان نەکـردووە، بـۆ قۆناغی خۆیان نموونـەی ژنی کاریگەر بـوون و کاریگەرێتیشـیان ئاشـکرایە کـە بـە هـۆی دەسـەڵاتدارێتی بنەماڵەکەیـان بـووە، ئـەم چەنـد ژنەی لـێ بتـرازێ، ژنـی کـورد لە مێـژووی خۆیـدا خاوەنی ڕووناکییـەك نییـە. مێـژووی ژنـی کـورد، مێژوویەکی دیلە و گومانی تێدا نییە کە نەك پێویسـتە بەڵکو هەر دەبێ ئازاد بکرێت.

کەواتە مێژووی کورد و مێژووی ژنی کورد دوانەیەکی دیلـن، لـە ڕابردووییەکـی دوورەوە تاوەکـو دوێنێـش کـە ڕابردووە و کاتێکی لە دەستچووە، ئەو مێژووە بە دیلێتی تۆمـار بـووە و بـواری سـڕینەوەی مەحاڵـە، بـەڵام لـە ئەمڕۆوە تا دواڕۆژێکی نزیك و دوور و هەموو ئەو ڕۆژ و ساڵانەی کە لە داهاتووماندان ئەوانیش مێژوون، بەڵام مێژوویەکـی هێشـتا تۆمـار نەبوون و بواری نەخشـاندن و ڕەنگاندنـی ئـەو مێـژووە بە دەسـتمانەوەیە. بە هەموو پێوەرێکی زانستی و بە لۆژیك و هاوکێشە ئاوەزییەکان، ئازادکردنـی دانەیەکـی ئەم دووانەیە بـێ ئەویتریان وەك کارێکی ناتەواو و ناڕێك دەداتە دەستەوە، مێژووی ژنی کورد ناتوانێ بە تەنیا ئازاد بێ، کە ژن بەشێك بێت لە نەتەوەیەکی دیل و وابەسـتە. مێژووی کوردیش ناتوانێ بە تەنیا ئازاد بێ، کە مێژووی نەتەوەیەك بێت و نیوەی کۆمەڵگەکەی دیل و چەوساوە بێت.

**پاش هێرشی داعش، هێزی دژە ژیان هێزیک کە چەمکی کۆیلە و کەنیزەکی دووبارە هێنایەوە و لەو ناوچانەی کە دەستی ڕەشیان پێگەیشت، دەرگەی قوتابخانە و زانکۆ و چوونە دەرەوەی بە ڕووی ئافرەتاندا داخست**

**ئامانجمان لەم کۆنفڕانسەدا بە دۆکیۆمێنت کردن و فۆرمەلەکردنی خەباتی ئافرەتی باشووری کوردستان و قوربانیدانی بۆ نیشتمانەکەی لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە بۆ خستنەڕووی کاریگەری شەڕ بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ئافرەت بووە، سروشتی جەنگیش وایە کە پیاو زیاتر دەبێتە قوربانی، بەڵام ئافرەت زەرەرمەندی یەکەم و کۆتاییە**